# ئیرەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئیرەم

ژانا خەلیل

ناوی کتێب: ئیرەم – ڕۆمان
نووسینی: زانا خەلیل
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٠٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: شوان عەبدولقادر
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقیان
پیت لێدان: هۆشەنگ حەمەدەمین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٠٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

**له** تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بەتاریکی دانیشتبووم، کە گوێم لێ بوو ″هەتاو″ گوتی:

«مردوویێك زیندوو بۆتەوە، مردوویێك لە نێو برینەکانی ڕاچڵەکیوە، ناڵاندوویەتی، ئاهـ و هاوار و فیغان و زایەڵەی کەوتۆتە بەر گوێچکەی ڕۆحی گەردوون و، زێوانی گۆڕستانەکەی واگا هێناوە».

هەندێ جار بەسەرسوڕماوییەوە گوێمان لێ دەبێ کە مردوویێك زیندوو بۆتەوە... زریکە و چریکە چریك و چریکاندن و ناڵە و ئاهاندنی کەوتۆتە بەر گوێچکەی جیهانی خودا، کەوتۆتە بەر گوێچکەی دوو عاشق کە بە دزیەوە لە گۆڕستانەکە لەگەڵ خاك ئاوێتە بوونە ماچ دەگۆڕنەوە...

یان مردوویێك هاتۆتە خەونی وەلییەك یا شێخ و مەشایخەکان، ئەوان هەڵپە هەڵپێ دەکەن و کەسە نزیکەکان کۆم دەکەن و دەست دەکەن بەهەڵگرتنی سەری گۆڕەکە و مردووەکە دەردەهێنن... پاش چەند ڕۆژێ وەکو پێشتر بەپێیەکانی خۆی دەڕوا و دەچێتەوە سەر کارەکەی خۆی... لە

تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکەدا بەتاریکی ڕۆنیشتبووم کە هەتاو گوتی: «مردوویێك دوای چەشتنی ئازارێکی زۆر زیندوو بۆتەوە، بەچاوانی خۆی بینیویەتی کە چۆن لە نێو لانکی مردن ڕاکشاوە و جگەرەی کێشاوە و ڕۆژنامەی خوێندۆتەوە و دواتر لە گۆڕەکەدا دەرهێنراوە و وەکو پێشتر بەپێیەکانی خۆی ڕۆیشتووە و شاهێدی داوە، ئێ خۆ هەر واشە مردن دەسپێکی جۆرە ژیانێکی ترە».

هەموومان دەزانین کە مردوو زیندوو نابێتەوە و نەشمانبینیووە کە مردوویێك قسە بکا، خۆ ئێمە نەمانبینیووە کە مردوویێك حیکایەت سەرد بکا، یا چیرۆکێ بگێڕێتەوە، یاخود نۆڤلێتێك بۆ زیندووان بنووسێ.

کێ نالێ حەشرە؟؟

ڕەنگە ڕۆژی زیندوو بوونەوە بێ و من لە حزووری ئێوە و خۆشەویستە قیندار و دڵڕەقەکەی خۆم، ئەو شاهێدیانە بدەم کە تا ئێستا نەمداون... ڕەنگە تا ئێستا لە عەرشی گەورەدا وەستابین و دان بەڕاستیەکان بنێین... ئایە منیش مردووم و هاتوومەتە خەونی ئەو دوو عاشقەی کە بەدزیەوە لە گۆڕستانەکەدا بوونەتە خاك؟ شێخ و مەشایخ و وەلییەکان گوێیان لە ئاهـ و نالاندنم بووە؟ بانگی کاروانچییێکم کردووە؟ ڕێبوارێکی ماندوو گوێی لە قیژە و زەنا و گلیەکانم بووە؟ یاخود لە حەشرم و لە بەردەم عەرشی گەورەدا ئەو شاهێدیانەتان بۆ دەدەم؟ شاعیرێکی بێ کار هەیە و دەیەوێ بمنووسێتەوە؟

هەتاو گوتی: «"ڕاستیی" ئاگرە و تاریکیش گەمەیەکە بۆ شاردنەوەی... لە کۆتاییدا ڕۆشنایی لە توانای دایە جێ بەتاریکیی لەق بکا.»

من گوللە ساردەکەم دێتەوە یاد کە بەدڵی گەرممدا تێپەڕی. من هەموو ڕووداوەکانم وەکو خۆی دێتەوە یاد... دەڵێی ئێستایە و تێیدا دەژیم... دەڵێی ئەو ڕۆیە کە گوللە ڕەشەکە دێ و بەدڵی سپیمدا غلۆر دەبێتەوە و کون کونی دەکا...

دێتەوە بیرم کە من دەستم نەبوو لە هەڵگیرساندنی تۆفانی گەورەدا، من نەبووم بە دوعایێ "ئەرزی معان" سەرەوژێرکەم... من نەبووم شەڕی نێوانی براکانم داهێنا، خۆ من موخبیریم نەکردبوو تا کوڕە تاقانەکەی پێ لە خاچ هەڵواسن... من نەبووم نە... داوا بکەم کە ژیان بۆ دیاری و ئەزموون و ئازار ئافەریدە بکرێ...

جا من چیم کردبوو؟؟

بەتەنیا پەیکەرێکی گەرم بووم و قسەی خوشەویستە سەرکێش و شێواوەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد.. من چیم کردبوو تا ئاوا بەمردوویەتی چیرۆکی مردوویێکتان بۆ بکەم؟

منیش لە دەستپێکدا وەکو ئێوە لە ڕووناکیدا دەژیام... وەکو ئێوە نەمردبووم.. لە کۆلیژەکەدا قسەم دەکرد... دەمویست تامی هەتاو بکەم، پێدەکەنیم... گەردەلوولم دەدیت کە لە ڕوحی مرۆڤ دەئالاٚ... دەگریام، دەرسم دەخوێند و عەشق لە ڕوحمدا بەگەردوون پێدەکەنی...

جار نا جارێ زەمزەمەم دەکرد و بەدەنگێکی نەوی گۆرانی تێپەڕاندنی زەمەن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی چارەنووسی خۆمم بۆ خۆم دەخوێند...

هەتاو دەیگوت: «مرۆڤ بۆ ئەوە دروست نەبووە کە هەوڵی گۆڕینی چارەنوسی خۆی بدا».

من نەمدەویست چارەنووسی خۆم بگۆڕم... وەکو هاوپۆلە شەرمنەکانم شەرمم دەکرد لەو گەنجە چاو مۆنانەی کە لای حوجرەکەی ئەهریمەنەوە دەرسی فێڵ و خەڵەتاندنیان خوێندبوو.

شەرمم لە جەستەکەی خۆم دەکرد... شەرمم دەکرد لە خوێن... سوور سوور هەڵدەگەڕام و پێدزکێم دەکرد و خۆم بە حەفتا و حەفت ئاو دەشۆری.. لە کاتی خۆشۆریندا نەدەوێرام لە جەستەی ڕووتی خۆم بڕوانم، شەرمم دەکرد لەو ساتەوەختانەی کە سینەم کەڵکەڵەی خۆ بەدەرخستن و هەڵپە هەڵپی خۆ نمایشکردنی دەکرد...

جار نا جارێ مەمکە تورت و قیتەکانم ئارەزوویان دەکرد دەرکەون و بەهێواشی سەرێ لە دنیای دەرەوە بدەن و تیشك و هەتاو ببینن... کەچی مانەندی هاوپۆلە سوور هەڵگەڕاوەکانم سوور هەڵدەگەڕام و ڕەنگی خوێنم دەگرت و حەشار حەشارم دەدان.

مەمکەکانمم لە نێو قەفەزی پۆشاکەکانم زیندانی کردبوون، دەتگوت جووتێ کۆتری سپی چاو خوماریني پڕ لە فرمێسك و بێ باڵن...

هەتاو گوتی: «هیچ جیاوازییەك لە نێوانی جوانیی حەشاردراو و نەبوونی جوانییدا نییە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوانیی هێندە بێ دەسەڵات نییە کە تا سەر بەکۆیلەیی بمێنێتەوە».

جار نا جارێ دایکم دەیگوت: «بەکراسێکی بەرین بیانشارەوە، ئەوان جووتێ سێوی جودان و لەسەر سینەی تۆ ڕواون... بیانشارەوە کچەکەی خۆم نەبادا چاو و زار و پایزی ئێرەیی سست و سیس و پووچیان بکا، بیانشارەوە، کچەکەی خۆم نەبادا گروپی گورگەکان بیانرفێنن و لە چاڵێکیان بئاخنن».

ساڵ نا ساڵێ لە مەودای نێوانی قۆپچەکانی کراسە بەرینەکەم، ڕەنگێکی ڕەش، یا سپی، یا گۆشتی، یاخود ئاویی، لە سینگمەوە بەبێ پرسی من و لە نائاگایی مندا بۆ دنیای تاریکی ئەودیو پەنچەرە تاریکەکە دەدرەوشایەوە و تیشکی وەکو تیشکی خۆر و گەشبینی دەدا... من چاوە مۆنەکانم لێ دیاربوو، چاوە برسییەکانم لێ دیاربوو کە وەکو ئەستێرەیەکی سوور لە تاریکیدا دەدرەوشانەوە... چاوی ئەو گورگانەم لێ دیاربوو کە شاڵاویان دەهێنا و، ناچار دەبووم وەکو هاوپۆلە شەرمن و نامورادەکانم ناموراد بم و شەرم دامگرێ و ڕابکەم...دەستم دەنا بەمەودای نێوانی قۆپچەکانی سینەم و ڕامدەکرد، بۆشاییەکەم دادەخست و ئیدی لێ نەدەگەڕام گورگەکان فریوی ئەو ڕۆشنایی ڕەنگانە بدەن و لە بیریان بئاخنن...

هەتاو گوتی: «ترادتسیۆن پەیوەندی بەڕاهاتنەوە هەیە... سەرەتاکانی

سەدەی بیست و یەك ئاسایی نەبوو لە ئەوروپا یەکێ بە ڕووتی ببینرێ و کارێکی سەیر بوو.. کەچی ئێستا تەواو ئاساییە».

دایکم دەیگوت: «بیانشارەوە و حەشاریانده، ئەوان پەنیری خودان لەسەر سینەی تۆ، بیانشارەوە کچی خۆم نەبادا مشك بیانخوا».

منیش وەکو هاوپۆڵە سوور هەڵگەڕاوەکانم سوور سوور هەڵدەگەڕام و ڕەنگی خوێنم هەڵدەگرت و نەدەوێرام بەلای گورگەکاندا تێپەڕم.. کە خەونم دەدیت بەگەنجێکەوە لێم دەبوو بەگورگ، تك تك خوێن لە کەڵبەکانی دەکەوتنە سەر مەمکەکانم.. من وەکو هاوپۆلە ترسناکەکانم دەترسام و ڕامدەکرد.. گورگەکە دوامدەکەوت، من دەبوومە ئاسك و ڕامدەکرد.. گورگەکە دەیگرتم، بەڕووتی لە ژێریدا ڕادەکشام، داخواز بووم لەتو پەتم بکا، کەچی گورگەکە دەبووە تابلۆیێکی خوێنین و بەسەر جەستەمدا دەتلایەوە، من وەکو هاوپۆلە ترسنۆکەکانم ترس دایدەگرتم و خەبەرم دەبۆوە، دایکم لە باوەشی دەگرتم و چەند سەلاواتێکی لێ دەدا و گلاسێك ئاوی سروشتی پێ دەدا.. .

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گولله ساردەکە ئاوا بە دڵی گەرممدا تێپەڕێ و زوێڵ زوێڵی بکا... جا من چیم کردبوو؟ تا ئاوا بەمردوویی چیرۆکتان بۆ بکەم؟

من وەکو ئێوە نەمردبووم، لە هەتاوم دەڕوانی، لە کۆلێژەکەدا پێدەکەنیم، تەماشای تاریکیی ئەودیو پەنچەرە تاریکەکەم دەکرد، دەگریام، دەرسم دەخوێند و مامۆستاکانیش خۆشیان دەویستم و لەبەر کەڵبەی گورگەکانیش ڕامدەکرد...

هەتاو گوتی: «پیاو لە عەنکەبووت دەچێ».

من لە بەلەکەکانی خۆمم دەڕوانی و خەندەیەکم دەکرد، دەستێکم پێدا دەخشاندن و شانازی و نازم دەکرد، سپی بوون وەکو پۆشاکی فریشتە، لووس لووس بوون وەکو مووس.. من دەستێکم بەڕانەکانم دادەخشاند و شانازی و نازم دەکرد، نەرم وەکو مەمك، لووس لووس وەکو – با –.. دایکم

بیّ لە دەرگادان دەهاتە ژوورەوە و من بەلەك و ڕانەكانم دادەپۆشین و بەوێنەی هاوپۆلە سوور هەڵگەڕاوەكانم سوور هەڵدەگەڕام و دەبوومە جەستەیەكی خوێنین و، دایكم مانەندی خۆشەویستە قین لە دڵەكەی خۆم بەوشە گوللەیەكی ساردی لە دڵی گەرمم دەدا..

هەتاو گوتی:«كارەساتی مرۆڤ لێرەدایە، كە نەتوانیّ كتێبی ڕابردووی خۆی و كتێبی ئێستای یەكێكی تر بەهەمان ئیحساس و وردبوونەوە بخوێنێتەوە».

من وەكو هاوپۆلە داپۆشراوەكانم خۆم دادەپۆشی و، دایكم دەیقیژاند: «ئەدەبسز، بێناموس، كێڕا فێری ئەو بەڕەڵڵاییيە بووی؟»

هەتاو گوتی: «ئەدەب و ناموس چ پەیوەندیێكیان بەخولقاندنی جوانیی و لەززەت كردن لە جوانییەوە هەیە؟»

من وەكو هاوپۆلە باڵ شكاوەكانم ڕەنگی خوێنم هەڵدەگرت و دەبوومە بوقعەیەكی خوێن و باڵم دەشكا و زریانی شەرم ڕایدەپێچام: «دایە گیان چیم كردووە؟ بەتەنیا لە خۆمم ڕوانیە».

خۆ نەدەوێرام بڵێم: «با ڕووباریش چێژ لە جوانییەكانم ببینیّ، ئەی خودا بۆچی جوانیمان پیّ دەبەخشیّ؟ بەلەك و ڕانەكانم ئارەزوویێكی شێتانەیان هەیە بۆ گوزارشتكردن لە خۆیان، ئەوانیش حەزیانە سەریّ بدەن لە دنیای دەرەوە و، شەقام و چاوەكان ببینن كە چۆن لەززەت لە جوانییەكانیان دەكەن».

نەدەوێرام بڵێم: «هەر زیندوەریّ لەو گەردوونەدا بەدوای پێویستەكانیدا دەگەڕیّ، گورگیش زیندوون، دەبا گورگێكیش لەززەت لەمن بكا».

هەتاو گوتی: «ئەوەی بزانیّ زەمەن بەتەنیا بۆ تێپەڕاندن دروست بووە، دەتوانیّ لە ناشرینییەكانیشدا جوانیی بخولقێنیّ».

من لە تەنیشت پەنجەرە تاریكەكە ڕۆنیشتووم و دەپرسم: «ئایە ئێوە گوێتان بۆ چیرۆكی مردووان ڕادێراوە؟ گوێتان لیّ بووە مردوویێك قسە

بکا؟ نوڤلێتێك بنووسێ؟ یان کێ ناڵێ حەشرە و من لە بەرانبەر عەرشی گەورەدا ئەو شاهێدیانەتان بۆ دەدەم؟»

ئەو کاتەی هێشتا گوڵلە ڕەشەکە دڵی سپیمی نەپێکابوو، دایکم دەیگوت: «جوانیی ژن وەك موڵك وایە، تەنیا بەناوی یەك کەس دەکرێ، وەکو گەنجینەیەك وایە، کە کۆدی کرانەوەی بەتەنیا لە دەستی یەك کەس دایە، جوانیی ژن وەکو تابلۆ نییە بۆ هەموو کەسێ هەبێ لێی بڕوانێ و چێژی لێ بکا».

هەتاو گوتی: «جوانیی ژن شیعرێکە بۆ هەموو کەسێ هەیە بیخوێنێتەوە، تابلۆییێکە هەموو کەسێ حەقی لێ وردبوونەوەی هەیە، سیمفۆنیایە، هەر کەس دەتوانێ گوێی لێ بگرێ.»

من وەکو هاوپۆلە سوور هەڵگەڕاوەکانم سوور هەڵگەڕام و شەرم دەیشۆریم، لە ئابڕووچوون و لە لەکەداربوونی ئەو بەڵەکانەم دەترسام کە چەشنی بەفر بوون... لووس بوون وەکو پوولەکەی ماسی، نەدەوێرام داخوازییە ئاسایی و سروشتییەکانی ڕان و بەڵەك و مەمکەکانم جێبەجێ بکەم.

جار ناجارێ حەزی قۆڵ و شانەکانم دەگەیشتنە حەلحەلە و حەزی خۆبەدەرخستنیان دڵی گەرممی کاول دەکرد. خۆ هێشتا گوڵلە ساردەکەش دڵی سپیمی نەپێکا بوو، پانتۆڵە ڕەشە مۆدێرنەکەم لەبەردا بوو، لەبەر ئاوێنەکەدا وەستا بووم، ئایە ئەوە ئاوێنەی شانازی بوو؟

زۆر لە خودا ڕازی بووم کە منی ئاوا خولقاندبوو، گوتم: «جوانترین دیارییێك کە خودا بەمرۆڤی ببەخشێ، جوانییە. لە گلێنەکانی خۆم ورد ورد بوومەوە و پرسیم: ئایە ئەوە گلێنەکانمە کە ئاوا جوانیی کردووم، یان لە توانایی هەموو گلێنەکانی تریشدا هەیە کە ئاوا بەجوانیی بمخوێنێتەوە؟»

لە ناو ئاوێنەکەدا دەستم بەلێوەکانمدا دەخشاند... زەردەخەنەیەکم دەکرد، کراسە بەرین و فشەکەم هەڵدەدا کە بەهیچ شێوەیەك ئارەزوویم

نەدەکرد.. پانتۆڵێکی ڕەشی مۆدێرن و ستیانێکی ڕەش ڕەش.. قۆڵ و باسکی لووس و سینەی دەرپەڕیوم ئارەزوویی نوێژ کردنیان دەبزواندم، دەمویست بەڕووتی نوێژێ بۆ ڕوحی گەردوون بکەم، تا لە دەست ڕەنگینی خۆی بڕوانێ. ملوانکە زیوینەکەم، مەدالیاییێکی پێوە بوو لێی نووسرابوو (الله)، کەوتبووە نێو دۆڵی توند و تورتی مەمکەکانم.. هێندەی لە خۆم دەڕوانی وام هەست دەکرد لە بەرانبەر ئاوێنەی شانازیدا نەوەستاوم، بەڵکو لەسەر ڕووبارێکم و ئێستا نا چرکەیەکی تر دەبمە نێرگز.

هەتاو گوتی: «جوانیی پەیکەرێکە بەیانیان باڵندە گۆرانی بۆ دەچڕن، شەوانی هاوین تیشك لە مانگ دەدا و ڕۆشەنی دەکا.. گوڵەکان لە بەهاردا کە دەیبینن بۆی پێدەکەنن و دەمیان دەکرێتەوە».

لە بەرانبەر ئاوێنەکەدا لە خۆمم دەپرسی: «دەبێ هەموو کەسێك وەکو من لەززەت لە تەماشاکردن و تەئەمول کردن لە جوانییەکانی ڕوخسار و جەستەی خۆیدا ببینێ؟»

من لە بەرانبەر ئاوێنەی شانازی و ناز دەوەستام و چاوەڕێم دەکرد ها کە بووم بەنێرگز.. کەچی دایکم بێ لە دەرگادان خۆی دەکرد بەژوورەوە و دەیقیژاند: چاوت مۆنە، دەزانم، خەونم دیتییە لەسەر بەرەڵڵایی گوللەیەکی ڕەش دێت و بەدڵی گەرمتدا تێپەڕێ و لەت لەتی دەکا».

دەمگوت: «ئێ دایە گیان خۆ من هیچم نەکردووە، ئەی ئێمە هەموومان بەڕووتی لە دایك نەبووینە؟»

دایکم هاواری دەکرد: دەزانم هەموومان بەڕووتی لە دایك بووینە و بەڕووتیش دەڕۆینەوە، بەڵام خۆ بەقەحپەیی لە دایك نەبووینە تا بەقەحپەیش بڕۆینەوە؟»

دایکم هاواری دەکرد: ″ڕووتی″ ڕەنگی هەیە، تابلۆی سروشت و جیهانی خودا و ڕوحی گەردوون جوانتر دەکا».

من وەکو هاوپۆلە خوێناوییەکانم ڕەنگی خوێنم هەڵدەگرت و سوور

سوور هـەڵدەگەڕام و پۆشاکێکی بـەرینـم دەپۆشی کـە هـیـچ هـەڵبـەزین و دابەزین و هەڵزنانێك شیاوی ڕوودان نەبێ لە سینەم و، قۆڵە لووس و سپـیـیـەکـانم دا دەپـۆشی و بـەلـەك و ڕانـەکـانم داپـۆشراو، (اللـه) لـە نـێو خـەرەنـدی مـەمـکـەکانم شاراوە، دەتگوت لـە ترسی نـاشرینـی ئـاوا خـۆی مەڵاسداوە.. ئـێ خـۆ هـیـچم نـەکردبوو تـا بـەو شێوەیـە دەستم هـەبێ لـە کـوشتـنـی جـوانـیی و لـە بـەرانـبـەر ئـاوێنـەی خـەفـەت بـوەستم و فرمێسك ببارێنم.. لە بەرانبەر ئاوێنەی ترس و گومان و ناشرینی دەوەستام و تا فرمێسك لە چاوەکانمدا وشك دەبوو، دەگریام و چاوەڕوانم دەکرد ببم بە قەوزە لەو گۆماوەدا..

ئێ خۆ من هیچم نەکردوو تا گوللە ساردەکە ئاوا بەدڵی گەرممدا تێپەڕ ببێ و کون کونی بکا!

جار نا جارێ لە تەمموز مانگەکانی برادەریدا، لە ژێر تیشکی تاڤدا سەرم دەخورا، نەدەوێرام قژی ڕەش و درێژم وەکو هاوپۆلە تێنوو و قژ درێژەکانم بەرەڵڵای ئەو دنیا جوانەی دەرەوە بکەم، نەدەوێرام پرچم بدەمە دەست – با – تا نەقشی خوایی لێ ئافەریدە بکا.. قژم لە ژێر حیجابەکەدا کەل کەل هەڵدەگەرا.

ص‌خەریك بوو گڕی دەگرت. نەدەوێرام قژی درێژ و ڕەشم بدەمە دەست باران تا ڕووتی بکاتەوە.. نەدەوێرام بەسەر شانەکانمدا پەخشانی بکەم.

هەتاو گوتی: «کە لە ژێر باراندا، – با – لە پرچی ڕەش و درێژ دەدا، خواوەند پێدەکەنێ».

بـاوکـم مـنـی دیت لـە ژێر بـا و بـۆرانـدا بـەقـژی پـەخشان و بـەپـرچ بـەرەڵـڵایـیـیـەوە حـەوشەم دەشووشت، وەکـو کـەر زەڕانـدی: «بـەس نـێرە کەرێکمان کەمە».

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو، کە گوللە ساردەکە هات و ئاوا بەدڵی گەرممدا تێپەڕێ. منیش وێنەی هاوپۆلە لاڵ و دۆشداماو و سوور هەڵگەڕاوەکانم

دۆشدادەمام و لاڵ دەبووم و سوور هەڵدەگەڕام و ڕەنگی خوێنم هەڵدەهێنا و هیچ جوانییێکم لە جوانییەکان نەدەدی.. لە کۆلیژەکە دەگریام و دەرسم دەخوێند و مامۆستاکان خۆشیان دەویستم و پێدەکەنیم..

هەتاو گوتی: «″پێکەنین″ لە بنەڕەتدا بوونی نییە، بەڵام کاتێك کە گریان لەوێ نەبێ، ئەو بۆ تاوێ دەوێرێ سەر دەربکا».

ئەو کاتەی کە هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی لەت لەت نەکردبوو، من خۆم وەکو پەروانەیێ دەهاتە بەرچاو کە پیاسەی نێو گوڵەکانی لێ حەرام کرا بێ. خۆم وەکو ئەو خاکە دەهاتە بەرچاو کە ڕوان و زەمەندی لێ قەدەغە کرابێ. من خۆم وەکو ئەو هەڵاڵە و نێرگز و بەیبوون و شەوبۆیانە دەهاتە بەرچاو کە هیچ هەنگێك بۆی نەبوو بەسەریاندا هەڵفڕێ و بکەوێتە مژینیان. من و هاوپۆلە داماو و ژاکاوەکانم لەو نەخشەیە دەچووین کە هیچ قەرەجێك و هیچ عاشقێك ڤیزەی ترانسێتی بەنێو خاکی ئێمەدا پێ نەبوو...

هەتاو گوتی: «ژن و پیاو وەکو دوو برادەر وان، کە نە بەیەکەوە و نە بێ یەکتریش هەڵبکەن».

ئێمە چی بووین خوداوەند؟

گوڵی پەژموردە و ژاکاو و ڕووکاو بووین، – با – هەڵیوەراندبووین؟ بەرد بووین، بۆ هیچ ئاوێ نەبوو بمانسوێنێ؟ کلووی بەفری تەنك بووین بەر لە کەوتنە خوارەوەمان دەتواینەوە؟ گەنجینە بووین بەکرانەوەمان تەلیسمی خۆمان لە دەست دەدا؟ پەردەی داخراو بووین بەئاوەڵابوونمان هەموو جۆرە خوێنێکمان دەدیت؟ فاڵ بووین، هیچ فاڵچییێك توانستی خوێندنەوەی ئێمەی نەبوو؟ بەفر بووین جوانیی خۆر هەڵی دەوەراندین؟ یانیش خەفەتێکی ئەزەلی و قەدەرێکی نووسراوی سوور بووین و پایز دایرزاندبووین؟

ئێمە چی بووین بەر لەوەی گوللە ساردەکە بەدڵی گەرممدا غلۆر غلۆر ببێتەوە؟

هەتاو گوتی: «کچ شەوێکی تاریکە».

باوکم دەهاتەوە ماڵەوە پشتێنە سوورەکەی لە پشت دەکردەوە و بەرماڵە سوورەکەی ڕادەخست و بەر لە نیەت هێنان دەیگوت: «کچی ئەو سەگبابەیش بەدوو کەوت، بەڵام سوپاس بۆ خوا کوشتیان... نیەتم هەیە چوار ڕکەعەت نوێژی نیوەڕۆ...»

باوکم لەیادی چووبوو کە کاتی خۆی ئەویش دایکمی هەڵگرتبوو، دایکم وەڵامی دەداتەوە و دەیگوت:

ئەی نەتبیستووە ماڵەکەی ئەوسەری کۆڵان ژنێکیان لەسەر بێناموسی کوشتووە؟

من لەو دیو پەنجەرە تاریکەکەوە دانیشتبووم و گوێم لەو قسانە دەبوو، باوکم وازی لە نیەتهێنانەکە دەهێنا و ئاوڕی لای دایکمی دەدایەوە و بەتیغی چاوانیشی لە منی دەڕوانی و بەدەنگێکی بەرز دەیگوت:

«ئەوە چارەنووسی دیاری هەموو بێناموسێکە لە دنیادا، ئەی دەستتان خۆش، دەبێ بۆ پیرۆزبایی سەرێکیان لێ دەم.

دەستی دەکردەوە بە نیەتهێنان لەسەر بەرماڵە سوورەکەدا: «نیەتم هەیە چوار ڕکەعەت نوێژی نیوەڕو..».

دایکم دەیگوت: «دەڵێن کیژی ئەو مەلایەی دراوسێمان گوتویەتی من شوو بەکوڕێك دەکەم کە بەیەکەوە لە کۆلیژن.. مەلا گومانی دروست کردووە و دەیەوێ بیکوژێ».

باوکم وازی لە نیەت هێنانەکە دەهێنایەوە و بەدەنگێکی بەرزتر لە جاران دەیگوت: «تف لەو مەلایە بێ دینە، تا ئێستا نەیکوشتووە؟ ئەی ئەگەر لەسەر خۆشەویستی نەیکوژێ کەی جورئەت دەکا بیکوژێ؟»

من لای سەرەوەی دیوانێکی شیعری خۆشەویستیم بەلێومەوە دەنا و پێڵووەکانم دادەخست و بیرم دەکردەوە؟

من بیرم لە چی دەکردەوە؟

«ئێمە چەند ماسیێکی بچووکین و لە دەرەوەی دەریادا زەمەن بەڕێ دەکەین».

لەودیوە پەنچەرە تاریکەکە هەتاو بەپرچی زێڕینی دەیگوت: «ژیان شانۆ نییە، ژیان دیالێکتی بەبەغایە».

مـن وەکـو هـاوپـۆلـە ترسنۆکـەکـانم دەترسام و ڕقیشم لەو عـاشقـە فشەکەرانە دەبۆوە کە درك بوون لە پێستی گوڵ... ئیدی دەمزانی ژیان وەرز نییە کە هەر جارە و بەشێوەیەك خۆی نیشان دا، دەمزانی ژیان بەبەغایە و یەك فەرهەنگی هەیە.

حەزم بەگۆڕینی کراسە بەرینەکەم نەدەکرد بەتیشێرتێکی تەسك، یا فانیلەیەکی عەلاگەی سپی تەنك و تەنگ و تریسك کە خڕاتی و قەبارە و فۆرمی ڕاستەقینەی مەمکەکانم ئاشکرا بکا... نەمدەویست پانتۆڵە مۆدێرنە رەش و ستیانە ئاوییەکە بپۆشم و لە تەنیشت ڕووبارەکە لە وێنەی خۆم بڕوانم و تەئەمول بۆ دەسترەنگینی ڕوحی گەردوون بکەم...

نەدەوێرام لە بەرانبەر ئاوێنەی شانازی بەشانازیەوە پرچی ڕەش و درێژم بەسەر شان و گونا و مەمکەکانم پەخشان بکەم، تا بۆ تاوێ هەناسەی کامەرانی هەڵکێشن و جیهانی خودا ئارام بکەن.. تاڵ تاڵی قژم وەکو ڕستە سینتاکسیەکانی ناخم بێ هەناسە بوون..

لەودیو پەنچەرە تاریکەکە هەتاو بەقژی زێڕینەوە ڕۆیشتبوو کە گوتی: «پیاو هەمیشە هەست دەکەن کە ژن لە پیاوە، زوو زووش ئەوە لە یاد دەکەن کە ئەوانیش لە ژنن».

من لە غیابی گریان پێدەکەنیم و دەگریام و خۆشم لە گورگەکان لادەدا.. هەتاو گوتی: «گورگ سنووری هەیە بۆ تێربوون، کەچی مرۆڤ هیچ سنوورێکی نییە بۆ تێربوون».

جار نا جارێ کە هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی نەبڕی بوو، گرووپی گورگەکان، بڵێ دەستەی کوڕە مەراقدارەکان، دەهاتن.. بزەیەکیان دەکرد، نازانم ڕاستی بوو یاخود دەستکرد!

ئایە دەیانویست فریوم بدەن؟ ئەوان ئەهریمەن بوون؟ وەکو بەندەیەك لە بەرانبەرم دەچەمانەوە و بەشان و باڵیاندا هەڵدەگوتم: «تۆ گەشاوەیترین و بۆن خۆشترین گوڵی لەو گوڵستانە.. تۆ تاکە مانگێکی پڕ لە تیشك و تاکە مانگێکی سروشتی لەو ئاسمانە.. تۆ حۆرییێکی جیای، لە هیچ حۆرییێکی تر ناچی لەو دەریایە.. هەندێ پەنجەکانیان دەقرچاندەوە، دەمزانی ئەوانیش وێنەی من و هاوپۆلە شەرمنەکانم شەرم دەکەن... تەوێڵیان دەسڕیەوە و بەدەنگێکی لەرزۆك بەردەوام دەبوون: » تۆ.. ئا بەڵێ تۆ، تاکە ئومێد و خەونی ژیانی، تۆ خوداوەندی، باشە؟»

هەتاو بەقژی زێرینەوە دەیگوت: «ژن بەردە و، پیاویش – با –»

من دەمگوت: «ئیێ چیتر؟؟»

گورپی پیاوان یان بڵێ گەلی گورگان دەیانگوت: «با پەیوەندی خۆشەویستی ببەستین تا ئاینده بینا بکەین.»

هەتاو دەیگوت: «پێش ئەوەی پیاو بەژن بگا، جل و بەرگی شەراب دەپۆشێ، دەیەوێ ژن مەست بکا، کە پێی دەگا دەچێتەوە نێو بەرگە ئەسڵییەکەی کە ژەهرە.»

من هێندەی تر بێزام لە پیاوە کەسایەتییە نزمەکان دەبۆوە، ڕووی خۆم وەرچەرخاند و بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆیشتم...

ئێ خۆ منیش وەکو ئێوە پێکهاتەیەکی ئاسایی بووم، منیش لە جەستە و ڕوح پێك هاتبووم، منیش هەر لە خوێن و ئێسك و پێست و دەمار و عەقڵ و عاتیفە و دڵ بووم... بەڵام منیش وەکو هاوپۆلە گوماندارەکانم گومانم هەبوو، گومان لەو کاتەی کە دەبم بە بەرد و ئاو دەمسوێنێ... گومان لەوەی کە دەبم بە بەرد و کیمیاگەرێ وەرمدەچەرخێنێ... گومانم هەبوو لەوەی کە دەبم بە بەرد و پەیکەرتاشێ بەئارازووی خۆی هەڵمدەوەرێنێ.. گومانم هەبوو لەوەی کە دەبم بە بەرد و گڕکانێ دەمسووتێنێ.. گومان لەوەی کە دەبم بە بەرد و – با –یێ بەجێم دەهێڵێ.. گومانم هەبوو لە هەموو شتێ لەو

کـاتـەی کـە دەبم بـە بـەرد.. گـومـانم هـەبـوو کـە ببـم بـە بـەردێکی نـەرم و چارەنووس لە ناوم ببا..

دەتـرسام، زۆر زۆریش لـە پـلانـی گـەلـی گورگـەکـانـی عـەرد و ئـاسمـان دەترسام... ڕامدەکرد، نەبادە مەمکەکانم بەدەستی – با – هەڵوەرێن. لە دەستی هەموو پیاوە باییەکان ڕامدەکرد... ڕێگام نەدەدا بەهیچ کونج و کەلەبەرێ خۆیان بکەن بەژووری دڵی گەرمم. ئەو دڵە گەرمەی کە گوللە ساردەکە هەڵیزڕاند.. ئەو دڵە سپیەی کە گوللە ڕەشەکە هەڵیوەراند...

ئەیٚ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللەیەکی سووری ئاوا بەدڵی سەوزم تێپەڕێ و لەت و پەت و وێرانی بکا!

مـن وەکـو ئـێوە زیـنـدوو بـووم، لـە زانـکـۆ پـێدەکـەنـیـم، دەمـخـوێنـد و هاوپۆلەکانمم خۆش دەویست و ڕێزی کەسانی بەرانبەرمم دەگرت و لە بازنەی ژیانی خۆم دەخولامەوە و گورگەکانیشم تێهەڵدەدا... باوکم گوتی: «خۆت لە گورگەکان بپارێزە، خۆ ئەگەر ئەوانیش لە چاڵ و بیرت نەئاخنن ئەوا من خوێنت دەڕێژم».

لێ نەدەگەڕام گورگەکانی عەرد گەمە بەجوانییەکانی ئاسمان بکەن، لێ نەدەگەڕام گورگە بەناو ڕوحانییەکانی ئاسمان گەمە بەعەردی ڕوح و دەروون و سۆز و دڵ و جەستەم بکەن.. نەمدەهێشت مەمکەکانم بکەن بەسوپی جەمی برسیەتی.. هەر ڕۆژە و یەکێك، یان لە ڕۆژێکدا چەند یەکێك، ڕووی خۆم وەردەگێڕا و بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆیشتم.. پەشیمانی و بیرکردنەوەیش لێیان لای من تێمەیەك نەبوو شیاوی دیالۆگ و گرینگی پێدان بێ..

ئـای خـودای گـەورە چـەنـد دەهـاتـن و چـەنـد دەچـوون، خـۆ تـۆ خـۆت شاهێدی؟

هـەتـاو لـە پشت پـەنجـەرە تـاریـکـەکـەوە بـەپـرچـی زێڕیـنـیـەوە دانـیشتبـوو، گۆرانی دەگوت: «ئایا گوێتان بۆ قسەی مردووان رادێراوە؟ گوێتان لێ

بووە چیرۆكێ بگێڕنەوە؟ ڕۆمانێك بنووسن؟ ئایە من لە حەشرم؟ یا لە عەرشی گەورەدا بەرانبەر بە تۆ و خۆشەویستە قێندار و دڵڕەقەكەی خۆم ئەو شاهێدانە دەدەم؟»

ئەوانەی داوای پەیوەندی ئیرۆتیك و خۆشەویستییان لێ دەكردم یەكجار زۆربوون.. هەمووشیان وەكو بەرد وابوون كە قسە لەگەڵ – با –دا بكەن..

درۆ ناكەم، كوڕی وەزیر و دەسەڵاتدارانی وڵات دەهاتن، دەوڵەمەند و هەژار، بەناوبانگ و بێ ناو و دەنگ، عاقڵ و گیل.. بەڕەوشت و سەرسەری، ناپیاو و پیاو و چوزانم..

كوڕە وەزیرەكە گوتی: «وڵات مەدالیایێكی كەم بەهایە بەملی منەوە، من دەشێم هەڵیدەم و دەشێم لە هەمان كاتیشدا لەبەر چاوی كەسانیدیدا بەحەجمێكی گەورە نیشانی بدەم.. ڕقت لە هەر یەكێك دەبێتەوە لەو پارچە زەمینەدا من دەیخەمە چاڵێكی تاریك و تا هەتایە چاوی بەئاسمانی شین ناكەوێتەوە.. لە جیاتی تەڵ و دیوار چواردەورت بەپیاوی نۆكەر پەرژین دەكەم.. وڵاتیش دەكەم بەجووتێ پێڵاوی بریقەدار و لە پێتی دەكەم..»

ڕووی خۆم وەرگێڕا و بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتم، هەر بیریشم لە قسەكانی نەكردەوە...

دەوڵەمەندەكە هات، سەرەتا زەردەخەنەیەكی فریودەرانەی كرد، لە نینۆكی پەنجەی پێیەكانمەوە تا تەوقی سەرم لێی ڕوانیم و گوتی: «ئەو جەستەیە هەمووی لە زێڕ و خشڵ و یاقوت و ئەڵماس هەڵدەكێشم، كارەكەر و پاككەرەوەت بۆ دەگرم و ڤیلەت بەناوی دەكەم»

ڕووم وەرگێڕاو بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتم، هەربیریشم لە قسەكانی نەكردەوە..

هەژار و بێ ناوبانگ و گێل و سەرسەری و ناپیاوەكان بە چەند ڕستەی یەكەم دەگەڕانەوە دواوە.. كەچی هی شاعیرەكە لە هەموویان سەیر تربوو.. من ئاگاداری هەژاریی و كەم دەرامەتی ماددی ئەم بووم، لە بێدەسەڵاتی

ئەوم دەزانی.. کەچی هی شاعیرەکە لە هەموویان سەیرتربوو..!

سەرەتا هات، دەمزانی بە ناوبانگ و زیرەکیی و ڕۆمانسییەتی خۆی دەنازێ، شەرمی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا وای هەست دەکرد خاوەنی گەورەترین سەرمایەیە لەو گەردوونەدا.. هەر باسی لە فەنتازیا و خەیاڵ و پاکیەتی دڵ و دەروون دەکرد و دەیویست بە قسەی دەوڵەمەندی درەوشاوەی بۆش ڕازاییم بکا: «من.. ئا... من.. ئا.. من.. مانگ دەکەمە کاشانێکی زیویین و لە ژێر پێیەکانتدا ڕایدەخەم.. لە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەریماندا لە جیاتی ڕێشتنی خوێنی گیانلەبەرێکی هەست ناسك، سەری شیعرت بۆ پەلدەدەم، لە جیاتی برینی سەری بەرخ، سەری ئەستێرەکانت لە ژێر پێدا بۆ دەبڕم، ژوورێکی بچووکت لە حەرف و شیعر و گیان و بەختەوەرییدا پێدەدەم.. ئامێزم دەکەمە بەهەشت و تۆ دەتوانی ببیت بە حۆری و لەوێدا بۆ هەتایی ژیان بگوزەرێنی».

هی شاعیرەکە لە هەموویان عەنتیکە تر بوو، فشەم پێ دەهات، بەڵام ڕاشیگرتبووم، نەمدەتوانی وا زوو وەکو ئەوانیتر بە ئاسانی پشتی لێ بکەم.. شاعیرەکە پێی گوتم: «ئیرەم گیان.. نەختێ وەستا و فرمێسك لەچاوانیدا قەتیس مابوون، دواتر بەردەوام بوو.. ئیرەم گیان، ئەوە چ ناوێکە ئەی خودا؟ کا پێم بڵێ کێ ئەو ناوەی لێ ناوی؟ دەزانی بەرانبەر بە تۆ (تا)ی عەشق هەڵمدەلەرزێنێ؟ ئیرەم گیان گەر تۆ لەو عەشقە تێبگەی کە بەرانبەر بە تۆ هەمە هەر ئێستا دێیتە نێو جەننەتی باوەشم.. گەر دەتەوێ لەو عەشقە تێبگەی بڕۆ پرسیاری مەی و مەیخانەکانی شار بکە.. هەموو شەوێ لەنێو گلاسی مەیدا تۆ دەبینم و لەگەڵت دەدوێم، ئایا تۆ ئاگاداری؟ ئاگاداری کە من دەزانم ئەوە مەی نییە کە من سەرخۆش دەکا بەڵکو تۆی لەناو کحولدا تەوژم و شەپۆل دەهێنێ و سەرخۆشم دەکەی..»

شاعیرەکە خوێنی شیرین بوو، کە بە جددی دەدوا، بەڵام زۆری گوت و بێ ئیحساس بوو، دەتگوت کتێبی قووت داوە، بۆیە بە ڕێزەوە ڕووی خۆم

وەرگێڕاو بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتم.. شاعیرەکە چەند شیعرێکی بۆ نووسیبووم و گوتی: «بەو شیعرانە منت بێتەوە یاد کە بۆ تۆم نووسیوە»

بەر لەوەی گوللە ڕەشەکە دڵی سپییم هەلا هەلا بکا، زۆربوون ئەوانەی کە خوازبێنی منیان دەکرد.. من کەسییانم نەدەویست، خۆشم نەمدەزانی لەبەر چی!

جار نا جارێ باوکم بە دایکمی دەگوت: «دەیدەمە "شوان"ی برازام، هەر لە منداڵییەوە بۆ ئەوم داناوە»

دایکم وەڵامی باوکمی دەدایەوە: «ئاخر پیاوەکە کچەکەت وا دەخوێنێ و لە زانکۆیە، بەیانی دەبێتە دکتۆرە و شوانیش قەسابە»

باوکم وەکو کەر دەیزەڕاند: «بۆ قەساب چیتییان؟ قەحپەی لە قەحپە، دیارە یەکێکت بۆ دیاری کردووە؟»

دایکم لاڵ دەبوو، منیش دەگریام و هەتاویش دەیگوت: «خوێندن لە پای چی؟ بۆ هەمیشەیی "بەختەوەری" کیژی چارەنووسە، چارەنووسیش لە دەستی دەرەوەی سروشتدایە»

من هەر دەگریام و هەر دەگریام هەر دەگریام تا چاوەکانم ڕۆندك و ئەسرینیان تیا نەدەما.. ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا ئەو گوللە ساردانە دڵی گەرمم ئاوا لەت و پەت بکەن.

مانەندی هاوپۆلە نەخۆشەکانم بە نەخۆشی دەمخۆێند و ڕك و قێز و بێزم لە پیاو دەبۆوە، نەمدەویست گورگەکان فۆرمی مەمکە قیتەکانم وەکو خۆی لە ژێر تیشێرتێکی تەنگ و تەسك و تەنکدا ببینن.. لەبەر گورگەکان ڕامدەکرد نەبادا فریوی گۆپکەی گۆپکەی قیتی مەمکە قیتەکانم بدەن.. بەلەکە لووسەکانم لە ژێر تەنوورە درێژەکە حەشار دەدا و پرچیشم لە ژێر حیجابەکە زیندانی کردبوو.. نەمدەهێشت سەرێ بدەن لە ئاوەدانی و ئازادی.. ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو، تەنیا لێنەدەگەڕام پرچە درێژ و ڕەش و بریقەدارەکەم لە ژێر ستوونی تیشکی خۆردا ببریقێتەوە..

جـار نـا جـارێ ″هـەتـاو″ی دەستـەخـوشکـم پـێیـدەگـوتم: «ئـیرەم گیـان، باخچەکەی خوداوەند، هەست دەکەی لەهەمووان جوانتری؟»

من لە ناخەوە بزەیەکم دەکرد و دەمویست ببم بە نێرگز، هەتاو بەردەوام دەبوو «دەبێ بۆ هەمیشەیی سوپاسگوزاری ئەو خوداوەندە نیگارکێشە بیت کە تۆی وا بەو شێوە هەندەسەییە هێناوەتە ئافەریدە»

مـن ئـۆقـرەم نـەمـا دەمـویست بـچریکێنـم، دەمـویست بـە هـەردوو دەست سینگم هەڵزرێنم، دەست لە قژم بنێم و یەخەم دادڕم.. دەمویست کراسە بەرینەکەم فڕێبدەم و سینگ و مەمکەکانم بەرەڵڵای ئەو دنیایە بکەم و دەست بکەم بە شین.. دەمویست بناڵێنم و فیغان و ڕۆڕۆ بکەم و بە هەموو گەردوون ڕابگەیەنم کە دڵ و گیانم پڕن لە نهێنی کوژراو و، دەمەوێ هەناسەیان بدەم و زیندوویان بکەمەوە.. دەمویست سەرەتا ئایەتەکان لای هـەتـاو بخوێنمەوە.. هـەتـاو بـەردەوام بـوو: «دەبـێ چ نـیگـارکێشێ تۆی دروست کـردبـێ؟ بـەڕاستـی تـۆ تـابلـۆیـێکی ڕەنگینـی پڕ لـە جـەفـەنگ و سیمبۆلی، من بەو هەموو جوانییەی خۆمەوە خەریکە حەزت لێبکەم..»

من هێندەی تر شێت و شەیدا و ماڵوێران و پەرێشان و سەرگەردان بووم.. دەمویست هەموو پەنهانە باڵبڕاوەکانم بەرەڵڵاکەم.. ئەو پەنهانییانەی کە تـاکـو ئـێستـا لـە مـن و خـوداوەنـد و ئـەوەی بـەرانبـەرم زیـاتر کـەسێکـی تر نەیدەزانی.. دەمویست ڕاستییەکان بۆ یەکێ بڵێم کە ڕێگا بە تەقینەوەی دڵم بگرێ.. هـێشوو هـێشووی ئـەسرین لـە چـاوەکـانمدا دەبـوون بـە شەرابێکـی خـوێنین و سەرخـۆشی دەکـردم.. گـریـام و هــەر دەگـریـام و زۆر زۆریش دەگریام.. من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبوو کە باوکم بە دایکمی گوت: «ئیرەم مێرد بە ″شوان″ نەکا، هەڵە دەکا، هەڵەکەشی تەنیا بە سەربڕین چارە دەکرێ»

من هێشتا دەگریام کە هەتاو گوتی: «ئیرەم گیان ئازارم دای؟ بمبوورە ئیرەم، خۆ هەڵەم نەکردووە؟» من لێم دیاربوو کە لێوەکانی هەتاو بە

بـەردەوامـی دەجـوولانـەوە، بـەڵام بـێئـاگـا بـووم، نـەمـدەزانـی چـی دەڵـێ.. دەگریـام و بیرم کردەوە، بیرم لـە کێ دەکردەوە؟ بیرم لـە چـی دەکردەوە؟ ئێ خۆ من نەمدەزانی بیر لە چی و بیر لە کێ دەکەمەوە!

هـەتـاو گوتـی: «خۆ هـەڵـەم نـەکردووە؟ دەزانم کـارەسـاتـی مرۆڤ لێرەدایـە کە هـەڵە بکا و نـەزانـێ هـەڵە دەکـا.. یـا هـەڵە بکـا و بزانـێ هـەڵـە دەکـا و بشیکـا.. یـا هـەڵـە بکـا، بزانـی و نـەزانـێ هـەڵـە کـە دەزانـێ بـەدوای ڕێگـاچـارەدا نـەگـەڕێ و تـەحـەمولـی ڕاستکردنـەوەی نـەکـا.. بـەڵام من هـەڵـەم نـەکردووە، من بـە تـەنیـا گوتم، بـەبێ چ نیگـارکێشێ تـابلۆی تۆی بـەو هـەموو جوانییـەوە نـەخشـاندبێ، من ئـاوێنـە بووام دەمکردی بـە نێرگز»

مـن زیـاتـر گـریـام، گـریـانـەکـەم لـە گـریـانـی کـچـێکـی ئـاسـایـی نـەدەچـوو.. بۆچی دەگریـام؟ کێ بوو منی دەگریـاند؟ ئێ خۆ من نـەمدەزانی کێیـە من دەگرییێنێ و بۆچی ئـاوا دەگرییێم؟

هـەر دەگریـام و فرمێسکم دەڕشت و دەگریـام.. لـە هـەتـاویش زیـاتـر گریـام کـە ئـەو کـاتـەی زانیبووی تـاریکیی لـەگـەڵ ئـەودا زەمـەنـی دابـەش کـردووە.. من دەگریـام و نـەشمدەزانی بۆچی دەگریـاییێم! کێ بوو دەیگریـاندم؟ بـەڵام دەمزانی کـە قسـەکـانی هـەتـاوە ئـاوریـان لـە ڕۆح بـەرداوە.. قسـەکـانی هـەتـاوە بوونـەتـە بومـەلـەرزە و ئـاوا فرمێسکی خوێنین لـە چـاوەکـانمدا هـەڵدەڕێژن..

هـەتـاو دەستی پڕ لـە تیشکی خستـە سـەر شـانـەکـانم و گوتـی: «بگرێی، گریـان گۆرانییێکـە لـە شێوەی فرمێسك بـەسـەر گۆنـاکـان دێتـە خوار.. بگریـە، گریـان ئـاوازێکـە ڕێگـای چوونـە دەرەوەمـان لـە دۆزەخـی دەروون پـێ نیشـان دەدا.. بـگـری چـونـکـە تـۆ بـە گـریـانـەوە وەکـو پـەپـوولـەیـەك وای لـە کـاتـی خولانـەوەی بـە چواردەوری شـەمعێکدا.. پێویستـە لـەسـەر ئێمـەی بـاڵشکـاو و بێ بـاڵ هـەمیشـە بگرییێن.. چونکـە گریـان بۆ ئێمـەی بێ بـاڵ و بـاڵشکـاو وەکو شیعر وایـە بۆ شـاعیرێکی بێ دەسـەڵات.. گریـان بۆ ئێمـە وەکو دروستکردنی تـابلۆیێ وایـە بۆ کـەڤـاڵڤـانێکی بێ دەسـەڵات».

من هـاوارم کرد: «.. نـا.. نـا.. نـا.. نـاااااا.. نیگـارکێشـەکـان بێ دەسـەڵات

نین، ئا شاعیرەکان بێ دەسەڵاتن، دەوڵەمەندەکان بێ دەسەڵاتن.. کوڕە وەزیرەکان بێ دەسەڵاتن.. هەموو کەسەکان بەبێ جیاوازی بێ دەسەڵاتن، نیگارکێش نەبێ!»

من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی دانیشتبووم بە دزیەوە گوێم لێ بوو باوکم بە دایکمی دەگوت: «ئیرەم بە ناوی "شوان"ی برازامە، خۆ ئەگەر وەکو تۆ ڕەفتار بکا و بە نەهێنی خۆی بە ناوی یەکێکی تر بکا، کە تۆ بە دزیەوە خۆت بە ناوی من کردبوو، ئەوا وەکو بەرخێك سەری پەل دەدەم و لە خوێنی دڵی خۆیدا دەیگەوزێنم»

من دەگریام و خەریك بوو شێت دەبووم، هەتاو بە توڕەیی و تۆراویەوە گوتی: «چییە ئیرەم گیان دەڵێی شێت بووی؟»

من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبووم و بە تەنیا تاریکیم لێ دیار بوو، بە هاوارێکەوە بە هەتاوم گوت: «شێت بوون هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری بەردەوام.. خەونی من ئەوەیە کە لەو ئازارە بەردەوامانە ڕزگارم بێ.. حەزمە ببم بە شێتێکی بەرەڵڵای بێ دایك و دایەن.. تکا دەکەم وازم لێ بێنی بۆ ئەوەی بە تەنیا بۆ خۆم و خەفەتەکانی خۆم و تاریکی بگریم».

هەتاو بە پرچی زێڕینەوە دەستی خستەوە سەر شانەکانم و ئەویش گریا: «نا.. نا.. ئیرەم گیان وا بە سانایی بە جێت ناهێڵم.. برادەرایەتی لەو پێکەنینە پاکە دەچێ کە دواتر دەتگریێنێ.. برادەرایەتی باران نییە، بەڵکو بورکانە و لە قووڵاییەوە دێ، ئایە دەشێ گۆرانی ئاوازی نەبێ و بیابان لمی نەبێ و دەریا بە بێ ئاو بێ و ژیانیش بە بێ خەون؟ نا.. نا ئیرەم گیان قەت وا بە سانایی بە جێت ناهێڵم، تا ئەو کاتەی بە چاوی خۆت گەمەکانی نێوانی تاریکی و ڕووناکی و پێکەنین و گریان و بەدبەختی نەبینی»

گوتم: «وەرە هەتاو گیان وەرە.. وەرە خۆشەویستە ئەزەلییەکەی من وەرە.. خۆشم دەوێی»

ئامێزم بۆی ئاوەڵاکرد و تیشکێك لەودیو پەنجەرە تاریکەکە درەوشایەوە و گوڵێك گەشایەوە و هەتاوم لە ئامێز گرت و تێر گوشیم.

هەتاو گوتی: «من تۆم زیاتر خۆش دەوێ»

گوتم: «باشە گیانە باشە، بەڵام جار وایە زمان زۆر لەو گوللە ساردە ترسناکتر و خەفەتبارترە کە دێت و دڵێکی گەرم لەت لەت دەکا»

هەتاو لە چاوەکانمی ڕوانی و ماچی کردم.. بێ دەنگی باڵی کێشا.. لێوەکانی بە گۆنای ڕاستمەوە نووساندبوو، هەر ماچی دەکردم، تەنیشت لێوەکانمی ماچ دەکرد، بێ وچان ماچی دەکردم، ماچەکانی تامێکی تایبەتی و چێژێکی تایبەتی زۆر سەرسامیان هەبوو، بیرمان چووبۆوە کە وشەیەك هەیە بە ناوی شەرم یا حەیا.. دەستە خوشکەکەی دایکم، دایکمی ماچ کردبوو، بیری چووبۆوە وشەیەك هەیە بە ناوی شەرم یا حەیا.. من هێور بوومەوە، دایکم هێور ببووە..

ئیدی جار نا جارێ هەنسکێکم دەکرد، زەردەخەنەیەك دەکەوتە سەر لێوەکانم، هەتاو گومانی نەما لە باشی حاڵم، ئەویش بزەیەکی کرد و گوتی: «هەندێ نهێنی هەن، هێندە جوانن، وەکو یاقوت و زمرووت و مەرجان وان لە نێو دڵی ماسیدا، ئیرەم گیان بیانپارێزە، بەڵام خۆ من داوای بینینی گەنجینەی ناخی تۆم نەکردبوو، بۆچی هێندە گریای؟»

من بێ دەنگ بووم، لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تەنیا تاریکیم دەدیت، کە گوێم لێ بوو دایکم بە باوکمی دەگوت: «دەبێ شانازی بە ئیرەم و "فیردەوس"ی خوشکی بکەی»

باوکم دەیگوت: «ژن هی ئەوە نین پیاو شانازییان پێوە بکا، سەگێکی بەرەڵڵا لە ژنێکی بە ڕەوشت وەفادارترە.»

من بێ دەنگ بووم، هەتاو گوتی: «من دەمەوێ بزانم تۆ بۆ چی هێندە گریای؟»

من بێ دەنگ بووم، بێ دەنگی باڵی کێشا.. هەتاو ماچێکی توند توندی

لە تەنیشت لێوەکانم کرد و، گوتی: «خۆشەویستی ڕاستەقینە لە نێوانی دوو کەس، وەکو نووسیین و دیالۆگێکی بە کۆد وایە، هەموو ئەو کەسانەی کە یەکتریان خۆش دەوێ لە زمانی یەکتری تێدەگەن و ژمارەی کردنەوەی قفلی سندوقی ڕۆحی یەکتر دەزانن، تۆ ئاگاداری کە ئێمەیش توانستی قسەکردنمان هەیە لەگەڵ یەك بە زمانی ڕۆح و بە زمانی عاشقان، بەڵام خۆ من هیچم نەگوتووە کە ئازاری تۆ بدا، من بە تەنیا گوتم، دەبێ چ نیگارکێشێکی خودایی، نیگاری جوانیی تۆی ئاوا ئەندازیارانەی کێشابێ؟»

دەستە خوشکەکەی دایکم بە دایکمی گوتبوو: «دەبێ چ قەسابێ ئاوا خوێنی تۆی ڕژاندبێ؟»

من لە پرمەی گریانم دا و هاوارم کرد: «هەتاو تۆ دەڵێی قەسابی کە ئاوا بە چەقۆی وشە خوێنم دەرێژی؟»

هەتاو بێ دەنگ بوو، بێ دەنگی باڵی کێشا.. دواتر گوتی: «بێ دەنگ دەبم، خۆ بێ دەنگیش جۆرێکی ترە لە قسە کردن».

هێشتا گوللە ساردەکە دڵی گەرممی نەبڕیبوو، کە من بەسەر هەتاودا چریکاندم، قیژاندم، خوشك ئەو هاوارەی لە خوشك قبوڵ نەدەکرد، برا لە برا و خوشك و، خوشك لە برا، باوك لە منداڵەکانیی و بە پێچەوانەشەوە، دایك و منداڵەکانیش بە هەمان شێوە.. نازانم چی بوو؟! بۆچی ئەو حەقەم بە خۆم دا کە هێندە دڵڕەقانە و ناشارستانییانە بەسەر هەتاودا بقیژێنم کە بە بەردەوامی تیشکی دەدایە ناوەوەم و جگە لەوەیش بە تەنیا ئاماژەیەك بوو، ڕێگای ڕووناکی نیشان دەدام و هیچیتر نا..

هەتاو گوتی: «لێ نەبوردن و کینە و نەزانیین لە هاوکێشەی برادەرایەتی دەرکە، شتێکی ڕووت دەمێنێ پێی دەڵێن: تێك گەیشتن و خۆشەویستی.. بۆیە هەموو شتێکت لێ قبوڵ دەکەم چونکە هیچ کینە و نەزانیین و باوەڕی تۆڵە لەنێو هاوکێشە و تێکگەیشتن و عیشقی نێوانی ئێمە دا نییە»

دایكم گوتی: «دەتدەینە "شوان"ی ئامۆزات، كوڕێكی كاسب و باشە..»

من قیژاندم: «نالێم قەساب خراپن، بەڵام من ڕقم لە بۆنی خوێن و تامی خوێن و ڕەنگی خوێن دەبێتەوە.. ئێمە دوو دنیای لێكجیایان».

باوك بەسەر داهاتەوە، خەریك بوو بمكوژێ.. دایكم لە ژێر دەستی دەرهێنام و گوتی: « بشمری، بە پرچی سپیشتەوە بی، هەر دەبێ ببیت بە ژنی شوان»

گوتم: «باوكە، دەستت ماچ دەكەم، من ڕكم لە بۆنی خوێن و ڕەنگی خوێن و تامی خوێن دەبێتەوە»

باوكم گوتی: «خودا بۆ خاتری دیتنی خوێن ژنی خولقاندووە، ئاخر هەر ژنیش بوو پیاوی لە بەهەشت بە دەرنا، بۆیە هەر كە فام دەكەن خوێن دەبینن، تا هەموو مانگێك هەفتەیەك سزا بخۆن و بیر لە ڕێگای ڕاست بكەنەوە».

من زۆرم لا سەیربوو، كە هەتاو قبوڵی قیژان و فیغان و جنێوی منی دەكرد.. بە هەتاوم گوت: «بمرە، بەڵام جارێكی دی ئەو ناوە دووبارە مەكەرەوە..»

دایكم بە دەستە خوشكەكەی خۆی گوتبوو: «بە دەستە خوشكەكەی بمرە، بەڵام ئەو ناوە دووبارە مەكەرەوە».

هەتاو گوتی: «جا ئێمە جگە لە زمانی بەبەغا، هیچ زمانێكی دی دەزانین؟ بەڵام پێم بڵێ من چیم گوتووە؟»

گوتم: «ئەو ڕستەیەی پێشوو».

ڕووی خۆی وەرگێڕا.

هەتاو بێوچان منی ماچ دەكرد و گوتی: «باشە گیانی من باشە.. شەرتبێ وشەیەك لە دەوی من نەیەتە دەرەوە و بێ دەنگ دەبم، خۆ بێ دەنگیش جۆرێكی ترە لە قسەكردن..»

هەندێ جار بێ دەنگی بێزارییە.. بێ دەنگی لە دراماییێکی تراژیدی دەچێ، ئێمە بێ دەنگ بووین، کڕو لاڵ.. لە ناخەوە دەمردم و دەژیامەوە، دەشەوتام و فێنك دەبوومەوە.. لە پەنجەرە ئەودیو تاریکەکەم دەڕوانی، بە تەنیا –با– و تاریکیم لێ دیاربوو.. حەزم دەکرد هەمدیس هەتاو ئەو ناوە دووبارە کاتەوە، کێشەو گرفتێك نەبوو لە چ ڕستەیەك و چۆن ڕستەیەکی بە کاردێنی.. گرینگ ئەوە بوو، دەمویست پڕ بە ڕۆحم بۆ خۆم و هەموو هاوپۆلە نامورادەکانم و تاریکیی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە بگرییێم.. هەتاو هەر ماچی دەکردم، لەززەتم لە ماچەکانی دەدیت و هێور دەبوومەوە و نەشمدەزانی بۆ!

دەمویست هەتاو ئەو دێوەزمەی بێ دەنگییە بڕەوێنێتەوە، تا من هەمدیس لە پرمەی گریان بدەمەوە، کەچی نەدەدوا..

من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبووم، چاوم لێ بوو باوکم بە دەنگێکی بەرز تا منیش گوێم لێبێ بە دایکمی دەگوت: «ئەگەر ئیرەم مێرد بە "شوان" نەکا، وەکو بەرخێك لە ناو خوێندا دەیگەوزێنم و کەولی دەکەم و دڵەکەی دەدەمە پشیلەیێك.»

من دەگریام هێور نەدەبوومەوە، هەتاو گوتی: «بۆچی دەگری، خۆ من هیچم نەگوتووە؟»

من دەمویست نهێنییەکان بدرکێنم، کەچی مانەندی هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام، ترس لە هەموو شتێ، ترس لە –با– و ترس لە داهاتوو..

هەتاو گوتی: «قەینا بگریە، هەندێ جار گریان دڵتەنگی و ترس دەڕەوێنێتەوە، بگریە ئیرەم گیان بگریە، بەڵام بۆ خاتری ئەو هەموو جوانییەت کە نیگارکێشێکی نەناسراو ئافەریدەی کردووە، حەقیقەتەکانی ناخی خۆتم پێ بڵێ.. ئەی نەمانگوت، برادەر سندوقی نهێنی برادەرەکەیەتی؟»

من هەمدیس لە پرمەی گریانم دایەوە، بەڵام ئەو جارەیان جیاتر لە هەموو جارەکانیتر.. لە دەستم بووایە خۆمم دەکوشت.. گریام و لە ناخەوە گریام و بێئامان و بێوچان دەگریام.

هەتاو گوتی: «بگریە، گریان کارەکەری ڕۆحێکە کە بە گەسکی فرمێسك ژان و حەسرەت و کەسەر و مەراق و خەمەکان کۆدەکاتەوە و لە ماڵی ڕۆحیان وەدەر دێنێ.. بگریە، خۆشەویستە ناسکەکەی خۆم بگریە.. گریان جووتێ پێی تەنافبازێکە و لە سیرات دەتپەڕێنتەوە نزیك کەنارەکانی فیردەوس.. دە بگریە خۆ ئێمە گوتمان، گریان بەتاڵکردنی گڵاسی ژانەکانی ڕۆحە و، تژی کردنییەتی، بە ئارامی و پێکەنین بگریە، چونکە گریان شیعرێکە بە زمانی ڕۆح، دەفتەرێك نۆتەیە لە شێوەی فرمێسك، دەڕژێتە سەر گۆناکان، بگریە گیانی من بگریە».

من لە تەنیشت ڕێگا کۆتایی قفڵدراوەکە ڕۆنیشتبووم، هەتاو منی هێور دەکردەوە و دەیگوت: «بگریێ، گریان وەفای چاوە بۆ ڕۆح، بەڵام خۆ من هیچم نەگوتووە، پێم ناڵێی بۆچی هێندە دەگری؟»

هێزم نەما هێندەی بگریم، فرمێسك نەما هێندەی دایبارێنم و بگرییێم.. توانا نەما چیتر نهێنییەکان وا بە پەنگخواردوویی و قەتیسماوییەوە لەناو دڵ و گیانمدا بهێڵمەوە، چیتر هێزم نەما شەرابی بێ دەنگی بنۆشم.. من چیدی باوەڕم بە پاراستنی نهێنییەکان نەما، دەبوایە زووتر ئەو نهێنییانە بدرکێنم، بەڵام حەزم بە گریان بوو، ئایە من ئێستا من لە حەشرم، یا لە عەرشی گەورەدا لە بەرامبەر خۆشەویستە قیندار و دڵڕەقەکەی خۆم ئەو شاهێدیانەتان بۆ دەدەم؟

هێشتا گوللە ڕووتەکە دڵی ماسکداری منی خاپوور نەکردبوو کە من بە هەتاوم گوت: «ناوی ″نیگارکێش″ نەهێنی، چونکە دەمرم».

(نیگارکێش– پەیکەرتاش) کێ بوو؟ چی بوو؟ لە کوێ هاتبوو؟ بۆچی هاتبوو؟ ئایە ئەو سیحر بوو یا ئەفسانە؟ بەختەوەری یا بەدبەختی؟ شەو

و تاریکی بوو یا خۆر و ڕووناکی؟ درۆیێکی گەورە بوو یا ڕاستی؟ خێر بوو یا شەڕ؟ گوناهـ بوو یا سزا؟ پێکەنین بوو یاخود گریان؟ چوزانم چی بوو!

ئەوە نەبێ کە دەهات و بە نێو کچەکاندا تێپەڕ دەبوو، سەری بەرز نەدەکردەوە، قژێکی درێژی بەسەر شانەکانیدا پەخشان کردبوو، سینەی ئاوەڵاو ملوانکەیەکی زیوین و مەدالیاییێکی دووپشکی بە ملییەوە بوو، ئای خودا چەندە گران بوو ئەو نیگارکێشە؟

ئەوە چی بوو ئەو خوداوەندە هێور و ناز فرۆش و عیشوە فرۆشە؟ سینەی پانی بە ماسولکە ڕەقەکانی لەگەڵ ماسولکەی بازوویی و ڕوخساری پەریی لە –با– دەچوو، دەتگوت نەسیمە و بەبێمنەتی بەنێو بەردەکاندا گوزەر دەکا.. هەندێ کتێبی لە بن باڵەکانی دادەنا و دەهات و تێپەڕدەبوو.. دەتگوت درەختێکی هەمیشە سەوزی نەمرە و ئێمەیش سێبەری زەرد.. ئەو لە ڕۆح دەچوو ئێمەیش لە جەستە، ئەو غەجەر بوو، من و هاوپۆلەکانیشم خاك، لە کوێ بووایە ئێمەش لە ژێر پێیەکانی ئەو.. ئەو باران بوو من و هاوپۆلەکانیشم خاك، لە کوێ دابباریبووایە ئێمەیش لە ژێر دڵۆپەکانی ئەو.. ئەو بورکان بوو، بورکانی سوور، ئێمەیش تەمننای سەوز.. چی بوو ئەی نیگارکێشە ترسناك و بەختیار و سەرسامە؟

سیحر بوو یا ئەفسانە؟

جگە لە من و هاوپۆلەکانم، هەموو کچەکانی تری زانکۆش دایرێکت و ناڕاستەوخۆش خۆشیان دەویست، یان بە لایەنی کەم شتێکیان لەودا دۆزیبۆوە و ئەو شتەیان خۆشدەویست..

ئەو وەکو –با– دەهات و بەنێو بەردەکاندا تێپەڕ دەبوو، ئایا ئەو زریان بوو، کە ئاوا ئێمەی درەختی هەڵدەوەراند؟ تیشك بوو کە ئاوا ڕۆشنایی دەدایە دەروونمان؟

نیگاکانی ڕوو لە خاك، دەتگوت یەقینە کە لە خاکەوە هاتووە! پێدەچوو خاکی لە ژن خۆشتر بۆی.. لەوە دەچوو عاشقی قوڕ و خاك بێ نەك کچە

جوانەکانی زانکۆ، ئەو دەهات و وەکو–با– بەنێو بەرەکاندا گوزەری دەکرد..

من لە خۆم پرسی: «دەبێ نیگارکێشێ وا ئەندازیارانە قامك و قژ و باسك و سینە و گرانبەهایی ئەوی بەو شێوەیە خوڵقاندبێ؟ ئەو نیگارکێشە کێیە؟ چییە؟ پەیامی چی بۆ هێناوین؟»

تابلۆی هێندە نامۆی دەنەخشاند، ئێمە بە دیاریەوە هەڵدەکورماین، وابزانم ڕەنگی تابلۆکانی لە ڕەنگی گلێنەکانی خۆی وەردەگرت، کەس نەیدەزانی ڕەنگی گلێنەکانی چەند ڕەنگن! ڕەش و قاوەیی و برۆنزی و سەوز و سوور و زەردە.. ڕەنگی گلێنەکانی وەکو ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی ئیتاڵی دووەمی ئاسمان وابوون.. هەندێ جار کە بەیانیان دەهات و وەکو نەسیم تێپەڕ دەبوو، ئێمە بە دزیەوە لە گلێنەکانمان دەڕوانی و دەکەوتینە شەرتکردن، شەرتمان دەکرد لەسەر هەڵهێنان و ئاشکرا کردنی ڕەنگی گلێنەکانی.. هەبوو دەیگوت: «نانی نیوەڕۆ لە کافتریای کۆلێژەکە لەسەر من، ئەگەر ڕەنگی گلێنەکانی وەکو ڕەنگی گلێنەی کۆتر وانەبوون!»

یەکێکی تر دەیگوت: «لەسەر ملوانکەیەکی زێڕ مەرج دەکەم، ئەگەر ڕەنگی گلێنەکانی وەکو ڕەنگی گلێنەکانی ئاسك وانەبوون..»

من دەمگوت: «ناتوانم مەرج بکەم، چونکە ناشێم و ناتوانم دەستنیشانی ڕەنگی گلێنەکانی بکەم»

هەتاو گوتی: «هەندێ ڕەنگ هەن هێندەی لە ڕەنگی سیحر نزیکن، ئەوەندە لە ڕەنگەکانی خودی ڕەنگ نزیك نین..»

من گوتم: «کەوابێ چاوەکانی سیحرن.. سیحرێکی ئەبەدی، پڕن لە پەنهان و ئاینده، کەس ناتوانێ خوێندنەوەیان بۆ بکا!»

هەتاو گوتی: «ئەبەدیەت، درۆیێکی پێکەنیناوییە و لە غیابی ڕاستییە نەگۆڕدراوەکان سەرهەڵدەدا»

جار نا جارێ کە بەیانیان وەکو شنەی سەحەر دەهات و تێپەڕ دەبوو، ئێمەیش، من و هاوپۆلە مەراقدارەکانم لە چاوەکانیمان دەڕوانی، سپیاتی

چاوەکانی سوور سوور هەڵگەڕابوون.. ئای ئاسمان کە بەو سووراتییەوە هێندەی تر جوانتر دەبوون چاوەکانی..!

ئەو دارستان و ڕووبار‌بوو یا ئۆرفیۆس؟ هەموومان دەمانپرسی بۆچی هێندە خاکی خۆش دەوێ؟ ئایا ئەو دەیزانی و یەقین بوو کە ئەو لە قوڕدا خولقاوە؟ سەرمەستێکی مەغرور و شێت بوو، یاخود عاقڵێکی خودایی کە لە کچەکانی نەدەڕوانی؟ ئای خودا، چەند گران بوو شیکارکردنی ئەو هەموو گریمانە و هاوکێشانە؟

هێشتا گوڵلە هەورینەکە بە دڵی سامالْمدا تێپەڕ نەببوو، کە هەتاو فرمێسکەکانمی دەسڕییەوە و منیش پەنهان و نهێنییەکانی ناخی خۆم بۆ هەڵدەڕشت..

من گوتم: «ئەو دەهات و وەکو –با– تێپەڕ دەبوو، من و هاوپۆلە هێڤیدارەکانیشم بەرد بووین.. ئەو خاکی لە ئێمە خۆشتر دەویست.. کێ ناڵێ ئەو دەیزانی و یەقین بوو، کە ئەو لە خاکەوە خوڵقاوە؟»

جار نا جارێ پێشەنگایێکی دەکردەوە، تابلۆ و پەیکەرەکانی بە دار و دیوار و درەخت و ئاسمان و عەرد هەڵدەواسین.. ئەو ڕەنگانەی نیگارکێشەکە بە کاری دەهێنان، ڕەنگی گڵێنە و ناخی خۆی بوون، هەموو تابلۆ و پەیکەرەکانی سەرنج ڕاکێش بوون..

(تابلۆی مانگی کێشابوو، لە جل و بەرگی ″گەدە″یێکی برسییدا.. لە جیاتی نان، پێویستی بە نیگارکێشێك بوو).. (تابلۆی دەنگی گریانی کێشابوو).. (تابلۆی بۆنی بخووری کێشابوو).. (تابلۆی حۆرییێکی موحەجەبەی کێشابوو).. (تابلۆی لەرینەوەی پێکەنینی لە باوەشی گریاندا کێشابوو).. (تابلۆی ″ڕووتیی″ کێشابوو جل و بەرگی لەبەردابوو).. (تابلۆی ژیانی کێشابوو کاتێ لەبەر مردن ڕادەکا).. (تابلۆی گۆرانیێکی کێشابوو کاتێ بۆ عاشقێکی سەرکێش خۆی دەچڕی).. (تابلۆی پەپوولەیەکی کێشابوو، لە ڕۆژی خۆشەویستی جیهانیدا بە ڕووتی شینی دەکرد).. (تابلۆی بەرخێکی

کێشابوو لە کاتی سەربڕیندا دەگریا).. (گوڵێکی کوێری دروست کردبوو، لە تەلەفزیۆن سەیری سەمای پەپوولەیەکی بێ باڵی دەکرد).. (تابلۆی دەنگی لێدانی کێشابوو).. (تابلۆی خیانەتی کێشابوو، کراسێکی سووری پۆشیبوو).. (تابلۆی هەتاوی کێشابوو لە کاتی تاریکیدا).. (تابلۆی بەفری دروست کردبوو، حیجابی لەسەر بوو، تەنوورەیەکی فش و کراسێکی بەرینی لەبەردابوو).. (مامزێکی دروست کردبوو، ڕاوی پڵنگێکی دەنا و دەیویست دەستەمۆی بکا).. (وێنەی بەبەغایێکی کردبوو، بە بێ دڵی لە نێو خوێنی خۆیدا گەوزابوو).. (قولە ڕەشێکی دروست کردبوو، وزەی کارەبایی لە نێو جەستەیدا هاتوچۆی دەکرد).. (تابلۆی –با– کێشابوو، بە نێو بەردەکاندا ڕەت دەبوو).. (وێنەی گورگێکی کێشابوو، نۆتەکانی "سۆناتەی تریفە و سەمفۆنیای چارەنووس"ی دادەنا و جگەرەی دەکێشا) هەموو تابلۆکانی پڕ بوون لە پرسیار، بەڵام لە هەموو تابلۆکانی سەیرتر ئەو تابلۆیە بوو (گوللەیەکی ڕەش دێت و بە دڵێکی سپیدا ڕەت دەبێ و، مەسیح مات و مەلوولە، بە ناخۆشحاڵی و سەرسوڕماوییەوە لە خاچدراوە).. تابلۆییێکی تری دروست کردبوو لە ژێرەوە ناونیشانی تابلۆکە ئاوا نووسرابوو (سێوێکی موحەجەبە، بە ڕووتی).. کە من بەرامبەر ئەو تابلۆیە وەستام، تەواو تێگەیشتم.. بەڵێ، وێنەی منی بە ڕووتی کێشابوو، من بووم، بەڵێ سەد دەر سەد من بووم بە ڕووتی، ئیدی گومانم نەما.. وەکو چۆلەکەیێك لە خۆشیدا هەڵدەپەڕیم.. وەکو سەرما و زریان هەڵدەلەرزیم.. من بووم.. ئیدی پێدەکەنین لە ناخمدا چرۆی کرد.. دەتگوت وام لە ژێر باران و تاڤی بەختەوەریدا، سەما دەکەم.. لووت و چاو و ڕان و مەمك و بەلەك و لێو و بزە و فرمێسك و ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە و ڕێگا کۆتایی قفڵدراوەکە و هەموو وردەکارییەکانی لەو تابلۆیەدا نەخشاندبوونی من بووم، یا بەشێکی ژیانی من بوون.. هەموو شتەکانی بە ڕووتی نەخشاندبوو، (نووح بە ڕووتی بە دوای لافاودا دەگەڕا).. (پەپوولەیەك بە ڕووتی پەیماننامەکەی خۆی لەگەڵ گوڵدا دەشکاند).. منی بە ڕووتی نەخشاندبوو، خۆ من هێشتا ئەو شوێنانەی

خۆمم ئاوا بە ڕووتی نەدیتبوو، کە ئەو هێندە وردبینانە وێنەی کێشابوون!

هەتاو گوتی: «ئیرەم گیان ئاگاداربە، پیاو ئاژەڵە و ژنیش ڕووەك»

بۆچی لەنێو ئەو هەموو هاوپۆلە باڵشکاو و، مەراقدارەم وێنەی منی کێشابوو؟ ئاخر من چیم کردبوو تا نیگارکێشێك بێت و ئاوا عاری عاری بە ڕەنگە سیحراوییەکانی بمدرەوشێنێ؟ کە زیاتر و زیاتر ڕووەو قووڵایی تەماشا و، تەئەمولکردن لەو تابلۆ و پەیکەرانە چووم، هەموو تابلۆ و پەیکەرەکانی ئەو نیگارکێشە یەکێ لە ئەندامانی جەستەی منی تیا بوو، دەمی منی لە شوێنی دەنووکی کۆترێك دانابوو، چاوانی منی لە شوێنی چاوەکانی بازێکی دامیاری کەنداوی دانابوو.. پشیلەیەکی کردبوو دوو مەمکی قیتی بە سینەیەوە نوساندبوو، مەمکەکانی هێمن بوون، نەك هی هی هیچ کچێکی تر.. منی لە بەفر دروست کردبوو، بە دیار ئاگرێکەوە خۆم گەرم دەکردەوە.. جەستەی سەگێکی لە برۆنز دروست کردبوو، دوو کەللە سەری هەبوو، یەکێکیان من بووم و ئەویتر خۆی، یەکتریان ماچ دەکرد.. ئای کە هەستێکی جوانی لا خولَقاندم ئەو پەیکەرە!!

ئەی خودا چی بوو ئەو نیگارکێش و پەیکەرتاشەی کە بە قامکە بلوورینییەکانی، کە بە دەستە زێڕینەکانی، کە بە ڕەنگی گلێنەی چاوەکانی، کە بە سینەی پان و ماسولکە ڕەق و گیانڕفێنەرەکانی، هێرشی هێنایە سەر هەرێمی هیلاك و ترسنۆکی ڕۆحم..؟ ئەو بەهەرەیە بە ناونیشان و بێ وڵات و بێ ئاسمانە چی بووکە تۆ بەو قژ درێژە غەجەرییە گرانبەها و ئێستەتیکەیەت دابوو؟

من و هاوپۆلە مەراقدارەکانم بۆی دەمردین و، ئەویش لە هەموو تابلۆ و پەیکەرەکانیدا، ئەندامێکی جەستەی منی دەخولَقاند..

من دەگریام و هەر دەگریام و بەردەوام دەگریام.. هەتاو فرمێسکەکانی منی دەسڕییەوە و دەستی لەسەر شانەکانم دانابوو.. لە گلێنەکانمی ڕوانی و بە خەفەتێکەوە گوتی: «کەوابێ یەکتریتان خۆش دەوێ؟»

هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی نەپێکابوو، کە بە هەتاوم گوت: «نەك هەر خۆشم دەوێ، بەڵکو بۆی دەمرم.. نا نا مردن نا.. شتێك داوی مردن.. هەموو چریکەیێ جارێ بۆی دەمرم.. پەیمانیشم بە خۆم داوە، هەموو فەرمانەکانی بە بێ بیرکردنەوە جێبەجێ بکەم.»

زۆر زۆر گریام و هەر گریام و تا لە نکاوێکدا بە دەم گریانەوە هەتاوم جێهێشت..

جار نا جارێ پێشەنگاییێکی دەکردەوە، باڵندەکانی بە ئەندامانی لەشی مـن دەڕازانـدەوە، مـنـی دەکـردە کـوکـوخـتـی و خـۆشی دەکـردە کـیسەڵ.. کیسەڵەکە هێور هێور بەرەو کوکوختییەکە ڕێگای دەگرتە بەر..

کیسەڵەکە ئاوڕێکی لە کوکوختییەکە دەدایەوە و بزەیەکی خوێنینی بۆ دەکرد...

گوێم لێ بوو باوکم بە دایکمی دەگوت: «دەیدەمە: ″شوان″ی برازام، بۆ قەساب چییان نییە کە کەسانی دی هەیانبێ؟ دواتر هەمیشە بێگانە وەکو کیسەڵ وان و خزمیش وەکو باز».

من لە پەنای دەرگا بچووکەکەدا، کە لە درزەکەیدا بە تەنیا تاریکیم دەدیت، ڕۆنیشتبووم و دەگریام، هەر دەگریام و هەر دەگریام و نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منیش نەدەهات..

نیگارکێشە قەرەجەکەی منیش نەدەهات..

چاوەکانم شل شل ببوون لە تەماشاکردنی تاریکیی ئەودیو پەنچەرە تاریکەکە، لە ڕامان و تەماشاکردنی قفڵەکانی ڕێگا قفڵدراوەکە، لە هەتاوم دەڕوانی کەچی بە تەنیا سووراتی ئاسمانم لێ دیاربوو.. هەر چاوەڕوانی گوڵێکی شین بووم بگات، چاوەڕوانی فریشتەیەکی سەوز بووم بگات، چاوەڕوانی قەرەجێك بووم نامەیەکم بە خەتی ئەفسانە بۆ بێنێ کەچی هەر نەهات.. شتەکان نەدەگەیشتن، ئایە چارەنووس بوو ڕێگای نەگەیشتنی شتەکانی لێ گرتبووم؟ هەر چاوەڕوان و چاوەڕوان بووم،

کەچی خۆشەویستە غەجەریەکەی من نەدەهات و نەدەهات..!!

جار نا جارێ بەر لەوەی گوللە ڕەشەکە دڵی سپیم لەت لەت بکا، ئەو پێشەنگاییێکی دەکردەوە، منی دەکردە حۆری و لەسەر بەردێك دانیشتبووم.. دەیان دولفین یارییان بۆ نمایش دەکردم، گەمەیەکی جوان و بێباکانەیان بۆ دەکردم دولفینەکان.. دوو باڵی لە جەستەی من دەڕواند، سپی سپی دەچوومەوە و بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕیم و هەڵدەکشام.. کەس نەیدەزانی بۆ کوێ هەڵدەفڕم؟

ئەو دەهات و وەکو -با- بەنێوانی من و هاوپۆلە ڕۆح بریندارەکانم تێپەڕ دەبوو.. چاوەکانی لەسەر خاکدا هەڵنەدەگرت.. دەتگوت دەزانێ و یەقینە کە ئەو لە خاکەوە هاتووە!

چاوم لێ بوو، باوکم بەدایکمی دەگوت: «دەیدەمە ″شوان″ی برازام، خۆ ئەگەر ڕازیش نەبێ، سەری سفر دەکەم و گوێچکە و لووتی دەبڕم و لە ناو قەفەزێکی دادەنێم، بۆ ئەوەی خەڵك بێنە سەیرانی..»

هەتاو دەیگوت: «وا مەزانە ئەوانەی سۆزانینە و لەشی خۆیان لە سۆزانیخانەکاندا دەفرۆشن، کەسانی بێ ڕەوشت بن.. چونکە لە پشت هەر ئاکامێك دنیایێ هۆکار هەن..»

من دەگریام و هەتاو دەیگوت: «پێشکەیەك دەتوانێ سەرۆکێك تووڕە بکا و جەنگێك دروست بکا»

من هەر دەگریام و هەر دەگریام و نیگارکێشە غەجەرییەکەی منیش هەرگیز نیگاکانی لەسەر عەرد بەرەو لای من وەرنەدەچەرخاند.. ئەو دەهات و وەکو -با-ی پایزان بە نێو گەڵاکاندا گوزەری دەکرد.. وەکو وەرین دەهات و بەسەر زەمینێکی پایزیدا گوزەری دەکرد..

منیش لە دەورەوە هۆن هۆن ڕۆندکی خوێنینم هەڵدەوەراند.. ئەو بۆچی منی بۆ تابلۆکانی خۆی هەڵبژاردبوو؟ بۆچی وێنەی حەیا و شەرەف و ناموسی منی ئاوا کێشابوو؟ بۆچی منی ئاوا لە نێو برۆنزدا ڕووت کردبۆوە؟

خۆ من هیچم نەکردبوو ئاسمان، تا ئەو نیگارکێشە ڕۆشنایییەکانی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکەم نیشان بدا..؟

وێنەی منی لەسەر دار و بەرد و دیوار و بنمیچ و گوڵ و دڕکیشدا کێشابوو.. جا ئەو نیگارکێشە شێتە وێنەی منی لەسەر چ شتێ نەکێشابوو؟

هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی گەرمەی نەبڕیبوو کە یاخەی ئەو نیگار کێشەم گرت و بە تووڕەییێکەوە بەسەریمدا قیژاند، هاواری کرد: «عەیب نییە پیاوێکی کەمبەهای وەکو تۆ، ڕەسمی گرانبەهای وەکو من بە ڕووتی بکێشێ؟ دیارە تۆ ڕەوشتێکی زۆر نزمت هەیە کە بەرامبەر یەکێکی ڕەوشت بەرزی وەکو من بێ ئەدەبی دەنوێنی؟ بۆچی ڕێزی مرۆڤی بەرامبەرت ناگری؟ ئایا تۆ پرسیوتە کە ڕێگات پێدەدەم وێنەی من ئاوا بە ڕووتی بکێشیت؟»

ئەو نیگارکێشە دەتگوت کوڕە تاقانەکەی خوداوەند، وەکو نوور دەدرەوشایەوە، دەتگوت لە خاچی دەدەن هێندە بە ناخۆشحاڵییەوە وەستابوو.. هێور هێور بوو، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە.. نازانم بۆچی هەر لێشی نەڕوانیم!

من دەگریام و دەدوام، ئەو لە خاکی دەڕوانی، من هاوارم کرد: «تۆ ئاژەڵیت و منیش ڕووەك « ئەو هەر لە خاکی دەڕوانی، من دەگریام و بە دەستی چەپەم یاخەی کراسەکەیم گرتبوو، بەدەم گریانەوە گوتم: «نیازت وایە بمخۆیت، دەتەوێ لەناوم بەری، دەخوازیت لە ڕەگەوە هەڵم تەکێنیت؟»

ئەو هەر و هەر لە خاکی دەڕوانی.. من دەگریام و خەریك بوو شێت دەبووم و نەشمدەزانی چیم داوایە!!

ئەو لە خاکی دەڕوانی، من هەتا هێزم هەبوو زللەیێکم بە دەستی ڕاستەم لە بناگوێی چەپەی دا.. ئەو ڕوومەتی ڕاستەشی هێنا و هێشتایش هەر لە خاکی دەڕوانی، من بە دەستی چەپەم زللەیەکی ترم لە بناگوێی ڕاستەی دا، ئەو هێشتا هەر لە خاکی دەڕوانی.. دەمویست بیکوژم،

لەتوپەتی بکەم و خوێنەکەی بخۆم، ئایە من جەللاد بووم؟ یانیش حەزم دەکرد ببێتە خوێن و بە نێو جەستەمدا پیاسە بکا؟ یانیش ئەوەتەیە من کەروێشکێکی دەسەمۆبووم، بە پێستەوە لە نێو دەوی مارێکی هێور؟ ئێ خۆ من نەمدەزانی چیم و چیم داوایە!

نازانم بۆچی نەدەدوا! ویستم زللەیەکی تری لێ بدەم، کەچی هەتا هێزی هەبوو زللەیەکی لێ دام و بەرچاوم، وەکو تاریکی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە تاریك داهات و حییجابەکەم فڕی و لە پڕمەی گریانم دا. ئەو هێشتا هەر لە خاکی دەڕوانی، من نەمدەزانی دەبێ چی بکەم!

ماندووبووم، زۆر زۆریش ماندوو، باوکم گوتی: «جارێکی دی بە پرچی بەرەڵڵاوە بتبینم لە نێو باخچەکەدا دەرس بخوێنی، گوللەیەکی تاریکت لێ دەدەم، تا دڵی ڕووناکت لەت لەت بکا و چیدی بە چاوی خۆت، شینیی ئاسمان و تاریکی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە نەبینییەوە».

من دەگریام و نەمدەزانی دەبێ چی بکەم! هێور بوومەوە و وەکو پشیلەیێکی خەواڵو خۆم لە ئامێزی نیگارکێشەکەدا دۆزییەوە.. ئەو منی هەڵگوشی.. وەك چۆن ستیانەکەم دوای شۆرین هەڵدەگوشم ئاوا هەڵیگوشیم.. تێنەدەگەیشتم دەیویست چیم بەسەر بێنێ!؟

دەتگوت چۆڵەکەیەکەو دەیەوێ دەنکە گوڵەبەڕۆژەیەك بە دەنووکەکانی بقرتێنێ.. هێندەی زیاتر لە ئامێزی خۆیدا گرێی دەدام، من هێندەی تر دەکرامەوە.. لەودیو پەنجەرە تاریکەکە تیشکێك دەرکەوت.. من نەمدەزانی دەیویست چیم بەسەر بێنێ!

دایکم گوتی: «باوکت دوژمنی مرۆڤە کراوەکانە، ئەوانەی بە دزیەوە خۆیان لە باوەشی غەریبان دەکەنەوە.»

من لە باوەشی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم کرابوومەوە، خەریك بوو لە خۆشحاڵیدا دەسووتام، دەخنکام، ماچی دەکردم و بێوچان ماچی دەکردم.. من دەگریام لێوەکانیم هەڵدەمژی، بێوچان ماچیم دەکرد.. چی

بوون ئەو لێوە شیرینانەی خودایە؟ سیحر یا ئەفسانە؟ ئایا شەراب بوون کە منتان ئاوا سەرخۆش کردبوو؟ من دەگریام و سووراتی لێوەکانیم هەڵدەمژی.. توند توند بە قامك و نینۆکە درێژەکانم مەمکەکانم تێکدەقۆپاندەوە، ئایا من پشیلە بووم؟

باوکم تاکە نەعلەیێکی لە پشیلە خرپنەکە گرت و هاواری کرد: «ژن و پشیلە لەیەك دەچن»

هێشتا گوڵڵە ڕەشەکە دڵی سپیمی زوێڵ زوێڵ نەکردبوو، کە نیگارکێشەکەی من، منی بردە ناو ستۆدیۆ تایبەتییەکەی خۆی و، بە بێدەنگی لێمی ڕوانی و دەستیی کرد بە کارکردن..

من کراسە بەرینەکەم فڕێ دا و بە پانتۆڵێکی ڕەشی مۆدێرن و فانیلە عەلاگە ڕەشەکەم لەسەر قەنەفەکەی بەرامبەری ڕاکشام و دەستم کرد بە زەردەخەنە.. لە ڕوخساری وردبوومەوە، لە دەست و پەنجەکانی، لە گلێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی، وێنەی خۆمم لەناو ئەودا دەدیت، ئایە ئەو کاتە ئاوێنەی ژیانی من بوو؟

دایکم لەسەر قەنەفەکە بەرامبەر بە باوکم بە زەردەخەنە کردنێکەوە ڕاکشا و، لە دەستی خوێنین و پۆشاکی خوێنینی باوکمی ڕوانی.. باوکم دەستی دایە تاکە پێڵاوێکی خوێنین و ئاراستەی دایکمی کرد و گوتی: «ئەگەر ژنێك، تەنیا جارێکیش بە زەردەخەنەوە لەسەر قەنەفەیەك بەرانبەر بە پیاوێك ڕاکشێ، ئەوا فێر دەبێ بەبێ منەتی لە ژێر هەموو پیاوەکانی تریش ڕاکشێ»

هەتاو گوتی: «پیاو وا هەست دەکەن کە بە تەنیا ژن لە پیاو لە دایك دەبێ، زوو زوو لە یادیان دەچێ کە ئەوانیش لە ژن لە دایك دەبن!»

من هێشتا هەر لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابووم، نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منیش، هەر بە هێوری کاری خۆی دەکرد، جگەرەی دەکێشا و بێ بیرکردنەوە کاری خۆی دەکرد.. هەستا، بتڵە وێسکییەکەی کردەوە و دوو

گڵاسەکەی نیوە تژی کرد.. دوو پارچە بەفری تیٚ کردن و گڵاسێکی دایە دەستی من..

من لە گڵاسەکەی نیوە دەستمم دەڕوانی کە هاتەوە بیرم لەبەر باوکم زۆر ڕکم لە خواردنەوەی دەبۆوە، شەوانە کە بە سەرخۆشی دەهاتەوە ماڵ، گوڵەکانی هێوری ماڵی دەوەراند، گڵاسەکانی کامەرانی دەشکاند، دەریاچەی بەختەوەری دەوشکاند.. شەوانە کە بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵ ئامیی و هێوری و بەختەوەری ماڵی لیٚ تێك دەدایەن.. خۆ ئەگەر نەیتوانیبووایە شەڕ بە من بە دایکم بە فیردەوس بفرۆشیٚ، ئەوا دەکەتە جنێودانێکی هەڕەمەکی و شەڕی بە خۆیی و بە خوداوەند دەفرۆشت.. بە شتێکی بچووك هەڵدەچوو، گومانی لە هەموو شتیٚ دروست دەکرد، گومانی لە کردنەوەی دەرگاکەی سەریان دەکرد کە -با- جیرە جیری پێدەکرد، گومانی لە پەنجەرە کراوەکەی من دەکرد کە -با- ئاوەڵای کرد بوو، گومانی لە گەرمیی -ئاو- دەکرد لە ماڵەکە، گومانی لە دڵخۆشیی و هێوریی و حەسانەوەی ئێمەیش دەکرد.. گومانی لە هەموو شتیٚ دەکرد، دەیویست هەر چۆن و بە چ شێوازێك بیٚ ناخی خۆی ڤاڵا بکا.. ئایە ئێمە شوشە بووین بە شکاندنمان دڵی ئەومان ئارام دەکردەوە؟ کە لە پرتە و بۆڵە بۆڵ دەبۆوە، پەلامـاری بەرماڵە سوورەکەی دەدا و دەستەکانی دەخستە بناگوێیەکانی و دەیگوت: «نیەتم هەیە چوار ڕکەعەت نوێژ دەکەم.. ئاخر خودای گەورە، ئەگەر منت بۆ ئەو هەموو گومان و عەزابە دروست کردیە، هەر دروستت نەکردبووام باشتر بوو، بسم الله الرحمن الرحیم..».

دایکم دەیگوت: «قوڕ بەسەرت، نەدەزانی قیبلە لە کامە لایە و، نە دەشزانی نوێژی چ کاتێك دەکەی.. ئەی هەش بە سەرت پیاوە سەرخۆشەکە».

باوکم وازی لە نوێژکردن دەهێنا و بە تووڕەییێکەوە کە هەر لە بورکان دەچوو، ووشەکانی بەڕێزەوە لێك جیاکان پەرش دەبوون، بێگومان سەرخۆشییان پێوە دیار بوو، دەیگوت: «بۆ نایەی فێرم بکەی ڕووم لە کامە لا بکەم؟ من دەزانم خودا لە هەموو شوێنێك و لە هەموو کاتێك و لە

سەرووی هەموو کاتێك و لە سەرووی هەموو شوێنێکیشدا وجودی هەیە..
دواتر بۆچی پێویستە من ناوی ″کاتی نوێژکردن″ بهێنم، قابیلە ئەو خودایە گەورەیە نەزانێ کە من نوێژی چ کاتێك دەکەم؟ حەزیش ناکەم جارێکیتر ناوی سەرخۆشی بهێنێ، چونکە نوێژ بە ڕێگای خۆیی و سەرخۆشیش بە ڕێگای خۆی..»

هەتاو گوتی: «باوەڕ ناکەم شتێکی ئاڵۆزتر هەبێ لە مێشکی مرۆڤ!»

من گلاسە وێسکییەکەم لە دەستی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم وەرگرت و ئەویش هێشتا هەر لە تابلۆکە و خاکی دەڕوانی.. من نەدەوێرام بخۆمەوە، باوکم دەهاتەوە یاد.. بەڵام بۆچی نەخۆمەوە؟

خۆ من تازە هەر هی ئەوم.. ئاڵای سپیم لە ژێر گەردوگۆڵی بن پێی ئەسپی گلێنەکانی ئەودا هەڵکردبوو..

ئەو لەناو کارکردنێکی بەردەوام دابوو، دەتگوت لە جەنگێکی گەورەدایە، جگەرەی دەکێشا و قوم قوم وێسکیی دەخواردەوە و بە وردیش خەریکی کامڵ کردنی تابلۆکە بوو..

باوکم بە دایکمی گوت: «ئەگەر کچێك ئاڵای سپی، بە ڕێگاییێکی نا شەرعی بۆ کوڕێك هەڵکا، حەق وایە وەکو بەرخێك لە نێو باعە باع و فرمێسك و خوێنی دڵیدا بیگەوزێنن».

هەتاو گوتی: «مرۆڤ دەتوانن گۆشتی یەکتریش بخۆن، لە هەموو دڕندەکان دڕندەترن، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە لە چەمکی دڕندەیش تێدەگەن، کەچی ناتوانن دەستی لێ هەڵگرن».

نیگارکێشەکە هەر بە بێدەنگی کاری خۆی دەکرد، کە من گلاسە خاڵییەکانم بە وێسکیی تژی کردەوە و، مەست بووم.. تا ئەو دەمە نەمدەزانی ″مەستبوون″ تیشکێکە لە پێناو ڕۆشەنکردنی تاریکیی دونیای ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە.. نەمدەزانی ″مەستبوون″ کلیکی کردنەوەی ڕێگا قفڵدراوەکانە و، نەشمدەزانی ″مەستبوون″ حەقیقەتە و ″ئاگایش″ درۆ!.

بە هەتاوم گوت: «″مەستیی″ پردێکە لە نێوانی ژیان و مەرگ..»

هەتاو گوتی: «″مەستیی″ و ″ژیان″ هەردووکیان کورتن، ″نامورادی″ و ″مەرگ″ هەردووکیان درێژن»

من مەست بووم و چوومە پشت نیگارکێشەکە و بە وردی لە تابلۆکەم ڕوانــی، (لــەنــاو هــەوردا کـورسیـێکـی کـریستــاڵـی دانـرا بــوو، شێوەی عەنکەبووتی دەدا.. من لەسەر کورسییەکە دانیشتبووم و شاهێدیم دەدا.. گورگێك لە تەنیشتم وەستا بوو، سینەی پڕ بوو لە مەمکی مرۆڤ) خەریك بوو هەندێ فریشتەی بە ڕووتی لە چواردەورەمان دەنەخشاند..

لە دەستی من دا نەبوو، باسکە سپی و ڕووتەکانم خستە سەر شانەکانی و، کەوتمە ماچکردنی لاملی.. نەرمایی گوێچکەکانیم بە لێوەکانم دەگەست.. ماچم دەکرد و دەگریام.. خۆ من نەمدەزانی چی دەکەم و دەبێ چی بکەم؟ ئایە من بۆچی دەگریام؟

مەمکەکانمم بە پشتی بەهێزی نووساندبوو، ماچم دەکرد و دەگریام.. ئەویش هەر بە هێوری و ئارامییەوە بە بێ ئەوەی لێم بڕوانی، وێنەی فریشتەکانی چواردەوری کورسییەکەی تەواو دەکرد..

هەتاو دەیگوت: «زۆر جار هونەر، هونەرمەند دەگەیەنێتە ئۆرگازموزی باڵا.»

من مەست و تووڕە و بێئۆقرە بووم و دەگریام و نەمدەزانی چیم داوایە! نەمدەزانی بۆچی دەگریم!

دەستم دایە قووتییێك ڕەنگی سەوز و بە جارێك هەموویيم پێداکرد.. ئەو بە هــێوری ڕوخساری خـۆی سڕیــەوە و هـێشتــایش هــەر وێنــەی فـریشتــە ڕووتەکانی دەکێشا.. من مەست و توڕە و بێئۆقرە بووم و دەگریام، دەستم دایە قووتییێك ڕەنگی زەرد و بە جارێك هەموویيم پێداکرد.. ئەو بە هێوری ڕوخساری خـۆی سڕیـەوە و هـێشتـایش هـەر وێنـەی فریشتـە ڕووتـەکـانی دەکێشا.. دەستم دایە قووتییێك ڕەنگی سپیی و قووتییێك ڕەنگی سوور و بە

جارێك هەموویيم پێداكرد.. ئەو بە هێوری ڕوخساری خۆی سڕییەوە و هێشتایش هەر وێنەی فریشتە ڕووتەكانی دەكێشا.. من مەست و تووڕە و بێئۆقرە بووم و دەگریام، دەگریام و نەمدەزانی چیم داوایە! نەمدەزانی بۆچی دەگریام!

هەتاو گوتی: «كاتێك دەروونی مرۆڤ پڕدەبێ و ناتوانێ خاڵیی بكا، ناچار دەبێ شتە پڕەكانی دەرەوەی خۆی بەتاڵ بكا».

من قووتییێك ڕەنگی سپیم پێداكرد، "ئەو" نەبزوا.. قووتییێك ڕەنگی كەسكم پێداكرد نەبزوا "ئەو".. كە قووتییێك ڕەنگی زەردم پێداكرد "ئەو" هەر نەبزوا.. قووتییێك ڕەنگی سوورم پێداكرد، "ئەو" زەردەخەنەییەكی كرد.. كەچی هێشتایش هەر دەدوا.. ئایا بۆچی نەدەدوا؟ ئەو بێدەنگییە چی بوو؟ ئەی ئەو هەموو هێمنییە؟ ئایا ئەو دەریاییێكی مەنگ و مەست و پڕ لە مەست بوو، یاخود نهێنییێك كە كرانەوەی ئاسان نەبێ؟

من قووتییێك ڕەنگی سوورم پێداكرد و ئەو زەردەخەنەیەكی كرد.. تابلۆی پڕووشك پڕووشكی سووری بەركەوتبوو.. دیار بوو ئاوا تابلۆكەی پێ جوانتربوو.. ئاوڕێكی دایەوە و لە گلێنە مەستەكانمی ڕوانی.. من گڵاسی ڤالآم نیوە تژی كردەوە بە "گرانتس".. ئایە من حۆری بووم، لە كەنارێكی ڕووبـاری بـەهـەشت وێسكیم بۆ نیگاركێشێكی ئاسمانی دەهێنا؟ من گڵاسەكەم دایە دەستی، گڵاسەكە كەوت و شكا.. ئەو ڕووتی كردمەوە.. ڕووت ڕووت.. یەكەمین جارم بوو لە ژیان، كە ئاوا لە ئاوێنەی جەستەی ڕووتی یەكێكی تر وێنەی جەستەی خۆم بە ڕووتی ببینم..

هەتاو گوتی: «ڕووت بوونەوە شیعرێكە، لە مێژووی مرۆڤایەتی دەدوێ»

باوكم گوتی: «ڕووت بوونەوە، واتە: دەرچوون لە پێستی ئەخلاق و چوونە نێو جەستەی ڕیسوابوون.. بۆیە كاتێ كە دەمرین، بە ڕووتی لە ژێر خاكمان دەئاخنن، تا خودا بەزەیی بە ڕووتی و ڕەجاڵی ئێمە بێتەوە.. بۆیە بە ڕووتی لە ژێر خاكمان دەنێن تاكو بەزەیی پێمان بێتەوە و بزانێ كە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بوونەوەری ڕیسواین».

هەتاو گوتی: «ئادەم و حەواش هەر بە ڕووتی پیاسەیان دەکرد.»

مـن وەکـو کـاتـەکـانـی لـە دایـکـبـوون و مـردن ڕووت و قـووت بـووم.. مەستبووم، بە ڕووتی و مەستی بەرامبەر نیگارکێشەکە وەستابووم.. ئەو خاوەنی هێزێکی ئەفسووناوی بوو.. دەیتوانی بە مشتێك بارگینێك لە عەرد بگەوزێنیّ.. سەرەتا منی لە عەرد نەگەوزاند، بڵندی کردم و دواتر لە نێو ڕەنگە سوورەکەدا درێژی کردم.. ″ئەی خودای گەورە، ئەوا من لە چی دەدوێم؟″.. ئایە من خەون دەگێڕمەوە یاخود چیرۆکێك کە لە ڕاستیدا ڕووی دابوو؟.. یانیش ڕووداوێکی ڕاستەقینە کە هەرگیز لە یاد ناکریّ؟

بـە ڕووتـی لـە نـێو ڕەنـگـە سوورەکـەدا ڕاکشابـووین.. جـەنگ هـەڵایسا.. جەنگی مان و نەمان.. خەریك بوو لەبەر مەستی و ژوان و لەززەت و برین و ئەو هەزاران ئۆرگازمۆزەی کە بە دوای یەکتر دادەهاتن دەمردم.. ئایا من لە نێو مردندا دەژیام؟ یاخود مردن لەناو مندا یاری دەکرد؟ جەنگ کۆتایی هات، کەچی ئێمەیش هێشتا هەر لەنێو ڕەنگی خوێن و، ڕەنگە خوێناوییە سوورەکەدا ڕۆنیشتبووین.. لە ئامێزیدا هەڵکورمابووم.. من دەگریام و ″ئەو″ ماچی دەکردم..

لـە تـەنیشت پـەنجەرە ئـەودیو تـاریکـەکە بـە تـاریکی ڕۆنیشتـبووم و لـە تاریکیم دەڕوانی و پرسیاری ئەدرێسی ماڵی ڕووناکیم لیّ دەکرد، کە دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبیّ سەرنجی ڕاکێشام..

باوکم بوو گوتی: «بێنە کوڕم بێنە»

″شوان″ بـەرخـەکـەی بـە ڕاکـێش ڕاکـێش و پـەل بـەستراوییـەوە هـێنـایـە حـەوشەکـە.. کـە نـزیك کـەوتمەوە و تـەواو ڕامـام و ورد بـوومـەوە، دیـتـم بـەرخـەکە دەگریـا.. دەیبـاعـاند.. بـاع بـاع بـاع بـااااع بـاااااااااع.. هـاواری دەکرد و دەیناڵاند.. دوعای سەرەمەرگی بۆ خۆی دەخوێند.. گلەیی لە ژیان دەکرد، من دەمزانی لە بێتاوانیی خۆی دەدوا.. زگم بۆی سووتا و منیش گریام.. دەتگوت مەسیحە و بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچی دەدەن..

دەتگوت حوسێنە و دەیانەوێ سەری بە ناخۆشحاڵییەوە لە جەستەی جیا بکەنەوە.. بەرخەکە هەر دەگریا و دەینالاند..

″شوان″ چەقۆ تیژەکەی بە گەرووی داهێنا و خوێ و بەرخەکەی لەنێو خوێندا گەوزاند... سەری بەرخەکە کەوتە لایێك و جەستەشی لایێکی تر.. چاوم لێ بوو، چاوەکانی کەللە سەری هێشتا فرمێسکیان هەڵدەوەراند و گلەییان دەکرد.. جەستەی بەرخەکە دەیبباعاند.. ڕۆحیشی لە شینێکی بێ وێنەدا لە خوێ دەدا.. ئایە عاشورا بوو؟

شوان کەوتە بڕینی پێیەکانی بەرخەکە و، دەستی کرد بە –فوو– تێکردنی و، باڵۆنێك پڕی کرد لە هەوای خوێنینی سییەکانی.. چەقۆییێکی بە زگی داهێناو بەرخەکە کەوتەوە شێوە ئاساییەکەی، بەڵام بە زگێکی هەڵزڕاوەوە.. خۆ هێشتا ڕۆحیشی بە تەواوی دەرنەچووبوو، کە شوان دەستی کرد بە کەوڵکردنی..

هەتاو گوتی: «ئەوەی بتوانێ سەری مێروولەیەك ببڕێ، دەتوانێ مرۆڤیش وەکو بەرخ کەوڵ بکا». شوان سەرەتا دڵی بەرخەکەی دەرهێنا و هاوێشتیە بەردەم پشیلەکە.. من هاوارم کرد: »هێی من حەزم لە دڵە.. حەزم لە دڵی هەموو ئەوانەیە کە چارەنووسیان لە دەستی خۆیاندا نییە، بۆچی دەیدەنە پشیلە؟»

شوان گوتی: «مامە گیان، شتی وا سەیرت دیتییە، ئەو بەرخە دڵی پێوە نەبوو!»

باوکم گوتی: «کوڕم گرینگ ئەوەیە ئێسکەکانی باش بشکێنیت و، نەرمکەکەی بکەیتە قیمە»

هەتاو گوتی: «دڵی ژن بە چاوێلکەی پیاو وەکو دڵی بەرخ وایە.»

باوکم بە دەنگێکی بەرز، هەتا منیش گوێم لێ بێ بە دایکمی دەگوت: «ئیرەم دەدەینە ئەو کوڕە ئازا و چەلەنگە، هەتا هەتایە دەحەسێتەوە، لێی بڕوانە چۆن ئەو ئێسك و پڕووسکانە ورد و خاش دەکا..»

من بێ وچان و بێ پشوو دەگریام و کڕ نەدەبوومەوە، نیگارکێشەکە ماچێکی لە لێوەکانم کرد و گوتی: «حەزمە جارێکی تریش بێی، تا لەناو ڕەنگی خوێنت بگەوزێنم و مەمکەکانت بەو سوورایییە ڕەنگڕێژ بکەم و –ئاو– یان برەم..»

من دەگریام و کڕ نەدەبوومەوە.. دەگریام لە خوێنی خۆمدا گەوزا بووم.. « خۆ ئەو بەرخە بەستەزمانە هیچی نەکردبوو، لە خوێنی دڵی خۆیان گەوزاند! لەت و پەتیان کرد و سارد ساردیان هەڵگەڕاند.. دەتگوت هەرگیز ڕۆحی لەبەر دا نەبووە!»

هەتاو دەیگوت: «کە مرۆڤیش مرد، وەکو بەرخ دەبێتە چەند پارچە گۆشتێکی سارد، جاروبار زیندووەکان لەناو قاپی بیرەوەریدا دەیخۆن.»

من دەگریام و باوکم بە دایکمی دەگوت: « خودا لە پێناوی شوان ئیرەمی بە ئێمە بەخشیوە»

هێشتا گوللە تیژەکە دڵی لووسمی کەور نەکردبوو، کە لە ستۆدیۆکە هەمدیس لەناو سوورێکی تاریکی خوێنین ڕاکشابووین.. قووتیێك بۆیەی ڕەشیشی هانی.. من نەمدەزانی چی دەکا.. نەمدەزانی من دەبێ چی بکەم.. بە پەنجەی شەهادەی و بە بۆیە سوورەکە دەستی کرد بە دروست کردنی پەنجەرەیەکی خوێنین لەسەر زگم.. پشت پەنجەرەکەی بە بۆیاغە ڕەشەکە تەواو تاریك کرد.. لەسەر ڕانەکانم دوو ڕێگای قیرتاوی درێژ درێژی تا نزیك پەنجەی پێیەکانم کێشا و کۆتایی ڕێگاکانی بە دیواری بەرز بەرز قفڵ دا..

لەسەر مەمکی چەپەم وێنەی –با– ی کێشا.. لەسەر هی ڕاستەیش وێنەی سەراب.. لەسەر پشتم تابلۆی پێکەنینی کێشا، لەو کاتەی کە لەنێو دەوی گریاندایە.. من نەمدەزانی چی دەکا..! دەگریام و ئەو ڕاکشا.. هەمدیس بە وێسکیی مەست بووین و جگەرەشم کێشا.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من، خۆی لەنێو ڕەنگە خوێناوییەکەدا گەوزاند و، من بەسەریدا ڕاکشام..

هەتاو گوتی: «پیاوەکان کە تێنووی تێرکردنی غەریزە و حەزەکانیانن، وەکو بەرد وان لە ژێر دەستی ژناندا.. کە تێریش بوون دەیانەوێ لاسایی –با– بکەنەوە و ژنیش بکەن بە بەرد.»

ئێمە لەنێو ڕەنگە سوور و ڕەشەکە ڕۆشتبووین کە جگەرەیێکی دایە دەستم و ڕووی خۆی وەرگێڕا.. من ماچم دەکرد و دەگریام.. جگەرەکەی بۆ داگیرساندم و ڕووی خۆی وەرگێڕا و نەدەدوا.. من هەر دەگریام و هەر ماچم دەکرد و ئەویش هەر نەدەدوا.. جار نا جارێ ماچی دەکردم و بە نیگاییێکی خێرا لەو تابلۆیەی دەڕوانی کە گوللەیەکی ڕەش و وشك دێ و دڵێکی سپی و تەڕ دەبڕی و، مەسیحیش بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچدراوە.. من ئەوم ماچ دەکرد و من شوانم بیرکەوتەوە، کە سەری بەرخەکەی پەل دەدا.. شوانم بیرکەوتەوە کە سەری بەرخەکەی لە لەشی جیا کردەوە.. باعە باع و فرمێسکە هەڵوەراوەکانی بەرخەکەم کەوتەوە یاد.. لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی ڕۆنیشتبووم، کە دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو و زەڵە و زەنایێك سەرنجی ڕاکێشام.. "شوان" بوو.. چەپکە گوڵێکی سوور سووری بە دەستەوە بوو، بۆنی خوێنی لێ دەهات.. پۆشاکێکی نوێشی پۆشیبوو، کەچی هێشتا بۆنی دوکانی قەسابی و بۆنی خوێنی لێ دەهات.. من لە ڕەنگی خوێن و تامی خوێن و بۆنی خوێن و ئەتمۆسفێری ناکۆتای خوێن بێزار ببووم.. بەدایکمی گوت: «من لە منداڵییەوە بە دەستی خوێن دەناڵم، ڕکم لە بۆن و تام و ڕەنگی خوێنە.. واز لە کۆلێژی پزیشکی دەهێنم.»

هەتاو گوتی: «ئەگەر ژان و خەفەت و ئازارەکانی ژن بدەینە پیاو.. یا بە تەنیا خوێن بینینی مانگانەی ژن بدەینە پیاو ئەوا دوای دوو ڕۆژ لەسەر زەویدا نامێنێ»

دایکم دەیگوت: «ئەدی چ دەخوێنێ؟»

گوتم: «حەزمە ببم بە نیگارکێش..»

گوتی: «بۆچی نیگارکێش»

هـەتـاو گـوتـی: «نـیـگـارکـێش دەتـوانـێ لـە هـەر تـابـلـۆیـێك گـەردوونـێك بـخولقێنێ..»

گـوتم: «دەمـەوێ بـە ڕەنگ گـوزارشت لـە هـەڵـوەرانـدنـی فـرمـێسکـەکـانـی ڕۆحی خۆم بکەم»

باوکم گوێبیستی ئەو قسەیە بوو، خەریك بوو بمکوژێ.. دایکم لە ژێر دەستی دەرهێنـام و بـاوکم بە هەڕەشە گوتی: «خوێندن و موێندن تەواو، دەیدەمە "شوان"ی برازام، یەك ژنی ماڵێ هەزاران دکتۆرە و نیگارکێش دەهێنێ».

شوان چەپکە گوڵێکی سوور سووری بە دەستەوە بوو، بۆنی لێ دەهات، من ئۆقرەم نەما و دەستم بە گریـان کرد.. حاجی مامم لە لای سەرەوە دانیشتبوو، پێدەکەنی، بـاوکم دەیگوت: «"شوان" کوڕی خۆمە، جا ئیرەم پێشکەشی شوان نەکەم، دیدەمە چ گەوادێك؟»

هەتاو گوتی: «شووکردن لە لەناو ئێمەدا، تەسلیم کردنی چارەنووسی خۆتە بە یەکێکی تر.. شووکردن واتە: «نزیکبوونەوە لە ئاگری دۆزەخ، جا بە حەزی خۆت بێ یا حەزی یەکێکی تر.. هەمیشە ئازادی جوانترە.»

من لە نزیکەوە بۆنی خوێنم دەکرد و.. پۆشاکە نوێیە خوێنینەکە کاسی کردبووم.. من لە نزیکەوە ڕەنگی خوێنم دەدیت و لە نزیکەوە تامی خوێنم دەکرد و خۆشەویستە دوورەکەی منیش دەرنەکەوت.. دەهاتەوە یادم کە لە نێو ستۆدیۆکە بەسەر خوێندا ڕایخستبووم.. شوان زەردەخەنەی دەکرد و بۆنی پۆشاك و بۆنی هەناسە و ڕەنگی زەردەخەنە سوورەکەی هێرنجییان پێ دەهێنام.. شوان هەر بۆنی خوێنی لێ دەهات و منیش دەگریام.

دایکم هات و سینی سەر پڕ لە گڵاسی شەربەتی دایە دەستم، شەربەتی تـرێ بـوو، دەتگـوت خـوێنی جـەرگمـە، هـێندە سوورتـاریك بـوو.. من گڵاسە خاڵییەکانی نێو ستۆدیۆی نیگارکێشەکەم هاتەوە یاد، دایکم پاڵی پێوە نام و، لە دەرگای ژوورەکەدا چوومە ژوورێ، دڵم لەرزی و گریام، سینییەکە لە

دەستی لەرزۆکم کەوتە خوارەوە و گڵاسەکان شکان، من گڵاسە شکاوەکانی نێو ستۆدیۆیەکەم کەوتەوە یاد کە لە کاتی تێئاڵاندا شکان.. ڕامکردە دەرەوە و گریام..

حاجی مامم گوتی: «قەینا مەکتەبلییە.. کە هات با "شوان" فێری بکا»

باوکم هاتە ژوورەوە، من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی ڕۆیشتبووم بۆنی ڕەنگێکی سوورم دەکرد و دەگریام.. باوکم دەمێکی درێژ بەڵغەمی نێو سییەکانی بەرەو نێو دەمی هەڵکێشاو تەواو کۆی کردنەوە و ئاراستەی منی کرد و گوتی: «دیارە ناترسی "شوان"ت لە دەست بچێ؟ "ژیان دەرفەتە"، دیارە سەگێکی وەکو تۆ، ناتوانێ سوودی لێ ببینێ؟ دەزانم حەیامان دەبەی»

هەتاو گوتی: «لە فەرهەنگی ئێمەدا، وشەی حەیا واتە: دەرهێنانی دڵی ئازادی لە جەستەی ئازادیدا و فڕێدانە بەردەمی سەگ.»

من هەر دەگریام و بۆنی خوێنم لە پۆشاکە نوێیەکانی "شوان" دەکرد..

نیگارکێشە غەجەرییەکە منی لە نێو خوێندا گەوزاند و گوتی: «خۆشم دەوێی»

هەتاو گوتی: «بەرەڵلاکردنی وشەی خۆشەویستی لە دەم کارێکی سانایە، بەڵام دروستکردنی خۆشەویستی لە نێو ڕۆح و هەناسەکاندا پرۆسەیەکە لە دروستکردنی گەردوون دەچێ»

من هەر دەگریام و نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم ماچ دەکرد، هەستام بە خاولییێك ڕەنگەکانی جەستەم سڕییەوە، تابلۆیەکی سەر زگ و مەمکەکانم نەبێ، دەمویست نیشانی هەتاویان بدەم، هەتاوم نەدیتەوە و نیشانی فیردەوسم دان..

هەتاو دەیگوت: «زۆرجار وایە "دووریی"، عەشق بەهێزتر دەکا لە نێوانی دوو عاشقدا».

چـەنـد ڕۆژێك دەبـوو، خـۆمـم نـەشۆریـبـوو.. دەتـرسام لـەوەی (–ئـاو– هـەستـەکانی نیگارکێشەکەی خۆم لەسەر زگ و مەمکەکانم بسڕێتەوە.. هـەستم دەکرد ئەوەی سەر سك و مەمکەکانم تابلۆی ئاسایی نەبوون، بەڵکو ئەوە ″ئەو″ خۆی بوو کە لە شێوەی ڕەنگ بەسەر جەستمدا تلابۆوە و پەخشان ببوو..)

لە ستۆدیۆ تایبەتییەکەی بە نازێکەوە، گڵاسە خاڵییەکانم تژی کرد لە وێسکیی و دوو جگەرەمان داگیرساند.. خۆم ڕووت کردەوە، نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من، ماچێکی لە تابلۆکەی سەر زگم کرد و، نەختێ لێوی بەو –با– یە داهێنا کە لەسەر مەمکی ڕاستەم دروستی کردبوو، بە دەستی چەپیشی مەمکی چەپەمی تەواو گرمۆڵە کردبوو، تەئەمولی بۆ وێنەی سەرابەکە دەکرد..

لێوەکانمی ماچ دەکرد و گوتی: «تا ئەو ڕادەیە منت خۆش دەوێ؟»

هەتاو گوتی: «هەندێ جار یەکێك لەبەر ئیگۆئیستییەتی خۆی، هەوڵ دەدا هەستەکانی یەکێکی بەرامبەر بە خۆی دەستەمۆ بکا».

من گوتم: «نەك هەر خۆشم دەوێی.. بەڵکو بۆت دەمرم، پەیمانم بە خۆم داوە، هەتا مابم لە هیچ یەك لە وتەکانت، لە فەرمانەکانت دەرنەچم».

ئـێ خـۆ مـن هـیـچـم نـەکردبوو بـەر لـەوەی گوللـە ساردەکە دڵی گەرمم خیشار خیشار بکا.. لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی دانـیشتـبـووم، دەتگوت کوکوختیم، دەرسم دەخوێند و بیری ئەو ڕۆژەم دەکردەوە کە نیگارکێشەکەی خۆم لەسەر بەردێك ڕایخستم و، وێڵانە بە فلـچـە و بـۆیـە کـەوتـە ڕەنگکردنی جـەستـەم، نـازانم وێنـەی چـی دروست کـردبـوو؟ بـەڵام ڕەنـگـەکـانی هـێندە بـە جوانـی تێکەڵ و ئـاوێتـە کردبـوو دەتـگـوت کـیـمـیـاگـەر و ئـیـکسیـرێکـە و دەیـەوێ لـە مـرۆڤـەوە بمگۆڕێ بـۆ تـابلۆیێکی ئەفسووناوی..

کـە لـە نـێو ئـەو کـێوانـەدا لـە جـەستـەی ڕووت و ڕەنـگـاوڕەنگی خـۆمـم

دەڕوانی، هەر لە تابلۆیێکی "دادا"یی دەچووم کە لە سروشت دروست کرابم..

بە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم گوت: «باسی ئەو تابلۆیە سیحراوییەم بۆ بکە»

هەتاو گوتی: «ناشێ کەسێ بۆ یەکێکی تر باس لە تابلۆیێك بکا.. تابلۆ کتێبێکە بە حەرفی ڕەنگ نووسراوە، چاو و هەست دەیانخوێننەوە نەك عەقڵ و لۆژیك»

من لەسەر کەڤرێکی کەنار ڕووبارەکە، لە بناری شاخێکدا بە ڕووتی ڕاکشابووم، لە درەختە پەلوپۆ کەسکەکانم دەڕوانی، نیگارکێشەکەی من بە کامێرا ڕەسمی دەگرتم..

گوتم: «سروشت تابلۆیێکە، لە گۆرانییێکی بێدەنگ دەچێ.. خوداوەند هەمیشە لە کاتی پشوویدا تەئەمول بۆ جوانییەکانی سروشت دەکا و لەززەت لە جوانییەکانی دەکا».

من لەسەر کەڤرەکە بەسەر پشت و ڕوو لە ئاسمان ڕاکشابووم و لە قووڵایی شینایی ئاسمانم دەڕوانی و گوتم: «ئەو نیگارکێشە سەرکێش و شێتە کێیە کە ئاوا بە بێ پرس خۆی کردووە بە نێو دنیای خەونەکانم؟»

ئاوڕێکم لێ دایەوە، هێشتا ڕەسمی دەگرتم..

باوکم ڕەسمێکی منی هەڵدایە پێشم و گوتی: «باش بوو دانی پیانا کە وێنەی تۆی لە خوشکەکەی دزیە و لای خەڵك باسی کردیە کە حەزت لێ دەکا.. خۆ ئەگەر نا وەکو بەرخێك کەللەی سەرتم لە لەشت جیا دەکردەوە.. تف و لەعنەت لە دراوسێی ئاوا خوێڕی کە نەتوانێ منداڵەکانی بەشێوەکی باش پەروەردە بکا».

حاجی مامم بێ پرس خۆی کرد بەژوورەوە، "شوان" چەپکە گوڵێکی بەدەستەوە بوو، بۆنی خوێنی لێ دەهات.. بۆنی خوێن لە سمێڵە گەورەکانی دەهات، ڕانك و چۆغەرێکی سۆرتاریکی نوێی لەبەردا بوو، پشتێنێکی سووری لە ناوقەدی ئالاندبوو، وێنەی چەند بەرخێکی

کەوڵکراوی لەسەر بوو.. ورگی کەوتبووە سەر پشدێنە سۆرتاریکەکەی، من لووتی خۆمم توند گرتبوو، کەچی خەریك بوو هێشتا لەبەر بۆنی خوێن کاس دەبووم.

هەتاو گوتی: «بۆنی خوێنیش جێگای دیالۆگ و قسە لەسەر کردنە.. کەسانێك هەن بۆنی خوێنیان لە بۆنی ئەلکحول و جگەرە و عیشق پێ خۆشترە».

من بیرم لە بۆنی خوێن و بیرم لە بۆنی ڕەنگە سوورەکەی نێو ستۆدیۆکە دەکردەوە..

غەڵبە غەڵبێکم گوێ لێ بوو، باوکم بوو دەیگوت: «فەرموو مامۆستا فەرموو»

دایکم پاڵی پێ وەنام و گوتی: «برۆ ژووری هەی ناکەس بەچە»

من دەگریام و فرمێسکەکانم دوو ڕووباری سوور بوون و کەسیش نەیدەزانی ڕووگەی ڕۆیشتنیان ڕوو لە کوێیە!

باوکم دەسەسرە پڕ لە بەڵغەمەکەی هەڵدایە پێشم و گوتی: «چاوە مۆنەکانت بسڕە هەی ناکەس بەچە.. بەچاوی فرمێسکینەوە نەتبینم قەحپەی لە قەحپە».

من چوومە ژوورێ و بە تووڕەییییەوە دەستم دایە چەکوشێك و کەوتمە شکاندنی پەیکەرەکان، سەری پەیکەری خوداوەندێکم پەلدا، لووتی یەکێکیانم شکاند، یەکێکم لە خوداوەندەکان لە ناو قەدیەوە دوو لەت کرد، شێتانە چەکوشەکەمم ڕادەوەشاند، کەوتمە چەکوش لێدان لە کەللە سەری خوداوەندەکان و هاوارم کرد «دەمبەی یان نا؟ تازە کار لە کار ترازا»

نیگارکێشەکە مەست بوو، لە شوێنی خۆی نەبزوا، هەر لە خاکی دەڕوانی و مژی قووڵی لە جگەرەکە دەدا و بەنەرمییەوە لە بن لێوەکانیەوە گوتی: «ئیرەم خۆش دەوێیم.. بەڵام دەبێ ببووری چونکە ناتوانم بتبەم، دواتر بۆ کوێت ببەم؟

مـن تـووڕە بـووم و دەگـریـام، ئـاوڕم دایـەوە قـووتـیـێك ڕەنـگـی سووری خوێناوی دیار بوو، هەموویم بەجارێك پێدا کرد.. ئەو شێتانە ڕابوو، ڕووتی کردمەوە، من ڕوخساریم نەدەدیت لەبەر ڕەنگی سوور.. لە باوەشی کردم و وەکو عەرد ڕایخستم، ئاگرێکی گەورەی داگیرساند و منی تیا ئاخنی، ئایا لەبەر شکاندنی پەیکەرەکانی بوو کە منی ئاوا لەو ئاگرەدا ڕاخستبوو؟ من لە نێو ئاگرێکی گەورەدا ڕاخرابووم، ڕاکشابووم، پەڕەسێلکەی لەززەتم لێ دیـار بـوو فێنکییـان دەهێنـا... هـانکـە هـانکمـان بـوو، دەسووتـاین و هێور بووینەوە، سارد بووینەوە، سارد سارد دەتگوت شەختەین و لە ئامێزی یەکتردا هەڵکورماوین..

هەتاو گوتی: «سێکس شیعرێکی تەمەن کورتە»

ئێمە هێور و فێنك بووینەوە، بەڵام هێشتایش لە نێو ڕەنگە خوێناویەکە ڕاکشابووین.. ماچێکی لە لێوەکانم کرد و سەری نایە سەر مەمکەکانم، من لە چاوی شوان دیمەنی بڕینی سەری بەرخەکەم دەهاتەوە یاد، باعە باع و فرمێسکە کریستاڵاوییە هەڵوەریوەکانی بەرخەکەم دەکەوتەوە بیر..

مەلا گوتی: «ڕازی باوکت وەکیلت بیت؟»

مـن هـەر دەگـریـام و نـەمـدەزانـی دەبـێ چـی بـکـەم! چی بڵێم؟ بەسەر ڕاشڵەقاندن و بەنارەزاییێکەوە گوتم: «نا»

باوکم بەجوولەی دەست و بەئاماژەی چاو هەڕەشەیەکی کرد، دەستی خستە سەر دەمانچەکەیی و بەتووڕەییێکەوە کە بەتەنیا ئاگری دۆزەخ لە چاوەکانیدا دەبینرا تەماشای کردم..

من هەر دەگریام و لە مەلام ڕوانییەوە، بەسەر ڕاهەژاندنێك گوتم: «ئا»

دەرگای ژوورەکەم بەگریانەوە کردەوە چوومە دەرێ.

دەرگای ستۆدیۆکەم کردەوە و چوومە ژوورێ.. هەموو تابلۆکانم بەسەر یەکدا بەردایەوە، ڕەنگەکانم ڕژاند، ڕەنگی سەوز و ڕەنگی سوور و ڕەنگی

زەرد و ڕەنـگـی سپـیـم هـەڵـڕژانـد.. نـەمـدەزانـی چـی بـکـەم! دار و دیوار و تـابلۆكـانم لە ڕەنگی سووردا هـەڵسوی.

مـن بـەرخـەكـەم دەهـاتـەوە یـاد كـە لـە نـاو خـوێندا گـەوزا بـوو، دایكمـم دەهـاتەوە یـاد كە بـاوكم لـە نـاو خوێندا گەوزاندبووی، خۆمم دەهـاتەوە یـاد كە نیگاركێشەكە منی لە نێو خوێندا گەوزاندبوو.

نـیـگـاركـێشەكـە قـووتـیـێك ڕەنگـی سووری بـەڕوخسارم داكرد، كراسی هـەڵزڕاندم، ڕووت و قووتی كردمەوە، بەدیواریەوە نووساندم، بەدیوارێكی سوورەوەی نـووسانـدم، جـەسـتـەی ڕووتم سوور سوور دەچـۆوە، دەتـگـوت بەرخێكم و لە نێو خوێنی خۆمدا گەوزاوم.. من شوانم بیركەوتەوە كە بەرخەكەی كەوڵ دەكرد نیگاركێشە بەتین و هێزدارەكەی من قووتییێكی تری ڕەنگ سووری پێدا كردم، وام هـەست دەكرد دەیەوێ كەورم بكا.

من هـەر دەگریام.. لە ساڵۆنەكەدا خەریك بوون ئارایشیان دەكردم و دەیانڕازاندمەوە.. شوان ڕانك و چۆغەرێكی سۆرتاریكی لەبەر دابوو، بۆنی خوێنی لێ دەهـات، هـاتە ئارایشتخانەكە و نانی نێوەڕۆی بۆ هێناین.. گۆشتی بەرخی هێنابوو، من فرمێسك و باعە باعی بەرخەكەم هـاتەوە یاد، من گلیەكانی بەرخەكەم هـاتەوە یاد، من دڵی بەرخەكەم هـاتەوە یاد كە فـڕێدرایـە بـەردەمـی پشیلـە ڕەشەكـە.. شوان پۆشاكێكی نوێشی پۆشیبـوو كەچی هێشتا بۆنی خوێنی لێ دەهـات.

من دڵم نانی نەدەبرد، سەرم دەسووڕا، هۆقە هۆقێكم كرد، خەریك بوو دەڕشامەوە، بەغارە غار خۆمم گەیاندە سەر مەغسەلەكە، ڕشامەوە، دەستم خستە زگم و تێگەیشتم.. لەو چركەساتەدا خەمی مردن و لەناوچوونی خۆمم نەبوو، بەڵكو لە پەروانە بێ گوناهـەكەی نێو زگم دەترسام.. نازانم بۆچی هێندە خەمی ئەو پەروانەیە ئازاری دەدام..!؟ ئێ خۆ ئەو هیچی نەكردبوو تا گوللە تیژەكە بێ و دڵی هێوری لەت و پەت و وێران بكا..

تەماشای كاتژمێرە خڕ و بازنەییەكەی سەر دیواری ساڵۆنەكەم كرد،

ژیانم هاتەوە یاد و گوتم: «هەتاو دواکەوت»

هەتاو گوتی: «″ڕاکردن″ واتە: ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگا و ترادتسیۆن و ژیانی لە بۆتە ئاخێنراو»

من لە کاتژمێرە خڕو بازنەییەکەم ڕوانییەوە و سنووری عومری خۆمم هاتە بەرچاو و گوتم: «هەتاو نەهات!»

هەتاو بەڕەنگ زەردییێکەوە دەرکەوت، دەتگوت پایزێکی ناکۆتاییە، گەلا لە گلێنەکانی هەڵدەوەران، دەرگای سالۆنەکەی کردەوە، ″ئارەزوو″ی خوشکی »شوان« پڕی دامێ و لە ئامێزی گرتم، لە باوەشی خۆیدا گریی دام، فرمێسکی کریستاڵی لە چاوەکانیدا هەڵدەوەران، تاریکیی لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە، هێشتا من لە باوەشی ئارەزوو دابووم کە هەتاو گوتی: «ژنەکان باشتر لە زمانی یەکتر تێدەگەن»

ئارەزوو گوتی: «بڕۆ خودا لەگەڵتە، خودا لە نێو ڕۆحی تۆ دایە، بڕۆ ئیرەم گیان بڕۆ، با نەکەویە بەردەستی ئەو گورگانەی کە بەتەنیا شەیتان لە نێو خوێنیان دایە».

هاوپۆلە سوور هەڵگەڕاوەکانم یەکە یەکە ماچی سووریان لێ کردم.. بەجلی بووکێنی سواری پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە بووم، هەتاو بەخێرایی ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕی..

شوان دەمانچە دەسك سوورەکەی لە ژێر پشتێنە سوورتاریکەکەی دەرهێنا و چەند گوللەیەکی بەئاسماندا پەخشان کرد.. حاجی مامم گوتی: «بەسە چیدی تەقەی خۆشی مەکەن..»

من و هەتاو دەگریاین، چرچی هەتاو سوور سوور هەڵگەڕابوو، دەمویست بپرسم: «هەتاو گیان کوانێ ڕەنگ زێڕینی پرچت؟ «بەڵام من و هەتاو هەر دەگریاین، لەبەر گریان نەمدەتوانی پرسیار بکەم، شار بۆنی خوێنی لێ دەهات، حەسرەت لە گیانی شاردا حیلەی دەهات، حیلکە حیلکی زریان و لافاوم گوێ لێ بوو، – با – سەرسوڕماو لەو تابلۆیە سوورەی دەڕوانی..

هـۆقـە هـۆقـم بـوو، دەمـویست بـڕشێمـەوە و نـەدەڕشامـەوە، دەستم لـەسەر پـەپـوولـەکـەی نـێو زگـم دانـابـوو، بـۆخـۆم و پـەپـوولـەکـە و هـاوپـۆڵـە هـاوچارەنووسەکانی خۆم دەگریام، هەتاو دەستی بەپرچی سووری داهێنا و نەختێ فرمێسکە سوورەکانی سڕییەوەو بەهەنسکەوە پرسی: «ئیرەم گیان، دەبێ جارێکی تر بتبینمەوە؟»

من لە پرمەی گریانم دا.. گریانێك، کە تا ئەو کاتە هەرگیز هەستم پێ نەکردبوو.. هەتاو ماچێکی لە ڕوومەتم کرد و گرتی: «گیانی من، فیراق شیعرێکە هەمیشە لە چاوەڕوانیدا ژیان دەگوزەرێنێ، خەفەت مەخۆ، چارەنووسی ئێمە وایە، لێرەش نەبێ، جارێك هەر دێ و تابلۆیێ دەخولقێ لەسەرووی زەمەن و شوێندا، ئێمە لەوێدا یەکتر دەبینینەوە، یەکتر بینینەوەیەکی تاهەتایی»

لە دەرگای ستۆدیۆکە چووینە ژووری، نیگارکێشە خەفەتبارەکەی من، جگەرەیەکی بەلالێویەوە بوو، گرانتسی دەخواردەوە، دەیویست تابلۆیێك تـەواو بـکـا.. (فـریشتـەیـەك لـە بـیـرێك دێتـە دەرێ و لـە خـۆر دەڕوانـێ.. پەپوولەیەکی لە نێو زگی دایە، بۆ چارەنووسی خۆی دەگریێ.. فریشتەیەك بەرەو خۆر لە ڕێگا دایە، کەچی گوللەیەکی تاریك دێ و دڵی ڕووناکی پارچە پارچە دەکا)

بـاوکم بـەدەمـانـچـەیـەکی دەسك خـوێـنـیـنـەوە و بـەچـاوانـی خـوێـنـیـنـەوە هـاواری کـرد: «دەمـزانـی قـەحـپـەیـە، شەرت بـێ نـابـێ جـارێـکـی تـر چـاوت بـەئـەستێرەی ئـاسمـان بکەوێتـەوە».

"شوان" دەمـانـچـە دەسك سوورەکـە و چـەپـەچـاغـێکـی بـەدەستـەوە بـوو، بەگریانێکی تێکەڵ بە تووڕەییەوە بە حاجی گوت: «نەمگوت من خوێندەوار نـاهـێنم؟ ئـاخـر دەمزانی ئـاخیرەتی خوێندەواری قـەحپـەییـە.. شەرت بێ نەهێڵم جارێکی دی تێپەڕینی وەرزەکان بە چاوی خۆتەوە ببینی»

هەتاو گوتی: «"ڕۆشنبیری" بۆ مرۆڤ وەکو دڵ وایە لە جەستەدا».

نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من دەستی دایە جەنتایێك و هەندێ فلّچە و ڕەنگی سووری تیا ئاخنی، دەمانچەکەی لە ژێر کراسە سوورەکەیدا جار نا جارێ دەردەکەوت و بزر دەبۆوە.. من هەتاوم ماچ کرد، هەر ماچم دەکرد و دەگریام، فرمێسکە سوورەکانمان ئاوێتە ببوون، هەتاو منی ماچ دەکرد و دەگریا، ماچەکانی سوور سوور بوون، دەتگوت جل و بەرگی خوێنیان لەبەر کردووە.. یەکترمان ماچ کرد.. ماچی سوور سوور..

هەتاو گوتی: «"خوداوەند" دەرهێنەری ئەو فیلمە تراژیدییەیە.. ئەو سینارستە.. ئەو مۆنتێرە.. ئینارەی ئەو فیلمە لە دەستی ئەو دایە.. دەسپێك و کۆتایی لە دەست ئەو دایە، ئێمە تەنیا ئەکتەرین، بەهیچ شێوەیەك ناتوانین لە تێکست لابدەین.. بەڵام ئاگاداری خۆشتان بن.»

هەردووکمان دەگریاین و نەماندەزانی دەبێ چی بکەین و چی چاوەڕوانمان دەکات!؟

هێشتا گوللە ساردەکە دڵی گەرممی نەبڕیبوو کە ئێمە گەیشتینە "ئەمستردام"..

لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشبووم، لە هەتاوم دەڕوانی، پێم سەیر بوو هێشتا پرچی هەر سوور بوو.. چاوانی پڕ لە فرمێسك، تاریکیی لە نێو گلێنەکانیدا پێدەکەنی، چرۆی دەکرد..

من هێشتا هەر لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشبووم، کە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم، خۆی لە ڕەنگی سوور ئاخنیبوو، وێسکی دەخواردەوە و جگەرەی دەکێشا و بەبێ باکییەوە گوتی: «من منداڵم ناوێ»

من دەگریام و دەمویست بڵێم: «منیش وەکو هەموو کەسێکی تر مرۆڤم، حەز دەکەم منداڵم هەبێ، حەز دەکەم پارچەیەکی ڕۆحی خۆم ببینم»

گوتم: «نیگارکێشە ئازیزەکەم، بۆت دەمرم، تۆ چی بڵێی ئاوا دەکەم.. من تۆم هەبێ دنیام هەیە، ژیانم هەیە».

دیارە من بۆ هەمیشەیی بۆ ئەوە دروست ببووم کە بۆنی خوێن بکەم،

قەتلم کرد، خوێنم ڕێشت.. من کێم کوشت و خوێنی کێم ڕشت؟

پەپوولەکەی خۆمم بەو دەستانەی خۆم لەناو برد.. ماچێکم لە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم کرد و گوتم: «بۆت دەمرم.. تا لە ژیاندا مابم خۆشم دەوێی.. دوای مەرگیش خۆشم دەوێی».

هەتاو گوتی: «پیاو دەتوانن باشتر لە ژن، بێزاربوونی خۆیان لە هاوسەریەتی نیشان بدەن».

هەتاو گوتی: «پیاو زوو لە ژنەکانیان بێزار دەبن».

هەتاو گوتی: «ژن پێکە، پیاو خۆی پێ سەرخۆش دەکا و دواتر هەڵی دەدا و دەیشکێنێ».

هەتاو گوتی: «ژنان گۆرانین، پیاوان دەیانخوێنن».

من بەنیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم گوت: «من ژنم، گۆرانی و پێکم، لە پێناوی تۆدا گڕ لە باخی هەزاران پەپوولەیش بەردەدەم».

نیگارکێشەکەی من تا ئاستی مردن وێسکی دەنۆشی، منیش دەبووایە بەژداری بکەم، چونکە ئەو حەزی دەکرد.. ئاخر خۆ من پەیمانم بەخۆم دابوو، پێی نەڵێم: نەء.. ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ساردەکە ئاوا دڵی گەرمم ببڕێ!.. ئەو حەزی دەکرد سەرخۆش بم و جگەرە بکێشم.. سەرخۆشی دەکردم و تەختی دەکردم.. خۆی دەهەژاند و پێڵووەکانی دادەخست..

دەمگوت: «پێڵوەکانت ئاوەڵاکە و لە من بڕوانە»

دەیگوت: «تۆیش وەکو من پێڵوەکانت دابخە، هەمیشە فەنتازیا جوانترە»

هەتاو گوتی: «کە پیاوەکان لە ژنەکانیان بێزار دەبن بیر لە ژنانی دی دەکەنەوە».

من دەمگوت: «ئاخر ناتوانم.. من بەتەنیا ڕەنگی خوێن دەبینم.. باعە باع و هەڵوەرینی فرمێسکەکانی بەرخەکە دەبینم».

زللەیەکی لێدام، من نەمدەزانی ئەو چی دەکا..! زللەیەکی تری لێدام، من نەمدەزانی ئەو دەیەوێ چی بکا..! من بیرم کردەوە، زللەیەکی تری لێدام و بەتووڕەییێکەوە گوتی: «بیر لە چی دەکەیتەوە؟»

خۆش بوو.. ئیدی تا لە هانکە هانك و قیژە و هاوار دەکەوتین، لێی دەدام و لێی دەدام.. هێزی دەکەوتە بەر، توند دەبوو، پێڵوەکانی دادەخست، ئەو کاتەی کە زللەیەکی بەبناگوێمدا دەشریقاند بەتووڕەیییەوە لێمی دەڕوانی، ئاگرم لە گلێنەکانی دەدیت، دەیگوت دەیەوێ بمسووتێنێ.. لێوەکانی بەنەرمییەوە دەجوولاند، بەڵام من نەمدەزانی چی دەڵێ!

لە تەنیشت پەنجەرەکەوە، لە قاتی حەفتەمدا ڕۆنیشتبووم، تاك و تەنیا لە هاتوچوونی کەسەکانی سەر شەقامم دەڕوانی.. بەلەمەکان هێندە بەرێکپۆشی و جوانی دەهاتن و دەچوون، دەتگوت تابلۆییێکی بەجوولەن.. ڕەنگەکانی هەموو تێکەڵاو بوون لە ئەمستردام.. ئیدی دەمتوانی پانتۆڕە ڕەشە مۆدێرنەکەم لەگەڵ فانیلە عەلاگە ڕەشەکە بپۆشم.. دەمتوانی مەمکەکانم و (اللە)کەی نێو دۆڵی مەمکەکانم هەناسەدەم.. دەمتوانی بەلەکە لووس و ڕانە سپییەکانم بەرەڵلاکەم.. بەڵام بەردەوام بۆنی تاریکیی و خوێن یەخەیان بەرنەدەدام.

ئایە ئێوە گوێتان بۆقسەی مردووان ڕادێراوە؟ من وا هەست دەکەم دوێنێ بوو، ئەوڕۆ بوو، ئێستا بوو، کە گوللە ڕەشەکە بەدڵی سپیمدا گوزەری کرد.. ئایە لە حەشرم، یا لە عەرشی گەورەدا، بەرانبەر بەخودا، شاهێدی لەسەر ڕووداوەکان دەدەم؟ ئایە گلەیی دەکەم یا داوای تۆڵە؟ سکاڵا دەکەم یاخود دەخوازم خۆم لە گوناهەکانی پاك بکەمەوە؟

نیگارکێشە خۆشەویستەکەم، هەندێ تووتنی لە دەستدا بوو، بەچەرخ ماددەیەکی قاوەیی ڕەنگی نەرم دەکردەوە، بەقامکە درێژەکانی وردە وردە بەنێو تووتنەکەدا پەرتی دەکرد، کاغەزی ژێر تووتنەکەی پێچایەوە و کردی بەجگەرەیەك..

ئەو کردارەی چەند بارە کردەوە.. حەفت جگەرەی دروست کرد.. من لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم، بەنیگارکێشەکەی خۆمم گوت: «ئەوەی دەستت چییە؟» ئاورێکی دایەوە، من ترسام و بۆنی تاریکیم کرد، ئەو گوتی: «حەشیش باشتر نییە لە ویسکی؟»

جگەرەیەکی پڕ لە حەشیشی بۆ خۆی داگیرساند و، یەکێکیشی بۆ من داگیرساند.. مژی قووڵ قووڵمان لێ دەدا، سەرەتا کۆخیم، بەڵام دواتر مەست بووم.. زۆر زۆریش مەستبووم.. ئەویش مەست بوو.. لەناو بانیۆ و لە ژێر دووشەکەدا وێڵانە کەوتە مژینی سەراپای جەستەم.. جێ نەما.. تا ئەو کاتە بەو شێوەیە دوور نەڕۆیشتبوو.. کە ڕایخستم لێیدام.. زللەی بەهێز بەهێز.. دواتر وەستا.. من پێویستم بەلێدان بوو.. ناڵاندم: «لێم دە.. ئاسمان لێم دە..»

نیگارکێشە بەهێزەکەی خۆم، بزەیەکی کرد و لێی نەدام.. من پێویستیم بەلێدان بوو، نەشمدەزانی بۆ!؟

هاوارم کرد: «دەی قوربانت بم، نیگارکێشە ساحیرەکەی خۆم لێم دە.»

نازانم بۆ نەیدەویست لێم بدا! من غەریبی زللە بەهێزەکانیم دەکرد کە گۆناکانمی وەکو سووری خوێنین هەڵدەگەڕاند.. هیچ قسەیەکی نەدەکرد، بەتەنیا لە نێو خۆ ڕاهەژاندنێکی پڕ لە مەستییێکی ڕەها، چرکە بەهەشتاوییەکانی دەگوزەراند.. داوای کرد، من دینەمۆی ئەو پرۆسەیە بم.. من وام کرد.

ئاخر من پەیمانم دابوو لە قسەی ئەو دەرنەچم.. کە من ڕێبەرایەتی ئەو پرۆسەیەم گرتە ئەستۆ، خۆشتر بوو.. زۆر زۆر خۆشتر بوو لە جاران، ئەو ڕاکشا و گوتی: «لێم دە»

من مانەندی هاوپۆلە شەرمنەکانم، شەرمم کرد.. ئەو ڕاکشا و گوتی: «لێم دە»

ئاخر من وەکو هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام، من لەسەریدا

ڕاکشابووم، ئەو گوتی: «مەترسە و لێم دە.»

هەتاو گوتی: «هەیە حەز دەکا لێدەر و لێدراو بێ لە ژیان.. وەکو یەك چێژ لە هەردوو حاڵەتەکە دەبینێ».

ئاخر من لەززەتم لە زللەکان دەکرد کە بەر بناگوێم دەکەوتن و بەوێنەی هاوپۆلە سوور هەڵگەڕاوەکانم سوور هەڵدەگەڕام کە لێدەر بم.. نیگارکێشەکە گوتی: «لێم دە.. کچی ئاسمان لێم دە..»

لێم دە.. زللەی بەهێزم لێ دەدا.. هەردووکمان توندتر بووین لە جاران.. ئێمە چیمان کرد؟

ئێمە لە کەناری دەریای مردندا ڕاکشابووین توند وەکو ئاسن، پێڵوەکانی داخستبوو، گوتم: «بیرکەرەوە، فەنتازیا بکە».

گوتی: «لەگەڵتم فەنتازیا جوانترە».

منیش پێڵوەکانم داخست، باعە باعی بەرخ و فرمێسکی بەرخەکە هاتە بەرچاوم گوتم: «ناتوانم پێڵوەکانم داخەم، من بەتەنیا ڕەنگی خوێنم لێ دیارە..»

ئەو جوێنێکی پیسی دا.. من لە مەبەستی تێ نەگەیشتم.. ئەوتۆماتیکی هۆشدار بوومەوە.. بەنیگایێکی تیژی هۆشدار لە گلێنە ڕەنگا و ڕەنگەکانیم ڕوانی و گوتم: «چیت گوت؟»

گوتی: «من ئێستا لە ژێر تۆدا نیم، بەڵکو لە ژێر خوشکە بچووکەکەی تۆ دام».

هەتاو گوتی: «بەر لەوەی کوڕێك بگا پەپوولەیە، بەڵام کە زەمەن دێ و دەچێ، کچەکە تێ دەگا کە ئەو گورگ بووە و خۆی لە پێستی پەپوولە نمایش داوە».

من نەمدەزانی نیگارکێشەکە چی دەڵێ! تا ئەو کاتە بەو بێ ئەدەبییەوە لەگەڵ مندا ئاوا نەدوابوو، بۆیە گوتم: «خوشەویستەکەم، دەکرێ دووبارەی بکەیتەوە؟»

گوتی: «ئەوە تۆ نیت هانکە هانکت کەڕم دەکات، بەڵکو ″فیردەوس″ی خوشکە بچووکەکەتە».

گوتم: «خوشکی خۆتە هانکە هانك دەکا».

گوتی: «چ!؟»

حەزی بەو ڕستەیەی من بوو، دەیویست دووبارەی کەمەوە..

گوتم: «ئەوە خوشکی خۆتە لەسەرت ڕاکێشاوە.. ئەوە من نیم بەڵکو خوشکی خۆتە.. خوشکی خۆتە.. خوشکی خۆتە..»

ئەو توند بوو، بەو قسانەی من توندتر دەبوو.. هێزی هەموو دنیای دەهاتە بەر و دەیگوت: «تۆ فیردەوسی خوشکتی.. تۆ فیردەوسی، قەوارەی مەمکەکانتان هاوقەوارەیە..»

هەستم دەکرد لە گەمەیەکی خۆشدا تامی لەززەتی زەمەن و تەمەن دەچێژم.. قسەکانی هێز و ئارەزووی پێ دەدام، جوێنەکانم بەهەشتی نیشانی ئەو دەدا.. قسەکانمان هێز و لەززەت و ئازار و فەنتازیا و ئۆرگازمۆزیان پێ دەداین.. هەموو جارێك بەو گەمە نامۆیانە مردنمان دەدیت و دەگەڕاینەوە..

نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم لەو هەموو گەمەیە بێزار بوو، دوو ساڵ بوو لە ئەمستردام دەژیاین.. من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو پرسیاراوییەکە دانیشتبووم، لە گڵۆپە ڕەنگا و ڕەنگەکانم دەڕوانی، کە لە نێو ڕووبارەکەدا لە سەما دابوون..

جگەرەی دەرهێنا و کێشامان، گرانتسی هێنا و خواردمانەوە، حەشیشی پێچایەوە و کێشامان، پێڵووەکانمان داخست و گوتی: «من لەگەڵ تۆ نەخەوتووم، بەڵکو لەگەڵ خوشکە بچووکەکەت خەوتووم.. دەی تۆش وەکو من فەنتازیا بکە».

گوتم : «چی بێنمە بەرچاوم؟ من بەتەنیا بەرخەکەم دێتەوە یاد کە

بەناخۆشحاڵیەوە لە نێو خوێنی دڵی خۆیدا گەوزاوە، من تەنیا باعە باعی بەرخەکە و هەڵوەرانی فرمێسکی خوێنینی بەرخەکە و پۆشاکی سووری شوانم دێتە بەرچاو».

گوتی: «فەنتازیا بەشوان بکە کە بەناخۆشحاڵییەوە لە نێو خوێنی خۆتدا دەتگەوزێنێ».

من وەکو هاوپۆلە بێ فەنتازیاکانم شەرمم دەکرد، نەمدەویست ئەو دیمەنە بێنمە بەرچاوم، بەڵام پەیمانم دابوو کە لە قسەکانی ئەو دەرنەچم، من خۆ هیچم نەکردبوو تا گوللەیەکی وشك و برینگ ئاوا دڵی تەڕم لەت لەت بکا..!

هەتاو گوتی: «ئیرەم گیان، بە بۆچوونی پیاوان، دەبێ ژنەکان سانسۆر لەسەر فەنتازیاکانیشیان دانێن.. بەڵام دەبێ بزانین کە زۆربەی جارەکان فەنتازیا لە شتە ئاساییەکان جوانترە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ جار تووشی گرفتمان دەکات».

نیگارکێشەکەی من گوتی: «ئیرەم، وا دانێ تۆ لەگەڵ قەسابەکە دەخەویت و، منیش لەگەڵ فیردەوس».

من نەمدەزانی ئەو چی دەڵێ! بەڵام هەمدیس لەگەڵیدا چوومە نێو ئەو گەمەیەش.. ئەو هەستایەوە و قەڵەمی هێنا.. من نەمدەزانی چی دەکا! سکێچێکی فیردەوس خوشکە بچووکەکەمی بەڕووتی لەسەر مەمکەکانم کێشا و بەسەرمدا ڕاکشا.

من پێڵووەکانم داخستن و لە نێو خوێندا لە تەنیشت بەرخەکەدا ڕاکشام، قەسابەکەی سەرم "شوان" نەبوو، بەڵکو شاعیرەکە بوو کە هاتبووە داخوازیم، ئەو لەسەر مندا ڕاکشابوو نەك نیگارکێشەکە.. دەهەژاین و دەمردین، توند توند بووین دەتگوت شاخین.. شاعیرەکە بوو بەسووراوێك شیعری لەسەر مەمکەکانم دەنووسی، خۆی ڕادەهەژاند.. شاعیرەکە بوو لەسەرم ڕاکشابوو نەك نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من..

نەمدەزانی چی دەکەم! بەڵام خۆش بوو، زۆر زۆریش خۆش بوو..

من چیم کردبوو..؟

بۆچی گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی ئاوا زوێڵ زوێڵ کرد..؟ ئێ خۆ من بەتەنیا هەوەس و ئارەزووی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد و چیتر نا.. خۆ من هیچم نەکردبوو، تا ئاوا گوللە ساردەکە بێ و بەنێو دڵی گەرمم گوزەر بکا..

هێشتا لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بەتاریکی دانیشتبووم کە هەتاو هاتە لام و بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: «ئەو شیعرە بخوێنەوە کە شاعیرەکە بۆتی نووسیوە»

دەستم دایە گۆڤارەکە و دەستم کرد بەخوێندنەوەی شیعرەکە:

«ئیرەم»

تۆ لەگەڵ – با –دا، بەنێوە یەقیندا گوزەر دەکەی..
تۆ لەگەڵ – با –دا،
دەخوازی ڕەسمی هەتاو لە دەم و چاوی شەودا بینا بکەی..
تۆ لەگەڵ – با –دا دەخەویت..
لەگەڵ – با –دا دەگریت..
لە نێو خوێن لەگەڵ مندا ڕادەکشێیت..
فەنتازیا بکە گوڵم فەنتازیا بکە..
منیش هەمیشە لە ڕێگادام..
لە نێو ئەو کەشتییە ئاوییە دام..
کە ڕوو لە دەریاری ڕۆحی تۆ لە ڕێ دایە..
فەنتاریا بکە، ئیرەم، فەنتازیا بکە..
منیش دێم لە نێو تابلۆ خوێنینەکە ڕاتدەخەم..
تۆ لەگەڵ – با –دا، بەنێو یەقیندا گوزەر دەکەی..
من دێم و داوا دەکەم بەنێو گوماندا گوزەر بکەی.

جار نا جارێ لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو پڕ لە پرسیارەکە دادەنیشتم و لـە شەقـامـە ڕەنـگـا و ڕەنـگـەکـانم دەڕوانـی.. بیرم لـە شیعری شاعیرەکە دەکردەوە و بەتیغی چاوانیشم لە نیگارکێشەکەم دەڕوانی، کە لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن و ڕۆژگار لەڕ و لاواز و بێ هێز دەبوو..

ڕەنگ زەرد و سیس و داماو و پاییزی.. ئێسکەکانی ڕوومەتی تەواو دەرکەوتبوون.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من ئێستا ئەوە نەبوو کە وەکو – با – دەهات و بەنێو بەردەکان تێپەڕ دەبوو.. ئێستا تەواو گۆڕابوو، نەیدەتوانی چاو لەسەر خاك دانێ و وەکو – با – تێپەڕ ببێ.. من هەر دەگریام و هەر دەگریام و نەشم دەزانی بۆچی دەگریم..!

لە تەنیشت پەنجەرە پرسیارئامێزەکەدا، لە شەقامە ڕەنگا و ڕەنگەکانی ئەمستردامم دەڕوانی، بەتیغی چاوانیشم لە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خـۆمـم دەڕوانـی، کـە خـەریـکـە لـەسەر دیـوارەکـەدا وێـنـەیـەك دروست دەکـا، خووی بەو تابلۆیەوە گرتبوو، (گوڵلەیەکی سارد، دڵێکی گەرم دەبڕێ و لە تەنیشت دڵەکەشدا، مەسیح بەناخۆشحاڵییەوە لە خاچدراوە)..

هەموو بەیانییێك تا خۆرکەوتن، خەریکی دروستکردنی ئەو تابلۆیە بوو.. سەرەتا بەبچووکی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا ئەو تابلۆیەی نەخشاند..

من هێشتا لە پەنجەرە گوماناوییەکەدا ڕۆیشتبووم و لە هاتوچۆی کەسە بـەخـتـیـارەکـانـی نـێو بـەلـەمـەکـانم دەڕوانـی کـە بـۆ گشت ڕووبـارەکـانـی ئەمستردامیان تەی دەکرد..

هــەتــاو گـوتـی: «بـەخـتـەوەری ئـەو چـرکـەیـە کـە لـە دێڕێکـی کـورتـی قەسیدەیەکی درێژدا، وەکو برووسکە لێت دەدا..

من لە کەسەکانم دەڕوانی کە پێدەکەنین.. هەتاو گوتی: «پێکەنین لە ژیاندا کۆپلە شیعرێکە مرۆڤ زوو لە خوێندنەوەی دەبێتەوە».

باوکم گوتی: «چەندین جۆری کوشتن هەیە، هەندێکیان لە نوێژ و مەی دەچن، بۆ نموونە ″سەربڕین″» من لە پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بەتاریکی

ڕۆنیشتبووم، دایکم دەگریا و دەیگوت: «مەمکەکانت بشارەوە، نەبادا گورگ بیانخوا»

هەتاو گوتی: «ئێمە لە ئەزەلەوە خۆراکی گورگین».

دایکم دەیگوت: «تیشێرتێکی تەسك مەپۆشە، نەبادا چاو و زار مەمکەکانت پووچ بکەنەوە».

من بەتیغی چاوانم لە نیگارکێشەکەم دەڕوانی، تابلۆیێکی گەورەتری دروست دەکرد (گوللـەیـەکی سارد بـەنێو دڵێکی گەرمدا تێ دەپەڕێ و، مەسیح بەبێزارییەوە لە خاچ دەدرێ) تابلۆی سێیەمی کێشا.. (گوللەیەکی ڕەش دڵێکی گەرم لەت لەت دەکا و مەسیح بەناخۆشحاڵییەوە لە خاچ دراوە، وەکو ئەوەی چاوەڕێی زیندووبوونەوە نەکا!)

من لە بەلەمەکانی نێو ئەو ڕووبارەم دەڕوانی.. ئەمستردام هەمیشە سەوز و خاوێن و جوانتر دەبوو.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منیش بەپێچەوانەوە.. من لە تەنیشت پەنجەرە پرسیاردۆستەکەدا ڕۆنیشتبووم، باوکم بەدایکمی دەگوت: «کچە چاومۆنەکەت، لەسەر بەرەڵلایی دەکوژرێ.» من دەگریام و دەگریام و بێوچان دەگریام، هەتاو گوتی: «گریان شیعرێکە، ماسکی ئاو لە ڕوخسار دەکا و بەسەر گۆناکاندا دێتە خوار»

من دەگریام و غەڵبە غەڵبێکم گوێ لێ بوو "شوان" بوو، بۆنی خوێنی لێ دەهات، بەرخەکە باعاندی و فرمێسکی داڕشت و دەگریا.. دواتر زۆر بەناخۆشحاڵییەوە لە نێو خوێندا ڕاکشا.. من دەگریام و نیگارکێشەکەی خۆم، منی لە نێو خوێن و ڕەنگێکی سووری خوێناویدا گەوزاند..

من لە تەنیشت پەنجەرە تاریکەکەدا بەتاریکی ڕۆنیشتبووم، باوکم لوولەی دەمانچەکەی لە نێو دەمم نا و گوتی: «یان "شوان" یان نەمان».

من دەگریام و هەتاو گوتی: «مردن جۆرێکی ترە لە ژیان».

من دەگریام و لە نێو خوێندا ڕاکشابووم، نیگارکێشەکە گوتی:

«خۆشەویستی تابلۆیێکی ئەبستراکتە، هەر کەسە و بەجۆرێك تێ دەگا».

من دەگریام و شوان گوتی: «من خۆمم خۆش دەوێ لەو کاتانەی سەری بەرخێك پەل دەدەم».

نەیدەزانی بڵێ (خۆشەویستیش لای من ڕەنگی هەیە، ڕەنگێکی سوور سوور، ئاخر خۆ ئەو نەیدەزانی بڵێ خۆشەویستی لای من تام و بۆنیشی هەیە، بۆنێکی خوێنین و تامێکی خوێنین).

من دەگریام و هەتاو گوتی: «بڕۆ، ڕۆیشتنیش گۆرانییێکە، بەڵام بەڕیتمی خێرا».

من دەگریام و لەسەر مەغسەلی ساڵۆنەکە دەرشامەوە، جلی بووکینیشم لەبەردا بوو.. گوێم لێ بوو باوکم بەدەنگێکی بەرز بەدایکمی دەگوت: «کوشتنیش لەززەتی خۆی تێدایە».

من هێشتا لە تەنیشت پەنجەرە پڕ لە پرسیارەکە ڕۆنیشتبووم و لە گاڵە و گیڤە و هاژە هاژ و غەڵبە غەڵبی شەقامەکانی ئەمستردامم دەڕوانی، کە هەتاو گوتی: «ژیانی ئێمە لە کلوە بەفرێکی تەنك دەچێ، کە بەر لە کەوتنە عەرد بتوێتەوە».

لە نیگارکێشەکەی خۆمم ڕوانییەوە، خەریك بوو ئەو تابلۆیەی لە ناندین دەکێشا.. لەسەر دیواری ناندین.. لەسەر کەونتەر.. قاپ و قاچاخ.. لەسەر کەوچك و لەسەر چەنگاڵ و چەقو.. لەسەر ماکرۆڤێلە و لەسەر غەسالە.. لەسەر هەموو شتەکان هەمان تابلۆی دەکێشایەوە.. (گوللەیەکی سارد دڵێکی گەرم دەبڕێ و مەسیح بەتووڕەیییەوە لە خاچ دراوە، دەتگوت بەبێ فەرمانی خودا ئەو کارەیان ئەنجامداوە!»

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو خودا... تا ئەو ڕەنگە سوورە کۆنترۆڵی ماڵ بکا و هەموو شوێنەکان کۆڵی بکا.. جار نا جارێ کە حەشیش دادی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منی نەدەدا، دەرزی دەهێنا.. بە قایشێك توند توند باسکی چەپەی خۆی گرێ دەدا و دەمارە سەوزەکانی بەدەر دەکەوتن..

بەچاوانی بانگی دەکردم، من دەگریام و بۆنی تاریکیم دەکرد.. هەر بەچاو دەیگوت: «لێدە».

لە دەسپێکدا وەکو هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام، بەڵام دواتر کە باسکە سپییەکەی منی توند توند بەقایشێکی ڕەش گرێ دا و دەمارە سەوزەکانی باسکم بەدەردەکەوتن، پێڵووەکانم داخست و گوتم: «لێدە».

پاش چەند چرکەیەك خۆش بوو.. زۆر خۆش بوو.. نەمدەزانی چی دەکەم! بەڵام گەمەیەکی خۆش بوو.

هەتاو گوتی: «ژیان مێزی قومارە، ئێمە هەموومان بەیەك ئەنجام لە کۆتایی گەمەکەدا هەڵدەستین».

نیگارکێشەکەی خۆم گوتی: «ژیان ڕۆلێتە، من تا دواترەمین چرکە لەناو یارییەکەدام، جا چیم هەیە لە دەستی دەم؟ ئێمە هەموومان بەدۆڕاوی هاتووین و بەدۆڕاویش دەڕۆینەوە».

من هێشتا هەر سەرخۆش بووم و لە تەنیشت پەنجەرەکەدا ڕۆنیشتبووم و نیگارکێشەکەی من بەدەستی لەرزۆکیەوە خەریك بوو لەسەر سەقفی ژوورەکەدا تابلۆکەی دەکێشایەوە، هەتاو گوتی: «ڕەنگە ئەمستردام خۆش بێ، بەڵام بۆ ئێمە نا».

من بەتیغی چاوانم لە نیگارکێشەکەی خۆمم ڕوانیەوە، ئەو تابلۆکەی لەسەر کۆڕنە و قولینچکەکانی دەنەخشاند، لە تابلۆکەدا، بەتەنیا ڕەنگی سووری بەکار دەهێنا.. ژوورەکە سوور سوور دەچۆوە و بۆنی خوێنی لێ دەهات..

جار نا جارێ کە ماندوو دەبوو، دەچووە بارەکەی ژێر تەلارەکە، تا ئازووقە و کەرستەکانی سەرخۆشی بێنێ.. (جگەرە، حەشیش، هێرۆین، وێسکی، دەرزی، کۆکاین، جۆینج، گراس، بۆیەی سوور و فڵچەشی دەهێنا..)..

من لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم و دەگریام، کە نیگارکێشەکەی

من، کچێکی کایی پرچ سووری هێنایەوە ماڵ.. کچێکی ناسك و قەشەنگ، مەمکەکانی لە هی من سپیتر و تورت و توند تر بوون.. بەس بەتەنیا گۆپکەکانی لە ژێر کراسێکی دڕای حەشاردا بوو.. ئێمە هەرسێکمان سەرخۆش بووین، کچەکە هەر هەژدە ساڵێك دەبوو، نیگارکێشەکەی من دوای دەرزییێکی هێرۆین، ڕووت و قووتی کردەوە و بەدەرزی و ڕەنگ کەوتە کوتینی ئەو تابلۆیە (گوڵڵەیەکی ڕەش، دڵێکی سپی لەت لەت دەکا و مەسیحیش بەناخۆشحاڵییەوە لە خاچ دراوە.) تابلۆکەی لەسەر مەمکەکانی تەواوکرد.. چاوەکانی بەپەڕۆیێکی سوور گرێ دا و گوتی: «لەسەر سمتی ڕەقیشت ئەو تابلۆیە دەکوتم».

من دەگریام و نەمدەزانی نیگارکێشەکەی من چی دەکا..!

کچە قەشەنگەکە لەسەر زگ ڕاکشا و مەمکە سپی و خرپنەکانی لەگەڵ تەختە خەوەکەدا جووت کرد.. نیگارکێشەکەی من کەوتە کوتینی وێنەکە لەسەر سمتی، بەڕەنگێکی سووری خوێنین (مەسیح بەتووڕەیییەوە لە خاچ دراوە، دیارە پێی ناخۆشە.. گوڵڵەیەکی وشکیش دڵێکی تەڕ دەبڕێ) تابلۆکەی تەواو کرد.. کەوتە لێستنەوەی سمت و کۆمی ئەو کچە قەشەنگە هۆڵەندییە، کە دەمانێکە بۆتە هیپی.. لە بنی پێیەوە تا سەر شانەکانی دەیلێستەوە، دەستی لە نێو قژی سووری وەردەدا و چاوەکانی نوقاندبوو.. خۆ من نەمدەزانی ئەو چی دەکا..! نیگار کێشەکەی من بەو کچەوە نووسابوو، من هێشتا لە تەنیشت پەنجەرەکەدا دانیشتبووم و سەرم دەسووڕا لەبەر دەرزی هێرۆینەکە، کە نیگارکێشەکە بەچاو بانگی کردم و هەر بەچاویش گوتی: «خۆت عاری کە».

من بەڕووتی وەستا بووم و نەمدەزانی دەبێ چی بکەم! کچە قەشەنگەکەی خستە سەر پشت و بەچاو گوتی: «دەستت بخەرە سەر مەمکەکانی»

من دەبوایە بچمە نێو ئەو گەمەیەش، چونکە پەیمانم دابوو، مەمکەکانی

″کاترین″م گوشی، لە هی خۆم ڕەق تر و پڕ چێژ تربوو.. نیگارکێشەکە منی ماچ دەکرد و کاترینیش.. نازانم چی بوو، لە ناکاودا هەموومان ئاوێتە بووین..

وەکو لاولاو تێك ئالاین.. من نەمدەویست ئەو کارە بکەم، بەڵام پەیمانم دابوو کە لە قسەی نیگارکێشەکەی خۆم دەرنەچم.. هەر واشم کرد، ئێمە تێك ئالابووین کە هەتاو گوتی: «ئادەمیزادیش خۆ هەر حەیوانە»

کاترین دەیویست من بخوا، یا من ئەو؟ کەس نازانێ.

لە سەرەتادا کارێکی زۆر نامۆ بوو، بەڵام کە بەتەواوی تامی لێوە نەرمەکانیم کرد و دەستم بەمەمکە ڕەق و گۆپکە ڕەقەکانی داهێنا و، ئینجا زانیم کە خۆشە، خۆشتر لە ژیان و خۆشتر لە فیردەوس خۆشتر لە هەموو شتێ..

بەتیغی چاوانم لە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم ڕوانی، خەریك بوو تابلۆکەی لە سووچێکی بەتاڵی دیوارەکەدا دەکێشا، بەلەر و لاوازییێکەوە لە ئێمەی دەڕوانی، من هەم لەر و لاوازی و بێ تینی و هەم غیرەشم لە چاوە زەرد هەڵاتووەکانیدا دەخوێندەوە.. ئێمە هێشتا تێك ئالابووین و لێوەکانی کاترین چێژێکی ئەبەدییان پێ دەدام، من هەتاوم بیرکەوتەوە کە لێوەکانی بەگۆناکانمەوە نووساندبوو، تامی لێوەکانی ئەویش تێکەڵ بەلێوەکانی کاترین ببوو..

منیش سەرەتا وەکو هاوپۆلە چێژ نەدیوەکانم نەمدەزانی دنیایێ چێژی جۆراوجۆر و پەلکەزێڕینەیی هەن لەو دونیایە.

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ڕەشەکە ئاوا بەڕەشی دڵی سپیم لەت لەت بکا..! تەنیا ئەوە نەبێ کە من قسەی دڵدارەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد. من هێشتا لە تەنیشت پەنجەرەکەدا ڕۆنیشتبووم کە نیگارکێشەکەی خۆم بەبێ هێزی و دەستی لەرزۆکیەوە نامەیێکی دامێ.. چاوەکانی زەرد هەڵگەڕابوون، دەتگوت لە کەناری گۆڕێکدا جوولە دەکا و دەیەوێ بۆ ئەبەد

بچێتە نێو تاریکی..

کە نامەکەم وەرگرت دڵم لەرزی، پەپوولەیەکم دیت خۆی بەنێو ئاگری مۆمەکە دادا.. گوڵێك هاتە بەرچاو دەژاکا.. بەرخێك باعە باعی بوو، فرمێسکی هەڵدەوەراند..

نامەکە بەکوردی لەسەری نووسرا بوو (بگات بەدەستی ئیرەم.. سوپاس بۆ هەڵگری نامە).. کێ ئەدرێسی منی دەزانی؟ کێ ئاگاداری وجودی من بوو؟ ترس دایگرتم، وەکو هاوپۆلە ترسنۆکەکانم ترسام.. نەدەوێرام زەرفەکە بکەمەوە، دوو پێك ویسکیم بەخێرایی خواردەوە و جگەرەیێکم داگیرساند و لایەکی زەرفەکەم دڕاند، دوو نامەی تێدا بوو..

یەکەمیانم تەماشاکرد ئاوا نووسرا بوو:

سەڵاوی عەشق

سەڵاوی غەریبی و دووریی

ئیرەم گیان: بەچاوی پڕ فرمێسکەوە بۆت دەنووسم، لە شوێنێکەوە بۆت دەنووسم دوور لە ئاوەدانی، دوورم لە هەموو ئەو شوێنانەی کە ڕۆژە خۆشەکانمانتێیدا گوزەراند.. ئێستا منیش وەکو تۆ دوور لە گورگەکان ژیان بەسەر دەبەم.. بەڵام ژیانێکی ناخۆشتر لە جاران.. منیش وەکو تۆ لە دەستی باوك و برا چاو پڕ لە خوێنەکانم ڕامکرد.. بەدوای وشە بریقەدارەکانی شاعیرێکی شێت کەوتم، فریوی دام، ئێستاش بەیەکەوە لە دووری ئاوەدانی دەژین، پیاوێکی توندڕەوە، دڵی ڕەقی پێچەوانەی شیعرە نەرمەکانیەتی.. ئیرەم گیان من باشم، هەر چۆنێك بێت ژیان تێ دەپەڕێنم.. بەڵام (لەو پەڕەگرافەدا وشەکان لەبەر فرمێسك تێکەڵ ببوون)

بەڵام هەتاو.. هەتاو.. هەتاو..

لەبەر خاتری تۆ پێدزکێی کرد و بەدزیەوە شووی بەنیگارکێشێکی پیر کرد، کە لە "ڕۆتەردام" گەڕابۆوە، لەسەر سنوور براکانی گرتیان هەر لەوێ لە چاڵێکدا تاریکیێکی ئەبەدیان نیشان دا...

بەر لە سەفەرەکەی نامەیەکی بۆ تۆ نووسیبوو، بەئەمانەت لای منی جێ هێشتبوو.. ئەوا من لەگەڵ ئەو نامەیەی خۆم نوسخەیەکی کۆپی کراوت بۆ دەنێرم، هیوادارم بەدەستت بگات..

هاوپۆلی عومرت

ئارەزوو

نامەی دووەم:

یەك ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بەهەموو ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگڕێژی عیشقی حەقیقی
مرواری ئەشکم یاقووتی، ڕەوانە
ساقی! بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی
دائیم لە حەزەردا سەفەری بە لە وەتەندا
غوربەت کەش و عاجز بە، ئەگەر ئەهلی تەریقی...

هەناسەکانم ئیرەم گیان: دەزانم کاتێ کە تۆ نامەی من دەخوێنیتەوە، من لێرە نەماوم.. ئیدی ناتوانم، تیشکی ڕۆشناییەکانی ئەودیو پەنجەرەکەت نیشان بدەم.. گە ئەو نامەیەت پێ دەگا، من دەمانێکە ئاوا بوویمە، دەمانێکە لە نێو ئێوەدا سڕاوەتەوە، خۆ من لە سەرەتاوەش بەسڕاوەیێکی ئومێدبەخشی نەزۆکەوە هاتبووم.. بەڵام حەزمە بۆ هەمیشەیی بچمە نێو کەمە گەردوونییەکەی ئەو کەسانەی کە لە کڵوە بەفرێکی تەنك دەچن و بەر لە کەوتنە سەر عەرد دەتوێتنەوە..

هەناسە سوورەکەم: هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵتم، من سەرەتاش گوتم: (پیاو عەنکەبووتە).. (ژیان مێزی قومارە، هەموومان بەیەك ئاکام لە کۆتایی گەمەکە ڕادەبین).. (تەمەن مەودای نێوانی ڕووناکی و تاریکییە، بۆ ئەوە دانراوە کە کەس نەتوانێ تێپەڕێ).. (ژیان وەسیلەیێکە لە پێناو گەیشتن بەمەرگ).. منیش و هەموو هاوپۆلەکانت و هەموو ئەوانیش کە لە

پۆلی ئێمەدا نین دەمرین، وەکو ئەوەی کە ئێستا من مردووم.. من هەمیشە بۆ ئەوە لە تەنیشت پەنجەرەکەت دەردەکەوتم کە ئومێدێکت پێ ببەخشم، بەڵام ئێستا من مردووم..

بەخۆمم گوت: «ئیرەم بوەستە»

من دەگریام و مەست بووم.. مەست بووم و دەگریام.. بەهەردوو دەست سینگمم دەکوتا.. شینم دەگێڕا، من بۆ حوسێنە پەککەوتەکەی خۆم دەگریام، یاخود بۆ ئاوابوونی خۆر و نەمانی هەتاو؟ شینم دەگێڕا و نەمدەزانی دەبێ چی بکەم!

خەریك بوو دەخنکام، حەشیشم کێشا و بۆ خۆم و هەڵوەرانی هەتاو و هەموو هاوپۆلە بەدبەختەکانم دەگریام.. بۆ ژیان دەگریام، لە خۆمم دەدا و نەمدەزانی چی دەکەم!

نامەکانم تەواو نەکرد، چونکە هەموو شتێ تەواو ببوو.. نەمتوانی، ئێستایش نەمتوانی بزانم لە پەرەگرافەکانی تردا چی نووسرابوو..

جار نا جارێ کە نیگارکێشەکەی خۆم دەستی لە دروستکردنی تابلۆیێ هەڵدەگرت و ئارەزووی بۆم دەجووڵا، ئەوەندەی هەوڵیدەدا، نەیدەتوانی.. خەریك بوو دەگریا.. من دڵیم دەدایەوە و ماچیم دەکرد.. دەرزیێکی تری لە باسکە چورچ و لۆچینەکەی دەدا و زەنگێکی بۆ "کاترین" لێ دەدا.. کە ئەو بەخۆی و پرچی سووریەوە دەهات، هەر زوو تێك دەئالاین و من خۆشحاڵ دەبووم.. یەکترمان هەڵدەمژی و جەستەکانمان پڕ دەبوو لە مۆسیقای مووچڕکە ئەفسووناییەکان.. نەماندەزانی چی دەکەین!

ئەو کاتەی ئارەزووی نیگارکێشەکەی دەبزوا و نەیدەتوانی، خەریك بوو دەگریا، دەرزیێکی تری لە باسکە ئێسکینییەکانی دەدا و من زەنگێکم بۆ "کاترین" لێ دەدا.. لەبەر دیدە و چاوی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم دەکەوتینە نێو دنیای فەنتازیا و سەرزەمینی لەززەت و خۆشییەکان و ئاگامان لەو نەدەما..

هەتاو گوتی: «لەززەت لە مەرگ دەچێ.. بەدبەختی و کارەساتیش لە ژیان».

هەتاو گوتی: «مەرگ تامی هەیە، تامێکی شیرین.. ژیانیش تامی هەیە، تامێکی تاڵ».

من لە چاوەکانی کاترینم ڕوانی، زەردەخەنەیان دەکرد، ماچێکی لێ کردم و گوتی: «هەمیشەیی لەززەت لە بەدبەختی خۆشترە و ژیانیش لە مەرگ».

من نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم، لە کاترینم ڕوانی و سەیرێکی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم کرد و گوتم: «باوەڕ ناکەم ژیان و مەرگ و ڕووناکی و تاریکی پێناسە بکرێن».

هێشتا من لە تەنیشت پەنجەرە نامۆکە دانیشتبووم و لەو هەموو تابلۆ یەك ڕەنگییەم دەڕوانی و لەو هەموو تابلۆ یەك بابەتییەم دەڕوانی و بیرم لە هەتاو دەکردەوە کە دەیگوت: «لە بنەڕەتدا ژیان پێکهاتەکەی لەسەر بنەما و بنچینەی دووبارەبوونەوە خولقاون، هەموو شتەکان دووبارەن لەو گەردوونەدا، تا ئەو کاتەی کە مردن هەبێ».

کاترین گوتی: «ئەوجارەیان بێمەوە گەمەیەکی نوێتر دەکەین، کە لەمەوپێش نەمان کردبێ.. من هەمیشە حەز دەکەم شتی نوێ بخوڵقێنم.»

هەموو تابلۆیەکانی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من کۆپیکراوی ئەوی تر بوون.. ڕەنگێکی سووری خوێنین، ماڵ تامی خوێنی لێ دەهات، (گوڵڵەیەکی سوور دێ و دڵێکی سوور لەت لەت دەکا.. مەسیح جلێکی سووری لەبەردایە و بەناخۆشحاڵییەوە بەخاچێکی سوور سوور هەڵواسراوە، چاوە سوورەکانی کراونەتەوە، دەڵێی هێشتا حەزی لەو ژیانە سوورەیە!؟)

کە شوێن لە ماڵدا کەمتر بۆوە بۆ دروستکردنی ئەو تابلۆیە، نیگارکێشەکەی من پەلاماری جامی پەنجەرەکانی دا.. دواتر لەسەر دووش و لەسەر عەرد و لەسەر مێز و لە نێو مەغسەلەکە و لە هەموو شوێنی و لەسەر

هەموو شتەکان ئەو تابلۆیەی دووبارە دەکێشایەوە..

من هێشتا هەر لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم و لە هاتوچوونی بەلەمەکانم دەڕوانی و، تەماشای قاقای ئەو کچ و کوڕە بەختیارانەم دەکرد کە بە قاقاوە زەمەن دەگوزەرێنن کە هەتاو گوتی: «ئەگەر ئێمە لەگەڵ هاوپۆڵەکانی خۆماندا هەڵنەفڕین، ڕەنگە ون بین و گۆڕبزر بین».

هێشتا هەر لەوێندەر بووم کە هەتاو گوتی: «چارەنووسی ئاسکێکی یاخی لە ڕەوەکەی، چارەنووسێکی تاریک دەبێ.. ڕەنگە گورگ بیخوا، یا پڵنگ و سەگ و میکرۆب.. جا چ جیاوازییێك هەیە لە نێوانی بخۆرەکان؟».

هێشتا هەر لەوێندەر بووم کە هەتاو گوتی: «بەهیوای ژیانێکی خۆش، بێ گومان ئومێدێکی نەزۆکیشە».

ئێ خۆ هیچم نەکردبوو، تا ژیان ئاوا لە ژێر دووش و بارانی گەمە نامۆکان بمشۆرێ.. گەمەی سووری خوێنین و گەمەی ئیرۆتیك و گەمەی ڕاکردن و گەمەی ئەو نیگارکێشەی کە لە سەرەتادا وەکو – با – دەهات و بەنێو بتەکاندا ڕەت دەبوو.. گەمەی دۆزەخینی ئەو نیگارکێشەی کە لە دەسپێکدا دەهات و هەر لە خاکی دەڕوانی، ئێستایش هەر لە ئاسمان..

من هێشتا هەر لەگەڵ کاتریندا تێکئالاّ بووم کە نیگارکێشە لەڕ و لاوازەکەی من قووتییێك ڕەنگی سوور و فڵچەکەی تێ گرتین، بەڕەنگی سوور دایپۆشین، سەراپای جەستەمان سوور هەڵگەڕا.. بەلەرزۆکییەوە هات و چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسك، دەتگوت مردووییێکە و جوولە دراماتیکییەکانی خۆی دەکا.. زللەیەکی لە بناگوێی کاترین دا و بە هاوارێکەوە کە بەزۆر یەکێك دەیتوانی گوێی لێ بێ، گوتی: «بەڕەڵلا، جارێکی تر لێرە نەتبینمەوە.»

دەستی خستە ملم و سەری نا بە سینەم و وەکو منداڵێك کە دەست بخاتە ملی دایکی، دەستی کرد بەگریان.. بەکوڵ گریا.. گریانێك کە لە بانگەشتەکردنی مەرگی خۆی نەبێ لە هیچ شتێکی تر نەدەچوو.. من ماچم

کرد.. دەستم خستە سەر شانەکانی و بێ وچان ماچم کرد.. دەتگوت بەرخێکە و خۆی هاوێشتۆتە ئامێزی من.. هێندەی نێو لەپەکانمی لێ هاتبوو، بچووك دەتگوت بێچووە پشیلەیێکە و چیتر نا.. ئەو دەگریا و من دەگریام و کەوتەوە یادم کە لە نێو خوێن و ڕەنگە سوورەکەی نێو ستۆدیۆکە، من وەکو بەرخێك لە ئامێزی ئەودا ڕاکشابووم و هێندەی نێو لەپەکانی ئەوم لێ هاتبوو، دەتگوت بەچکە پشیلەیێکم و چیتر نا..

نیگارکێشێکی چوارشانەی بالابەرز، گلێنەی چاوەکانی لە هەزاران ڕەنگ پێکهاتبوو.. وەکو – با – دەهات و بەنێو بەردەکان تێدەپەڕی و هێشتایش هەر لە خاکی دەڕوانی..

هێشتا لە ئامێزی یەکتری دابووین، کە باوکم گوتی: «لە ژیانمدا تەنیا تاکە کتێبێکم خوێندۆتەوە، کتێبی تەیموور لەنگ، عاشقی ئەو کتێبە بووم لێی نووسرابوو ″پیاو دەبێ بە ڕشتنی خوێن سەرمەست و سەرخۆش بێ، پیاو دەبێ بەبینینی خوێن سەرمەست و سەرخۆش بێ نەك بەجوانیی ژن و تامی شەراب″».

من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبووم کە بەنهێنییەوە گوێبیستی دایکم بووم کە بەباوکمی دەگوت: «پیاوەکە لە بیرتە کە وەکو – با – دەهاتیی و لە هیچ کچێکت نەدەڕوانیی؟ دێتەوە بیرت کە یەکەمین جار لە نێو دوکانی قەسابیەکەت ڕاتخستم و خوێنم تێکەڵ بەخوێنی بەرخەکە بوو؟ دێتەوە بیرت کە گوتم: بمبە.. گوتت: بۆ کوێت ببەم؟ لەبەر شەرم و ترس نەبوایە ئاوا بەسکی پڕەوە بەرەڵلای دنیات دەکردم.. ئێستایش جگە لە من لە خۆشت بێزاری..»

من هێشتا هەر لەوێندەر دانیشتبووم کە هەتاو گوتی: «پیاوەکان وەکو کالای دزیاری، یا هی دەستی دووەم وان، هیچ کاتێك گرێنتیان لەگەڵدا نییە!»

هەتاو گوتی: «هەموو پیاوەکان لە ڕەچەڵەکی – با –ن».

هەتاو گوتی: «بەبێ جیاوازی، هەموو پیاوەکانی سەر ئەو ئەستێرەیە ئەلکحولیکەی ژنن.. بۆیە زۆربەی جارەکان وەکو بتڵێکی ئەلکحول لە ژن دەڕوانن.. پێش ئەوەی بیانخۆنەوە تێنوویەتی ئازاریان دەدا، کە دەیانخۆنەوە سەرخۆش دەبن، دوای خواردنەوەیان تووشی ژانە سەر و ڕشانەوە دێن.. لە کۆتاییشدا لەو بتڵە نیوە خاڵییە، یاخود ئەو بتڵە تەواو خاڵیبووە دەڕوانن قێزیان دەبێتەوە، لەبەرئەوە یا ئەوەتە بتڵە نیوە خاڵیبووەکە جێ دەهێڵن، یا ئەوەتەیە بتڵە تەواو خاڵیبووەکە توڕ توڕ هەڵدەدەنە نێو زبڵدانێك و دەیشکێنن».

باوکم هەمدیس "حاشاکی خوێنەر" وەکو کەر زەڕاندی، لە دایکمی ڕوانی و گوتی: «ئەو کات کەر بووم کە هاتم و لە نێو خوێنی خۆت و بەرخەکەدا ڕامخستی، بەڵام ئێستا تۆ چ مەدلولێکت هەیە لە ژیانی مندا؟ تۆ بەتەنیا لە بەردێکی خوراوی "دامە" دەچی و هیچی دی نا».

هەتاو گوتی: «گریمان ژیان "دامە"یە، هەمیشە بەردە خوراوەکان ئافرەتن و، ئاغاکانیش پیاو».

من دەمویست بڵێم، نیگارکێشە لەرزۆك و پیرەکەی خۆم، تۆ ئێستا لە مەلیکێکی کش لێکراوی شەترەنج دەچیت.. یاخود ئەگەر دڵم بێ و ڕاستی بڵێم، تۆ ئێستا مەلیکێکی ماتی.

دەستەکانم پڕبوون لە کارت، پێڕەکانم تەواوبوون، زیاتر لە حەفتا و حەفت خاڵم پێ بوو. جۆکەرم پێ بوو، دەمتوانی بەسانایی تەڵقەیەك بکەمەوە و بانگەشتەی دۆڕانی نیگارکێشەکەی خۆم بکەم، بەڵام من بەڵێنم پێ دابوو بەڵێن نەشکێنم.. هێشتایش وەکو جاران خۆشم دەویست، بۆیە ماچێکم لێی کرد و گوتم: «نیگارکێشەکەی خۆم، هی من و بەس، خۆشم دەوێی، خۆشم دەوێی..»

هێشتا هەر لە ئامێزی یەکتری دابووین، ئەو سەری نابوو بە مەمکەکانم و هۆن هۆن ڕۆندکی دادەڕشت.. من گوتم: «مەلیکی کش لێ نەکراوی خۆم،

ئەی مەلیکە ساغ و سەلامەتەکەی خۆم، تۆ بۆ هەمیشەیی براوەی لەو شەترەنجی عەشقەدا.. هێشتایش خۆشم دەوێی و بۆت دەمرم».

ئەو سەری لەرزۆکی نابوو بەسینە و مەمکەکانم و دەگریا.. من هێشتایش هەر لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم و لە تابلۆ یەك ڕەگیەکانم دەڕوانی کە لە پشت دەرگاکەوە گوێم لە پستە پستێك بوو.. نیگارکێشەکەی من وەکو پیرەمێردێکی لەرزۆکی هەشتا ساڵە بە لەنگی و هەنگاوی خوار و خێچەوە خۆی کرد بەژوورەوە، وەکو سەرما هەڵدەلەرزی، ساردبوو وەکو شەختە، بەوێنەی پایز زەرد هەڵگەڕابوو، دەتگوت دەیەوێ هەڵوەرێ!

تەنها شتێکی بەهێزی کە تا ئەو کاتە مابووی کۆخە کۆخی بوو، کە دەکۆخی تابلۆکانی سەر دیوار و بنمیچ و سەر عەرد و هەموو شوێنەکانی دەلەراندەوە.. وەکو کیسەڵێکی ماندووی لێ هاتبوو کە فەرمانی پێ کرابێ هەزاران کیلۆمەتر لە ماوەیەکی دیاریکراودا ببڕێ.. پشتی چەمابۆوە، ڕیشن و چڵکن، پێنچ مانگ بوو خۆی نەشۆری بوو، قایشێکی لە باسکی پێستین و ئێسکینی توند کرد، کەچی هیچ دەمارێکی نەدۆزییەوە تا دەرزیێکی لێ بدا.. باسکەکانی وەکو بێژینگ وابوون.. پانتۆڵەکەی داکەناند و قایشەکەی لە ڕانی توند گرێ دا.. دەمارەکانی ڕانیشی هەمووی کون کون ببوون، سەراپای جەستەی وەکو دڵێکی لێ هاتبوو کە هەزاران گوللەی بەرکەوتبێ.. بەزۆر دەمارێکی دۆزییەوە و دەرزیەکەی دایە دەستم و گوتی: «لێ دە.»

دەرزیێکی تری ئامادەکرد و، قایشەکەی لە باسکم ئاڵاند و دەمارە سەوزەکانی بن پێستە سپی و خرپنەکەی باسکم تەواو دەرکەوتن و بەچاوە سوورەکانی پرسی: «لێ دەم؟»

گوتم: «من بۆ ئەوە لە دایك بووم، فەرمانەکانی تۆ جێبەجێ بکەم.»

جار نا جارێ بەر لەوەی ئەو گوللە ڕەشە دڵی سپیم لەت لەت بکا و نیگارکێشەکەی خۆم داوای لێ دەکردم کە دەرزیێکی هێرۆینی لێ بدەم،

ئەو کاتەی کە خۆی دەیویست و خۆی ئارەزووی دەکرد داوای لێ دەکردم کە دەرزیێکی هێرۆین لێ بدەم.. ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو جگە لە جێبەجێ کردنی حەز و هەوەس و فەرمانە رەهاکانی ئەو..!

ئێمە سەرخۆش و بێ هۆش و نەخۆش و بێ جۆش و خرۆش بووین.. نیگارکێشەکەی من دەتگوت بەرخە و دەکۆکێ.. وەکو مەڕێکی نەخۆش چڵم بە لووتیدا دەهاتە خوارەوە، دە ددانی پێشەوەی نەما بوو، قژە درێژەکەی تێك قژقژا بوو، چیتر پرچی لە پرچی کورە تاقانەکەی خودا نەدەچوو.. کە تەواو لێت بڕوانیبووایە وات هەست دەکرد ساڵانێکە لە دوورگەیەك بەتەنیا دەژیێ.. دەتگوت لە دووری ئاوەدانی و مرۆڤدا ژیان تێ دەپەڕێنێ..

نیگارکێشە پەڕپووتەکەی من پەڕۆکێکی هێنا سوور وەکو خوێن.. هەمان ئەو پەڕۆیە بوو کە ئێمە لە ستۆدیۆکەدا بۆ جاری یەکەم خوێنی ڕژاومان پێ سڕییەوە..

هاتەوە یادم کە باوکم پەڕۆکێکی سووری بەڕووخساری دایکم دادا و پێی گوت: «زۆر جار بیرەوەری وا لە مرۆڤ دەکا شەرم بیگرێ.. ئەو پەڕۆیە هەڵگرە چونکە لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە جیهانێکەوە بەرەو جیهانێکی تر بتگواستەوە».

هەتاو گوتی: «جیاوازی چییە لە نێوانی، عەنکەبووت و پیاو؟ لە نێوانی ژن و بتڵێ ئەلکحول؟»

من نەمدەزانی نیگارکێشە پەککەوتەکەی خۆم چی لێم داوایە! ئاخر خۆ من پەیمانم بەخۆم دابوو کە بۆی بمرم و هەرچی ئەو داوای بکا بۆی جێبەجێ بکەم..

هێشتا لە تەنیشت پەنجەرەکەدا لە ڕووناکییێکی چاوەڕوان کراوم دەڕوانی کە نیگارکێشە پیر و کەنەفت و مردووەکەی من بەکۆکە کۆکی تابلۆ یەکرەنگییەکەی ژێر سەقف و سەر عەرد و سەر دیوار سەر هەموو شتەکانی نێوماڵی دەلەراندەوە.. دەستی منی گرت و ڕووتی کردمەوە،

نـەیدەتـوانـی وەکـو جـاران مـاچـیشم بـکـا، لـێوەکـانـی دەلـەرزیـن، وشك هەڵگەڕابوون لێوەکانی، دەستەکانی دەلەرزین، پێڵووەکانی لە ترووکان نەدەکەوتن، بە بەردەوامی دادەخران و دەکرانەوە، ڕەنگاڵەیی گلێنەکانی نەمابوون، جاریٚ زەرد زەرد وابوون وەکو پایز، جار جارێکیش دەتگوت ڕەنگی تابلۆکەن، سوور سوور.. چی بەسەر هاتبوو ئەو نیگارکێشەی کە ڕۆژگاریٚ بەتەنیا لە – با – دەچوو، دەهات و بەنێو بەردەکاندا گوزەری دەکرد و هەر لە خاکیشی دەڕوانی.. من کامیلیای جوانم هاتەوە یاد کاتیٚ کە لە گۆڕەکە دەریانهێنا.. من زەمەنم هاتەوە یاد کە هێندە دڵڕەقانە دژ بەجوانییەکان دەوەستێتەوە و لە ناویان دەبا.. من هاتەوە یادم کە هەتاو گوتی: «زەمەن دڵڕەقە و عادلیشە».

چی بەسەر هاتبوو ئەو نیگارکێشەی کە پۆلی کوکوختیەکانی بیٚ ئاوڕدانەوە شەق دەکرد؟

من هەتاوم بیرکەوتەوە کە دەیگوت: «جوانیی و دەستهەڵات و هێز و هەژاری و هەموو شتەکانی نێو ژیان موڵکی ئێمە نین، ئێمە تەنیا بۆ ئەوە دێین کە یارییێکی بچووك لە نێو موفرەدەکان ئەنجام دەین و بەدۆڕاوییەوە بڕۆینەوە.. بەکورتی ئێمە هەمیشە دۆڕاوین و زەمەنیش هەمیشە براوە».

من بە هەتاوم گوت: «چۆن دەتوانی زەمەن لە نێو بەرین؟ چۆن دەتوانین ئێمە هەمیشە و بەردەوام بڕۆین و زەمەنیش بەوەستاوی لێمان بڕوانیٚ؟»

هەتاو گوتی: «زەمەن لە سەرووی هەموو خالیقێکیشدایە، لەوانەیە کردگاری جیهانێکی ئێستەتیك خۆی لە سەرووی زەمەن دانیٚ، بەڵام کە تۆ مردی، ئێستەتیك دەمری.. ئایندە و ئێستا و مێژوو دەمری.. وشە دەمریٚ.. تابلۆکان دەمرن.. مۆسیقا دەمری.. خولقاندنی دوورگەی خالیقەکان وەهمێکە و هیچی تر.. بەمردنی من جیهان دەمریٚ و گەردوون دەمریٚ و دانیشتوان دەمری.. هەموو شتەکان وەکو یەك دەمرن و زەمەنیش بەزیندوویەتی هەنگاوە پڕ لە شانازییەکانی خۆی دەهاوێژیٚ و دەهاوێژیٚ

هەرگیز ناوەستێ.. زەمەن دەڕوا، نە بەتابلۆکانی نیگارکێشەکەی تۆ دەوەستێ و نە بەگوناحەکانی باوکت و نە بەشیعرەکانی ڕامبۆ و نە بەسیمفۆنیاکانی بیتهۆڤن و نە بەو شیعرەی ″نالی″یش کە من لە پێشەکی نامەکەدا بۆ تۆ دەینووسم.. باش ئاگادار بە خۆشەویستەکەی من، زەمەن دەڕوا و ئێمەیش دەمرین، کە مردیشین نە خۆشەویستی و نە ڕك و نە هونەر و نە ساویلکەیی و نە هیچ شتێکی تر ناتوانێ بمانگەڕێنێتەوە».

من هێشتا هەر بەڕووت و قووتی بەرامبەر نیگارکێشەکەی خۆم وەستابووم کە بەتەنیا لە بەردێکی نەخۆش دەچوو، هەتاوم بیرکەوتەوە کە دەیگوت: «خۆ هەر شنەباییێکی فێنکە دواتر دەبێتە گەردەلوول.. هەر ئاوێکی هێمن و سازگارە دواتر دەبێتە تۆفان.. هەر ئاگرێکی بچووکیشە کە خۆمانی بەدیار گەرم دەکەینەوە دەبێتە کارەسات و دەمانسووتێنێ.. پیاو لە سەرەتادا، شنەباییێکی فێنکە، ئاوێکی سازگارە، ئاگرێکی دڵسۆزە، لە کۆتاییدا دەبێتە گەردەلوول و تۆفان و بورکان».

نیگارکێشە لەرزۆك و بێ ددانەکەی خۆم، بەدەستی لەرزۆکی پەڕۆکە سوورەکەی خستە سەر چاوەکانم و لە پشتی سەرمەوە توند توند گرێی دا، من بۆن و تامی خوێنم کرد، ڕەنگی خوێنم دیت، ″شوان″م هاتەوە بیر کە چەقۆکەی دەرهێنا و کۆتایی بە باعە باعی بەرخەکە هێنا.. من شوانم بیرکەوتەوە کە دڵی بەرخەکەی هەڵدایە بەردەمی پشیلەکە.. من دایکمم هاتەوە یاد کە بەشوانی گوت: «دەبێ بەرخەکە ڕوو لە قیبلە سەری ببڕدرێ».

باوکم گوتی: «تۆ قسە نەکەی، ئەی نەمانگوت خودا لە هەموو شوێنێك هەیە؟»

نیگارکێشەکەی خۆم منی لەسەر تەختە خەوەکەدا ڕوو لە قیبلە درێژ کرد.. نەمدەزانی چی دەکا، نەشمدەویست بزانم.. بەڵێنم دابوو کە بەڵێنەکەم نەشکێنم.. پرۆتۆکۆڵێکی ئەبەدیم لەگەڵ مۆر کردبوو..

من چاوەڕوان بووم کە چی دەکا، نووکێکی تیژ بەر پشتم کەوت و ڕاچڵەکیم.. نیگارکێشەکەی خۆم، لەبەر نەمانی ددانەکانی بەفسەزمانییێکەوە گوتی: «مەترسە خۆشەویستی ڕۆحم، بەدەرزی تابلۆیێ لەسەر پشتت دەکوتم.. "تابلۆی گوللەیەکی ڕەش، لەو کاتەی کە بەدڵێکی سپیدا گوزەر دەکا و لە تەنیشت ئەویشدا مەسیح بەزۆرداری لە خاچ دراوە، حەز لەو دۆخە ناکا و بێ دەستهەڵاتیشە، چی بکا؟ فەرمانێکە و ناچارە جێبەجێی بکا».

من بەسەر زگ و ڕوو لە قیبلە بەڕووت و قووتی و چاو بەسترابوییەوە لەبەر دەستی نیگارکێشەکەی خۆم ڕاکشابووم.. هەستم بەبێ هێزی و لەرزینی دەستی دەکرد، دەرزی کوتانەکەی ئازاری دەدام و خۆشیش بوو... هێشتا لە ژێر دەستی ئەودا ڕاکشابووم و خەریك بوو تابلۆکەی دەکێشا، من باوکمم بیرکەوتەوە کە دەیگوت: «چارەنووسی ژن وەکو چارەنووسی پاشماوە بێ سوودەکانی خواردن وایە».

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ساردەکە ئاوا دڵی گەرمم سارد سارد و شەق شەق بکا!

نیگارکێشە بێ ددانەکەی خۆم بەفسەزمانی و زمانێکی پڕ تەتەڵەوە گوتی: «دەچم دەرزییێکی تر دەهێنم، ئەوەیان کەلکی نەما».

گەڕایەوە.. دەستی کردەوە بەکوتینی پشتم و گوتی: «تابلۆکە تەواو بوو.»

زمانێکی بەپشتم داهێنا و گوتی: «تابلۆکە دەلێسمەوە».

کەوتە مژینی سمت و کۆم و ئەولاتریش.. زمانێکی بەهێز و لەززەتدار.. توند توند دەتگوت گەردەلوولە و بەنێو جەستەمدا تێپەڕ دەبێ.. دەتگوت تۆفانە و دەمخنکێنێ.. دەتگوت بورکانە و دەمسووتێنێ.. خەریك بوو دەمردم، بەڵام لە خۆشییاندا زوو زوو دەژیامەوە.. دەمانێك بوو بورکان و تۆفان و گەردەلوولی ئاوا لە نێو جەستەی مندا نەتەقیبۆوە و هەڵنەگیرسابوو و هەڵینەکردبوو.. وەری گێڕامە سەر پشت و مەمکەکانمی

تـونـد تـونـد گـوشی، ئـایـه دەیـویست لـە ڕەگـەوە هـەڵیـتـەکێنـیٚ؟ تـوند تـوند ڕایدەکێشان، ئایە درەخت بوون و دەیویست لە کرۆکەوە هەڵیانپچڕێنیٚ؟

من پەلاماری سینگیم دا، گەرم و توند و پڕ لە ماسولکە.. گۆپکە و ماسولکەکانی ڕەق ڕەق، دەتگوت وا لە ستۆدیۆکەم و لە نێو بۆیەکی سوور خـوێنین ڕاکشاویـن و خـەریکین خـوێن تـێکـەڵ بـەسووراتـی ئـەو خـاکـە دەکەین.. کە خۆی ڕاهەژاند و حیلاندی کەوتمە گومان و باوەڕم نەکرد.. ئـایـا مـن خـەون دەبـیـنـم؟ فـەنـتـازیـا دەکـەم؟ خـەریك بـوو دەیکوشتم.. ئۆرگازموزی بچووك بچووك وەکو سەراب دەهاتن و ڕەت دەبوون و ون دەبوون.. ئاگر و – با – و – ئاو – و خاك بوون ئەو وردە ئۆرگازموزانەی کە دەهـاتـن و ئـاوا دەبـوون..؟ جـەستـەم ئیدی بیـابـان نـەبـوو، بـەستـەڵـەك نەبوو، دۆزەخ نەبوو..

من فەنتازیام بەپیاوێکی قولەڕەشی چوارشانە دەکرد، لە ژێر پەڕۆکە سوورەکە پێڵووەکانم داخستبوون.. کە ئەو هەمدیس حیلانەی من هێزی چاوەڕوانیم نەما.. ئاخر ئەو هەموو هێز و تاوتینە لە بن نەهاتووە لە کوێوە گەڕایەوە، من گەورەیی خودام هاتە پێش چاو، ئایە ئەوە نیگارکێشە لەڕ و لاواز و بیٚ ددان و خۆشەویستەکەی خۆمە هەمدیس لە دایك بۆتەوە؟

من ئەوم خستە ژێرە خۆم، کەوتمە هەڵبەز و دابەزێکی شەپۆلاوی و شێتانە.. ئایە من ئاگر بووم کە هێندە گەرم داهاتبووم؟ وێلانە دەمئاهاند، هەموو دراوسێکان دەیانتوانی گوێیان لە ئاهەکانم بیٚ.. ئایە من ماین بووم ئاوا دەمحیلاند؟

هەتاو گوتی: «لە ناو سێکسدا بحیلێنە، چونکە حیلەی ژن و پیاو دەکاتە ئەسپێکی تێنوو».

خەریك بوو ئاوزینگم دەدا، ڕوحم ون کردبوو، ئایە من لەسەر زەمیندا بووم؟ نەمدەزانی چی دەکەم، بەڵام دەمزانی کە فەرمانی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم بەچاوی بەستراوە جێبەجیٚ دەکەم.. هەڵدەبەزیم و

دادەبەزیم، ئایە من شەپۆڵ بووم؟ خەریك بوو دەمردم، گوێم لە حیلەی ئەسپێك بوو، گومانم کرد.. پەڕۆکە سوورەکەم لادا و بەتەنیا ڕەنگێکی سوورم دیت.. ڕەنگی تابلۆکە لە هەموو شوێنێك.. ئاوڕم دایەوە، نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من دەستی لە دروستکردنی تابلۆکە هەڵگرت لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنکە.. (مەسیح بەتووڕەیی و بەبێ پرس و بەناڕەزاییەوە لە خاچ دراوە، بەبێ ویستی خۆیی و بەبێ فەرمانی ئاسمان.. گوللەیەکی وشك و ڕەش و ساردیش دێ و دڵێکی تەڕ و سپی و گەرم دەبڕێ و کون کون و زوێڵ زوێڵ و خیشار خیشار و شەق شەقی دەکا).

من هێشتایش لە فرمێسکەکانی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم دەڕوانی کە پیاوە ئەفریقییە چوار شانەکەی ژێرم بەحیلاندنێکەوە کە هەر لە ئەسپێکی ڕەشی لووس و پڕ لە ماسوولکە دەچوو گوتی: «دەی خۆت زیاتر ڕاهەژێنە، ئەی کچی ئاگر و گەردەلوول».

هاتەوە بیرم کە هەتاو گوتی: «دایکی فیرعەونیش حەزی لە گەنجە ڕەشەکان بوو، چونکە پێی وا بوو ئەوان گەرمترن».

من نەمدەزانی چی دەکەم، یاخود دەبێ چی بکەم!

بەڵام گەرم بوو تەواویش گەرم، دایکی فیرعەون ڕاستی گوتبوو.. دەتگوت ئاگرە و بەدڵی گەرممدا تێ پەڕ دەبێ، لە ژێرم ڕاکشابوو، ماسوولکەکانی ڕەق ڕەق، سەراپای جەستەی ڕەق ڕەق، دەتگوت لەسەر بەردێکی ڕوحلەبەر ڕاکشام.. دەتگوت بەردێکی ڕوحلەبەرە و لە ژێر – با –یێکی شێتدا ڕاکشاوە.. دەتگوت من لە ژێریدا ڕاکشاوم.. شێتی کردم خودایە، چیبوو ئەو هەموو گەرمییەی کە چرکە دوای چرکە زیاتر دەیسووتاندم، ئایە ئەو خۆر بوو؟

ئێ من چی بکەم!؟ لە نیگارکێشەکەمم ڕوانی و بەردەوام بوو، چاوم لە نێو چاوە سپییەکانی ئەو جنۆکەیە تاریك و ڕەشە ناو، لەبەر چاوم هەر لە شای جوانانی جیهان دەچوو.. لە نیگارکێشەکەی خۆم دەچوو کە کاتێ وەکو –با– دەهات و بەپرچی بەرەڵڵای بەنێو بەردەکاندا، بێ ئاوڕدانەوە ڕەت دەبوو..

من وەکو ماین و ئەویش وەکو ئەسپ، ئەو وەکو مەسیح و منیش وەکو خاچ، من وەکو گەوارە و ئەویش وەکو برووسکە یەك بەدوای یەك دەمان حیلاند، هاوارەکانمان تابلۆکانی سەرسام کردبوو، دەیان لەراندنەوە.. نازانم بۆ من گریام! هەر گریام و زیاتر گریام و خۆشم باشتر رادەهەژاند.. هاوارم دەکرد، وام هەست دەکرد هاواری یەکەمی ژیانمە.. هاواری لە دایك بوونمە.. من ببوومە ئاگر و گڕکان و تۆفان و گەردەلوول کاتێ کە بیرم کەوتەوە باوکم بەنهێنی بەدایکمی گوت: «ئەگەر ژن بێ ناموس نەبێ، ڕێگا نادا بکەوێتە سەر پیاو.. پیاویش ئەگەر پیاو بێ ڕێگا نادا بکەوێتە ژێر ژن».

من کەوتمە ژێر ڕەشەقوولەکە، نیگارکێشە پیر و کەنەفت و بێ ددان و لەرزۆکەکەی من، بەلەنگی و سەرخۆشی و بێ هێزیەکەوە کورسییێکی هێنا کە بەزۆر دەیتوانی هەڵی گرێ.. هاتە تەنیشت قەروێڵەکە و دانیشت.. چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، دەگریا و لەو دیمەنەی دەڕوانی، قولەڕەشەکە پێدەکەنی و دەیحیلاند، من وەکو ماینێکی بریندار دەگریام و دەمحیلاند، قولەڕەشەکە دەتگوت – با –یە و بەنێو جەستەی من و هەموو هاوپۆلەکانم گوزەر دەکا.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من دەگریا و سەری خستبووە نێو ڕانەکانی، جار نا جارێ سەری بەرز دەکردەوە و لێمانی دەڕوانی، ددانەکانی کەوتبوون، قژی مەسیحیانەی تێك قژقژا بوو، هەر دەگریا و هەر دەگریا بە فسەزمانییێکەوە گوتی: «پێش ئۆرگازموزی گەورە خەبەرم بدێ».

هەتاو گوتی: «دوو جۆر مردن خۆشە، یەکەمیان لە کاتی مەستی و دووەمیان لە ناو ئۆرگازموزدا.» نیگارکێشەکەی من مەست بوو، منیش.. قولەڕەشەکە دەیویست بگاتە ئۆرگازموز، منیش..

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو، بەتەنیا فەرمانی گەورە و خۆشەویستەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد.. فەرمانی نیگارکێشك کە ددانەکانی نەمابوون..

فەرمانی نیگارکێشێك كە لەڕ و لاواز ببوو، بێ هێز ببوو، تەنیا ئێسك و پێست مابۆوە.. فەرمانی تەرمێك كە تاو نا تاوێ دەیتوانی بەزۆر هەناسەیەك بدا یاخود هەڵیكێشێتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بۆی دەمردم، خۆشم دەویست، بۆی دەسووتام..

خۆ من نەمدەزانی چی دەكەم..! بەتەنیا هەستم دەكرد كە وەكو تەرزە دادەبەزیم و وەكو هەڵمیش ڕوو لە خودا هەڵدەفڕیم.. ئایە من ماین بووم كە ئاوا دەمحیلاند؟ ئایە ئەو ئاگر بوو كە ئاوا بەنێو جەستەمدا تێپەڕ دەبوو، دەیسووتاندم؟

باوكم كەوتەوە یاد كە بەدەنگێكی بەرز هەتا منیش گوێم لێ بێ بەدایكمی دەگوت: «كچ ئەگەر بەگوێی باوكی نەكا، ئاگری بێ ناموسی دەیسووتێنێ».

نیگاركێشە بەستەزمانەكەی خۆم لە تەنیشت قەروێڵەكە دانیشتبوو، بەگریانەوە لە ئێمەی دەڕوانی، دەرزی دەرهێنا و بەدەستی لەرزۆكی دەستی كرد بەكوتینی تابلۆكە لەسەر مەمكی چەپەم، (سەرەتا مەسیحی دروست كرد كە بەناخۆشحاڵییەوە لە خاچ دەدرێ) دەستی وەكو تەرزە وەكو زستان هەڵدەلەرزی، دواتر، وێنەی (گوللەیەكی سووری كێشا كە بەدڵێكی سووردا تێپەڕ دەبێ و كون كونی دەكا.) نیگاركێشەكەی خۆم لەگەڵ تەواو كردنی ئەو تابلۆیە كەوتەوە یادی، كە هێشتا چوار ساڵان بوو ئەو تابلۆیەی دەكێشا و دەكێشایەوە، ڕۆژێ كە خەریكی كێشانی ئەو تابلۆیە بوو، غەڵبە غەڵبێ لە ژووری نووستنی باوك و دایكی گوێ لێ بوو، كاتێ لە كونی دەرگاكەوە لە ژوورەكەی ڕوانی، دیتی باوكی بەلەرزۆكی لەسەر كورسیێك دانیشتووە و دایكیشی بە ڕووتی لەسەر قەروێڵەكەدا ڕاكشاوە، پیاوێكی غەریبیش لە وێیە، بەلام نیگاركێشەكەی خۆم نەیدەزانی چی دەكەن، ئەوە نەبێ كاتێ گوێی لە دەنگی سێ گوللە بوو و تابلۆكە تەواو بوو..

من و ئەسپە ڕەشەکە باشتر خۆمان ڕادەهەژاند، دەسووتاین و دەمردین و دەژیاینەوە و هاوارم کرد: «ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە..»

نیگارکێشە دڵڕەق و خۆشەویستەکەی من، دەمانچەکەی بەر پشتی خۆی دەرهێنا و لوولەکەی خستە سەر تابلۆکەی مەسیح لەسەر مەمکی چەپەم و پلی پێوەنا.

زەردەخەنەی دەکرد و دەگریا، زەردەخەنەی دەکرد چونکە پڕووشکی خوێن تابلۆ خوێنینەکەی جوانتر کردبوو.. نەشیدەزانی بۆچی دەگریێ! ئێ من چیم کردبوو تا ئەو گوللەیە سوورە دڵی سپیم ئاوا لەت و پەت و وێران بکا..؟

ئایا ئێستا گوێتان بۆ قسەی مردووان ڕادێرا؟ من چیم کردبوو، لە ئێوە دەپرسم؟ تا گوللەیەکی ڕەش و سارد و تیژ و بێ مانا ئاوا بێ و دڵی سپی و گەرم و هێور و بەماناکەم بپێکێ و لەت و پەت و پارچە پارچە و وێرانی بکا..؟

زانا خلیل
٢٠٠٧/٩/٢٦ – ٢٠٠٥/٩/١٦
بیلەفێلد ـ ئەڵمانیا

لە بارەی ئەو ڕۆمانەوە گوتراوە:

* «ڕۆحێکی بەهرەمەندی بوێر، شاکارێکی ئێستەتیکی هەڵدەداتە نێو جیهانی داهێنان».

هاشم سەڕاج

* «شاعیرەکان کە ڕۆمان دەنووسن زمانی شیعریی خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن، ئەو هەوڵەی "زانا"ش دەچێتە ئەو خانەوە.. هەتا خەیاڵ بڕ دەکا هەر شیعرە بەلێواری زمانەوە».

دڵشاد عەبدوڵڵا

* «تەوەری سەرەکی ئەو ڕۆمانە لە نێوانی سیستەمی باوکسالاری و پڕۆسیسەکردنی ئازادییەکاندا خۆی دەنوێنێ، وەك چۆن ڕەهەندەکانی دیکەی بەدەوری پرنسیپی عەقڵ و گەمەکانی چێژدا دەخولێتەوە».

عەبدولمتەلیب عەبدوڵڵا